# گوڵان

سالی بیست و هەشتەم (١٢٩٩)- (٣)ی كانوونی دووەم ٢٠٢٢



**مووسا ئەحمەد**
**بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی:**

## هاوكاریی پێویستمان به ٢٩٠٥ خێزانی زیانلێكەوتووی لافاوەكەی هەولێر گەیاندووە



**مەلا عەبدوڵا شێركاوەیی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەكێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی كوردستان:**

## بڕیاری مسرور بارزانی بۆ كردنەوەی زانكۆیەكی ئیسلامی لە كوردستان هەنگاوێكی گرنگە

# دابەشبوونی نەرم

## سەرەتای پرۆسەیەكی نوێی سیاسی لە عێراقدا






www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

کتێبی( تووتنی بۆندار یاخود ڕۆژهەڵاتی) دکتۆر دلێر نەجمەدین بەرزنجی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە دووتوێی (٤٥٨) لاپەڕەدا کەوتە بەردەستی خوێنەران و ئابووریناس و پسپۆرانی بواری دارایی و زانستی، ئەم کتێبە لەلایەن پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی بە ناوی فریدریك .ئەی. وۆلف نووسراوە، نووسەر سەبارەت بە ناوەڕۆك و گرنگیی کتێبەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ زۆربەی بوارەکانی ئابووری و زانستی و دارایی گرنگەو بە بنەمایەك بۆ پەیداکردنی پارەی نەختینە(Cash Money) هەژمار دەکرێت، هەموو وردەکارییەکانی تێدایە لە بارەی تووتنی بۆندار، هەر لە تۆکردنەوە تاوەکو کێشانی وەك جگەرە.. تاد.

نووسەر سەبارەت بە کتێبەکە دەڵێت: لەوەتەی بە زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا لە ساڵی (١٩٦٢)دەرچووە تا ئەمڕۆ، بە گوێرەی سایتی گوگڵ زیاتر لە (١٧) ملیۆن جار لە جیهان داواکراوە، واتا داونلۆد کراوە. ئەم کتێبە کە لەلایەن دکتۆرەوە کراوە بە کوردی، یەکەم جارە ،لە ماوەی سێ سەد ساڵەی چاندنی تووتن لە کوردستان، وەك سەرچاوەیەکی زانستی هاتووەتە کوردستان.


ناوەڕۆکی کتێبە چەندین بەش لەخۆدەگرێت، لەوانە پوختەیەك بۆ پێناسەو شیکردنەوەی جۆرو ڕەگەزو شێوەی ئەم بەروبوومە، دواتر بەرهەمهێنانی تووتنی بۆندار لە هەموو جیهاندا، نووسەر و وەرگێڕ ئاماژەی بە چەند وڵاتێك کردووە کە ئەم جۆرەیان لێ دەچێندرێت، هەروەها لە بەشەکانی دیکەدا باس لە پێکهاتەو تایبەتمەندی و فەسلەجەو جۆرو سیفەتە فیزیاوییەکان و پۆلێن کردن و چۆنێتی چاندن و پەروەردەکردنی ئەم جۆرە تووتنە دەکات، هاوکات دێتە سەر زەردکردن و وشککردنەوەو هەڵگرتن و چاککردن و قۆناغەکانی دیکەی دوای ئەوە.

دەستخۆشی لە دکتۆر دلێر نەجمەدین بەرزنجی دەکەین بۆ ئەو بەرهەمە بە سوودەی کە دەبێتە سەرچاوە بۆ هەموو ئەوانەی گرنگیی بەم بەروبوومە ئابوورییە دەدەن و سوود لەم کتێبە وەردەگرن.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر و خزمەتکردنی سێکتەری ئابووریی کوردستان.



لەم ماوەیەدا چاپی یەکەمی دوو کتێبی نووسەر و وەرگێڕ (حامید گەوهەری) بە بەرگ و ناوەڕۆکی ناوازەو نایابەوە کەوتنە بەردەستی خوێنەرانەوە. کتێبی یەکەم بە ناوی (کورد لە جەنگی دووەمی جیهاندا) لە دووتوێی (٤٦٣) لاپەڕەدا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، لەم کتێبەدا سەرنج بەم ڕووداوانە دراوە، چۆنێتیی سەرهەڵدانی شەڕ لە ئەورووپا، داگیرکردنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوپەیمانانی جەنگ، دەرکردنی ڕەزا شا لە ئێران و بە دەسەڵات گەیشتنی محەمەد ڕەزای پەهلەوی، درێژەپێدان بە سیاسەتی ڕەزا پەهلەوی لەلایەن محەمەد ڕەزای کوڕی، شەڕی کورد لە باشووری کوردستان و بارزانییەکان و چۆنێتیی بەشداریکردنیان لە کۆمارو ڕووداوەکانی دوای کۆمار، بۆچی کۆماری کوردستان هەرەسی هێنا، شەڕو ئاژاوەی دەرەبەگە جاشەکانی سەر بە ڕژێمی شا لە کوردستان، دوو ڕاپۆرتی (جۆزف گودوین) هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئاسوشێدتپرێس لە ناوچەی خۆی و ماکۆ، گەیاندنی یەکەم سکاڵاو یەکەم داخوازیی کورد بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی جیهان بە دوای پەیمانی سیڤەردا و ناساندنی کورد و ماف و خواستەکانی.


نووسەر دەڵێت ئەم کتێبەی بەردەستتان کە ناوی (کورد لە جەنگی دووەمی جیهاندا)ی بۆ هەڵبژاردووە، جگە لە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باس لە کوردی باشووری کوردستان و نەتەوەی ئازەری لە ئازەربایجانی باشوورو ئێرانیش دەکات، ئەو زیاتر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە زنجیرەیەکە لەو ڕووداوانەی کە لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهاندا، بۆ کورد، لەو هەرێمانە سەریان هەڵداوە، زۆربەی



بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە نوێن و بۆ یەکەم جارە لە کتێب و میدیای کوردیدا بڵاودەکرێنەوە. ئەم کتێبە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ خوێندکارانی بەشی مێژووی زانکۆکان و لێکۆڵەرەوانی بواری مێژووی کورد لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهان و خوێنەرانی بابەتە مێژووییەکان، نووسەر جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بەڵگەنامە نووسراوەکان لەم کتێبەدا بەبێ دەستکاری، وەك خۆیان بە ڕێنووسی ئەو سەردەمەی کوردستان نووسراونەتەوە.

کتێب دووەمی حامید گەوهەری بە ناوی( ڕاپەڕینی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە دووتوێی (٣٢٠) لاپەڕەدا چاپکرا، نووسەر لەم کتێبەدا ئاماژە بە چەندین ناونیشانی گرنگی بابەتەکان کردووە، ڕووداوەکانی بە زنجیرە بۆ خوێنەران دیارکردووە، لەوانە حیزبی دیموکرات بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و پەیوەندیی ئەم حیزبە لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران، دواتر دابڕانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حزبە، باس لە پەلاماردانی ساواك دەکات بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دیموکرات، ئینجا دێتە سەر بووژاندنەوەی حیزبەکە لە باشووری کوردستان، قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوی و بەردەوامبوونی و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول، ئەمە جگە لە چەندین بابەتی دیکە کە پەیوەستن بە ڕاپەڕینەکەی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەر وەرگێڕی بەتوانا(حامید گەوهەری) دەکەین بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو دوو کتێبە بەنرخ و نایابە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر و بەردەوامبوون بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و ئاشناکردنی خوێنەران بە ڕووداوەکانی مێژوو.






دکتۆر عەلی ڕەشید :



**هەڵمەتی پاککردنەوە لە هەموو ئەو بەستانەی ڕوو لە هەولێر دەکەن دەستی پێ کردووە**

ماجید شنگالی :



**دەبێت کورد لە حکومڕانیی عێراقدا شەریکی ڕاستەقینە بێت**

دڵشاد میران :



**کورد لە بەرامبەر بژاردەی (خراپ و خراپتر)دا، دەبێت لە هەموو کات زیاتر یەکهەڵوێست بێت**

یانیس ستیڤاچتیس :



**ئەمریکا دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێت و دەستێوەردانێکی چڕیشی تێدا ناکات**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان :

## پێویستە هۆشدارییەکەی وەزیری دارایی عێراق رامانچڵەکێنێت



## هەڵکشانی رێژەی خۆکوژی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە



هاوژین سەردار:

## وەرزش بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ



## بۆچی هەنار بە میوەی سووپەر ناوزەد دەکرێت؟



## گەلاکسی فلیپ لەریزی باشترینەکانی گۆڤاری تایم



یەڵدا عەباسی :

## هەوڵ دەدەم لە رێگای هونەرەکەمەوە مۆسیقای دەڤەرەکەم بپارێزم



## لە فێستیڤاڵەکانی «ئێکسگرۆند»ی ئەڵمانیا و «ئەسپی زێرین»ی تایپێە ئەزموون لە کێبرکێدایە



## سەرەتای دەرکەوتنی

# دابەشبوونی نەرم

## لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا

وا بڕیارە سەرەتای هەفتەی دادێ خولی تازەی پەرلەمانی عێراق یەکەمین دانیشتنی خۆی لەبەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ڕابردوو ئەنجام بدات و، وەك نەریتی سیستمی پەرلەمانیش لەو دانیشتنەدا بەتەمەنترین کەس بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی کۆبوونەوە بکات و، پاشان پەرلەمانتاران بە شێوەیەکی ئازادانە ئەو کاندیدانە هەڵبژێرن کە خۆیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان کاندید دەکەن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی عێراق و ئەو کێشمە کێشەی لە نێوان هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد و شیعە و سوننە) لەسەر یەکلاکردنەوەی سێ پۆستە سەرەکییەکان هەیانە، ئەوا پێناچێت لە یەکەم دانیشتنی خولی تازەی پەرلەماندا هیچ کام لەو سەرۆکایەتییانە (سەرۆك کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) باسیان لێوە بکرێت، وەك یاساناس و سیاستمەدارانیش ئاماژەی پێ دەکەن، لە دانیشتنی یەکەمدا تەنیا دوو کار ئەنجام دەرێن، ئەویش هەڵبژاردنی بەتەمەنترین کەس بۆ سەرۆکی پەرلەمان و پاشانیش سوێندخواردنی پەرلەمانتاران و دوای ئەوەش، دانیشتنەکە بە کراوەیی دەهێڵدرێتەوە و، ئەوجا نازانرێت ئەو دانیشتنە بۆ چەند هەفتە، یان چەند مانگی ئایندە درێژەی دەبێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرسێ پۆستە سەرووەرییەکەی عێراق (کۆمار و پەرلەمان و وەزیران) دەبنە یەك چەپك و دەبێت هەر سێ پێکهاتەکە (کورد و سوننە و شیعە) پێکەوە لەسەریان ڕازی ببن، ئەوجا ئەم گرێیە دەکرێتەوە.

ئەوەی تا ئیستا لە پرۆسەی سیاسیی دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە تا ڕاددەیەکی زۆر باش لە ناوماڵی کوردستان و ناوماڵی عەرەبی شیعەدا تێگەیشتنێکی باش هەیە و، بێجگە لەوەی «پارتی و یەکێتی» ڕایانگەیاندووە وەك یەك شاند و بە یەك دۆسیە بەشداریی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دەکەن، لە هەمان کاتدا هەردوو لایەنی سەرەکیی عەرەبی سوننەش «عەزم و تەقەدوم» ئەوانیش جیا لەوەی چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام داوە، لە هەمان کاتدا باس لەوەش دەکرێت ئەوانیش وەك یەك شاند نوێنەرایەتیی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەکەن، لەمەش زیاتر لەسەر ئەو پۆستە سەرووەرییانەی کە بەر هەر یەك لە «کورد و عەرەبی سوننە» دەکەون، ئەوا لایەنی کوردستانی «پارتی و یەکێتی» کێشەیەکی ئەوتۆیان لە سەر یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار نییە و، بە هەمان شێوە عەرەبی سوننە «عەزم و تەقەدوم» کێشەیەکی ئەوتۆیان لە سەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان نییە.

ئەوەی کە ئێستە بووەتە تەوەری سەرەکیی کێشەکان لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، لایەنە سیاسییەکانی شیعەن، کە لە دوو بەرەدا «سەدر و تەیار» ململانێی

یەکتر دەکەن، لەسەر پێکهێنانی فراکسیۆنی گەورە و یەکلاکردنەوەی کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەر بۆیە تا هەردوو بەرەی «سەدر و تەیار» لە ناو خۆیاندا ڕێك نەکەون و کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاندید نەکەن، ئەوا هەر دوو پۆستەکەی دیکەش «کۆمار و پەرلەمان» ناتوانرێت لە ناو پەرلەماندا دەنگدانی لەسەر بدرێت و هەڵبژێردرێن.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر سەرنجێکی ورد لە نەخشەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بدەین، ئەوا جۆرێك لە دابەشبوونی ئەمری واقیع، بەڵام «نەرم» لە ناو پرۆسەکەدا هەستی پێ دەکرێت و، کورد و عەرەبی سوننە ڕاشکاوانە ئەوەیان یەکلایی کردووەتەوە کە هیچ تەماحێکیان لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا نییە، ئەمە لە کاتێکدا بە کردەیی سەرۆك وەزیران حوکمرانیی وڵات دەکات و فەرماندەی گشتیی هەموو هێزە چەکدارەکانی عێراقە، لە بەرامبەر ئەم دەستبەدرابوونەدا لایەنی کوردستانی جەخت لەسەر پاراستنی هەرێمی کوردستان و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی دەستوور دەکات، هەموو ئەمانەش لە یەك چوارچێوەدا مانای ئەوەیە ئەگەر عێراق ئەو دەوڵەتە بێت بە ڕاستی فیدراڵی بێت و هەرێمەکان لە سەر ئاستی ناوخۆی هەرێمەکە دەسەڵاتەکانیان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی زیاتر بێت، هەروەها عەرەبی سوننەش لە بەرامبەر دەستبەرداربوونیان لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جەخت لەوە دەکەنەوە کە حکومەتی لۆکاڵیی پارێزگا سوننییەکان خاوەنی دەسەڵات و بودجە و بڕیار بێت و، شارەکان ئاوەدان بکەنەوە، دوای ئەمە هەر کەسێکی شیعە لە بەغدا لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا بێت، هیچ کیشەیەك دروست ناکات.

لە ناو ئەم نەخشە سیاسییەی عێراقدا، ئێستا مۆزائیکی هەر سێ پێکهاتەی (کورد و سوننە و شیعە) بەرەو سێ جەمسەری جیاواز لە یەکتری دوور دەکەنەوە و، هەر لایەك بە شێوەیەك بە پشکی ئەوی دیکە ڕازییە و دەستتێوەردانی تێدا ناکات و، دەیانەوێت پرۆسەی سیاسیی عێراق لەو دەقەی دەرنەچێت کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام ئەوەی لە ناو هەموو ئەمانەدا دەبێتە جێگەی هەڵوەستە و سەرنجێکی گەورە، ئەوەیە کە گوتاری سیاسیی شیعە «سەدر و تەیار»یش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوان لە حوکمڕانیی عێراقدا شکستیان هێناوە و پێویستیان بەوە هەیە تەنیا لەسەر ئاستی مەزهەبی شیعە خۆیان ڕاست بکەنەوە، بۆیە کەم تا زۆر لە پرسی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، باس لە کۆمەڵگەی کورد و عەرەبی سوننە ناکەن و، بە شێوەیەکی زەمنی خۆیان لە پرسەکە هێناوەتە دەرەوە و، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ «دابەشکردنێکی نەرم» لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا وەك ئەمری واقیع و بە شێوەیەکی خۆڕسك دێتە ئاراوە.

دڵشاد میران

چاودێری سیاسی بۆ گوڵان:

# کورد لە بەرامبەر بژاردەی (خراپ و خراپتر)دا، دەبێت لە هەموو کات زیاتر یەکهەڵوێست بێت

**پاراستنی ماف و دەستکەوتە کوردستانییەکان و بەهێزکردنی پێگەی کورد لە وڵاتێکی ناسەقامگیر و پڕ لە کێشمەکێشی مەزهەبی کارێکی وا ئاسان نییە، بۆیە کورد لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی هەیە. سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیارێکمان لە دڵشاد میران چاودێری سیاسی کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** تا چەند لە ناو گەمە سیاسییەکەی نێوماڵی شیعە و گێژاوی پاشاگەردانیی سیاسی لە عێراقدا یەکلاکردنەوەی کەسایەتییەك بۆ سەرۆك وەزیران نزیکە؟**

- قسەکردن لەسەر یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق لە بارودۆخێکی سیاسیی وەکو عێراقدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە وێڕای ئەوەی ئەم بابەتە بە یەکێك لە تەحەدداکانی بەردەم پرۆسەی سیاسی دادەنرێت، بەتایبەتی لە ناو گێژاوی ناتەبایی نێوماڵی شیعە و لە نێوان سەدر و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەدا، ڕەوتی سیاسەت لە بەغدا ناڕوونی و نادیارییەکی زۆری پێوە دیارە، گۆڕانکاریی زۆر لەناو دەنگی حزب و لایەنە سیاسییەکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا ڕووی داوە، بۆ نموونە جاران



هاوپەیمانێتی «تەقەدوم» لە ناو سوننەکاندا ژمارەیەکی زۆری کورسی هەبوو، ئێستا هاوسەنگییەکە بەلای «عەزم»دا شکاوەتەوە، لەناو شیعەکانیشدا ٣٠ بۆ ٤٠ پەرلەمانتاری بێلایەن بوونیان هەیە و باس لەوە دەکرێت نووری مالیکی لە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکاندا دەنگێکی زۆری کۆکردووەتەوە، سەدریش لە شەقامدا جگە لە زۆریی کورسییەکانی دەنگ و جەماوەر و پێگەیەکی خۆی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەکرێت شرۆڤەی بارودۆخە سیاسییەکە بکەین، وەکو ئاشکرایە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەندێك مەسەلەی نەگۆڕ هەیە، ئەوەش وەکو عورفێکی سیاسی لێ هاتووە و گۆڕانکاریی تێیدا ئاستەمە، لەوانە: دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق بە تەوافوقی نێوان هەر سێ پێکهاتەکە و یەکلاکردنەوەی هەرسێ پۆستەکە لە نێوان شیعە و کورد و سوننەدا. بۆ نموونە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران، ڕاستە تا ڕادەیەك پرس و ڕا بە هەردوو پێکهاتەکەی دیکەی سوننە و کورد دەکرێت، بەڵام دواجار ئەو کەسایەتییەی دادەنرێت، کەسایەتییەکی ئیسلامی سیاسیی شیعە دەبێت. هەروەها زۆربەری جار ئاراستەی سیاسەت لە عێراقدا پەیوەندی بە دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکاشەوە هەیە، چونکە هێز و گرووپ و حزبێکی زۆر هەیە لە نێوخۆی عێراقدا سەر بە ئێرانن و بەپێی خواست و ویستی ئەوان جووڵە دەکەن. ئەم پەسەندکردنەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تەنیا سەرەتای ڕێگای دانوستانەکانە بۆ دامەزراندنی حکومەتی نوێی

**ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات، پەیوەندی بە هێزی جەماوەری، یان ژمارەی کورسیی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پێگەی هێزی چەکدارەوە هەیە**

عێراق و یەکلاکردنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە. ڕاستە هەموو ئەگەرەکان لە بارودۆخێکی پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزی عێراقدان، بەڵام من پێم وا نییە لە سەر فاکتەرە نەگۆڕەکان هیچ شتێکی وا گرنگ و گەورە ڕوو بدات. هەر خۆی لە خۆیدا مەسەلەی دامەزراندنی حکومەتێکی زۆرینە بە ناوی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی واتا حکومەتێکی شکستخواردووە، دواجار هەر دەبێت هێزە سەرەکییەکانی شیعە و کورد و سوننە حکومەتێکی تەوافوقی دابمەزرێنن و هەمووان ڕێکبکەون، چونکە ڕەوتی سەدریش بە تەنیا ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، بە پشتگوێخستنی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، کە بە هەمان شێوەی سەدر خاوەنی هێزێکی میلیشیاتی حەشدن و ئیرادەی خۆیان بە سەر حکومەت و دامەزراوەکانیدا فەرز کردووە، یان لە دەرکردنی بەیان و لێدوانەکاندا ڕەچاوی خواست و ویستی پێکهاتەی کورد و سوننە ناکەن. کەواتە ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات، پەیوەندی بە هێزی جەماوەری، یان ژمارەی کورسیی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پێگەی هێزی چەکدارەوە هەیە، کە هێزێکن لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت لەسەر خاك بوونیان هەیە و، چەك و توانایەکی سەربازیی باشیان لەبەردەستدایە، پشتگوێخستنیان، یان بوونیان لە دەرەوەی دەسەڵات مەترسی دەبێت لە سەر مانەوەیان، بۆیە شەڕێکی مان و نەمان دەکەن بۆ شکستهێنانی حکومەت و بەوەش ئەگەرەکانی پێکدادان و دروستکردنی نائارامی زیاتر دەبێت، خۆ ئەگەر لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە حکومەتێك پێك بهێنن و سەدر لە دەرەوەی ئەو حکومەتە بێت، کە جەماوەرێکی زۆری هەیە، ئەوا هەموو پێشبینییەکان بەرەو ئەوە دەچێت، حکومەتی نوێ ئەگەر لەدایکیش بێت، لەماوەی ساڵێکدا کۆتایی دێت.

لەم تەنگژە و ناڕوونییەدا هەمووان دەزانن مەرجەعی شیعە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا سێ لایەنی سەرەکیی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەن، بەتایبەتی کە دانوستانەکان و گفتوگۆکانی ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکان لەگەڵ ئێران بەرەو ئەوە دەچێت کە لە بەرژەوەندیی نە ئێران و نە ئەمریکادایە بارودۆخەکە بەرەو توندوتیژی بچێت، هەرچی مەرجەعی شیعەکانیشە بەردەوام جەخت لەسەر خێرا دامەزراندنی حکومەتێك دەکاتەوە کە گرفت و کێشەکانی خەڵکی تێدا چارەسەر بێت.

*** لەناو ئەم گێژاوەی ململانێی نێوماڵی شیعە و یەکلاکردنەوەی کەسایەتییەك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، تاچەند ئەوەیان لەبیر کردووە کە عێراق لە بەردەم مەترسی و تەحەددای سیاسی و ئەمنی و ئابووریدایە، کە هەموویان ڕێگرن لە بەردەم ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ؟ ئەمە تاچەند کاریگەریی لەسەر شکستی ئەو دەوڵەتە هەیە کە هەمووان چاوەڕوانی ڕاگەیاندنین؟**

- ململانێ و ناکۆکیی سیاسی و حزبی و مەزهەبی لە نێو عێراقیەکاندا بووەتە نەریتێکی باو و بەردەوام، هەر ئەمەشە وایکردووە عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ و خۆپیشاندانەکانی لێکەوتەوە و بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت و دامەزرانی حکومەتێکی کاربەڕێکەر و دواتر هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردنێکی پێشوەختە، هەرچۆنێك بێت، لە ئێستادا ئەم واقیعە نەگۆڕاوە و ئەوەتا عێراقییەکان بەتایبەتی حزبە شیعەکان ئەوەندەی سەرقاڵی دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق و دروستکردنی کوتلەیەکی بەهێزن، ئەوەندە خۆیان سەرقاڵی ئەو تەحەددایانە نەکردووە کە ڕووبەڕووی حکومەتی نوێ دەبێتەوە، بەتایبەتی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنای گۆڕاوی ئۆمیکرۆن و خراپیی بارودۆخی خزمەتگوزاری و گرانی و ئەگەری دابەزینی بەهای نەوت و دواکەوتن لە بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش، یان باڵادەستیی گرووپە چەکدارەکان کە مەترسییەکانیان هیچی لەداعش کەمتر نییە، ئەمە لە کاتێکدا هاووڵاتیانی عێراق بەتایبەتی گەنجانی ناڕازی چاوەڕوانی حکومەتێکی نیشتمانین کە بە لانی کەمەوە داخوازییەکانی ئەوان لە دەستەبەرکردنی کار و باشکردنی بارودۆخی ژیان و کەمکردنەوەی نرخی هەڵاوسان و کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکان چارەسەر بکات، خۆ ئەگەر باسی دۆخی

مەرجەعی شیعە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا سێ لایەنی سەرەکیی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەن

ململانێ و ناکۆکیی سیاسی و حزبی و مەزهەبی لە نێو عێراقیەکاندا بووەتە نەریتێکی باو و بەردەوام، هەر ئەمەشە وایکردووە عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ

عێراقییەکان بەتایبەتی حزبە شیعەکان ئەوەندەی سەرقاڵی دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق و دروستکردنی کوتلەیەکی بەهێزن، ئەوەندە خۆیان سەرقاڵی ئەو تەحەددایانە نەکردووە کە ڕووبەڕووی حکومەتی نوێ دەبێتەوە

تەندروستی و پەروەردە بکەین، ئەوە سەیر نییە کە بەراورد بە سی ساڵی ڕابردوو ئەم دوو سێکتەرە زۆر بۆ دواوە گەڕاوەتەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە زانستییانەی لەسەر ئاو و وشکەساڵی کراون، عێراقییەکان لە بەردەم مەترسیی گەورەدان، ئەوەتا حکومەتی ئێران کە خۆی بە دۆستی لایەنە شیعەکان دەزانێت، کەچی کاری لەسەر سەرچاوەی کارێز و ڕووبارە گچکەکانیش کردووە و ڕێڕەوەکانی گۆڕیون یان بەنداوی گەورەی لەسەر دروست کردوون، هیچ حیسابێکی بۆ دراوسێتی و یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکانیش نەکردووە، تورکیاش بە هەمان شێوە گەورەترین بەنداوەکانی لەسەر ڕووباری دیجلە دروست کردووە، حکومەتی نوێی عێراق پرسی وشکەساڵی و ئاو و خراپیی بارودۆخی تەندروستی و پەروەردە و دەستەبەرکردنی هەلی کار و باشکردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان لە گەورەترین تەحەدداکانی بەردەم حوکمڕانی ئەم چوار ساڵەی داهاتووی دەبێت.

*** دواجار لەناو ئەم کێشمەکێش و ململانێ توندەی نێوماڵی شیعەکان ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە بەدەستهێنانی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانێتی، لەناو هەموو ئەم گرژی و ناتەباییەی شیعەکاندا کورد لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هێزێکی سەرەکیی عێراق و کوردستانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش وەکو هێزی دووەم، ئەم دوو هێزە سەرەکییە دەبێت پێکەوە ڕۆڵی گرنگیان هەبێت لە دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق، پۆستی سەرۆك وەزیران کە پۆستێکی گرنگە نابێت ئەم دوو لایەنە ئەم پرسە گرنگە بە تەواوەتی بەجێی بهێڵن بۆ لایەنە شیعەکان، واتا گەورەترین و بەهێزترین پۆستی جێبەجێکاری عێراق بەجێدەهێڵن بێ ئەوەی ئەمان ڕۆڵیان تێدا هەبێت و دواتر کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان نابێت. پارتی و یەکێتی لە بەغدا کەی تەبا و یەکدەنگ بوون، کورد پێگەیەکی بەهێزو کاریگەریی دەبێت، ئەوەتا سوننەکان لە ئێستادا یەکڕیزیی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەتایبەتی لە نێوان هاوپەیمانێتی عەزم و تەقەدوم، بۆیە دەبێت ئێمەش بەو شێوازە بچینە بەغدا، چونکە دواجار ئەوە کوردە بە هەموو هێز و حزبە سیاسییەکانیەوە دەکەونە بەردەم گفتوگۆکانی حکومەتێك کە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای لەلایە، من هەرگیز باوەڕ ناکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو بەشە کەمەی ٢٠٠ ملیار دینارەی مانگانە بەغدا دەینێرێت، بتوانێت ئەو هەموو خەرجی و پێداویستییانەی خۆی دابین بکات، هەرچەندە تا حکومەتی نوێی عێراق دادەمەزرێت و بودجەی نوێی ٢٠٢٢ پەسەند دەکرێت، ئەو بەشە کەمەی بودجەی هەرێم لە بەغداوە هەر دێت، بەڵام دواجار ئەگەر کورد یەکگرتوو نەبێت و، هەمووان بە یەك دەنگ لە بەغدا داکۆکی لە مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان نەکەن، توانایەکی ئەوەندە بەهێزمان نابێت، ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە و هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکەین.

بەشێوەیەکی گشتی تا ئەم ساتە کورد دوو بژاردەی لە بەردەمدایە: یەکەمیان ڕێککەوتنە لەگەل ڕەوتی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەت، یان بژاردەی دووەم لەگەڵ بەرەکەی دیکە ڕێکبکەوێت کە بریتییە لە کوتلەی مالیکی وفەتح و هاوپەیمانەکانیان. یەکەمیان کورد ناتوانێ متمانەی پێ بکات، بە هۆی ئەوەی سەرکردەکەی کە موقتەدا سەدرە لە هەر ساتێکدا ئەگەری ئەوەی هەیە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، واتە بۆچوونەکانی ڕوون و چەسپاو نین، یەك شت تا ئێستا ڕوونە، دەیەوێ خۆی بکات بە مەرجەعی سیاسیی عەقائیدی شیعە و لە پشت پەردەوە حکومەت بەڕێوە ببات، بە پێی هەوەس و عەقیدەی خۆی. دووەمیان هەموومان دەیانناسین، ئەوەی خراپە و لە دەستیان هاتبێ دژ بە کورد کردوویانە، هەر لە بودجە بڕین و هێز بەکارهێنان و پشتگوێخستنی دەستوور و .. هەتا دوایی، هەردووکیشیان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو هۆکاری سەرەکی بوون لە گەیاندنی عێراق بەم بارودۆخە خراپ و نالەبارەی ئێستای، بەمەش دوو بژاردە بەرامبەر کورد هەیە (خراپ و خراپتر). هەرچۆنێك بێت وەکو ئاماژەم پێ دا، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی کورد لە بەغدا ڕەنگ بێ لەم قۆناغەدا لە هەموو کاتێکدا زێتر پێویست بێت.

**پارتی و یەکێتی لە بەغدا کەی تەبا و یەکدەنگ بوون، کورد پێگەیەکی بەهێزو کاریگەریی دەبێت**

**سوننەکان لە ئێستادا یەکڕیزیی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەتایبەتی لە نێوان هاوپەیمانێتی عەزم و تەقەدوم، بۆیە دەبێت ئێمەش بەو شێوازە بچینە بەغدا**

**هەرگیز باوەڕ ناکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو بەشە کەمەی ٢٠٠ ملیار دینارەی مانگانە بەغدا دەینێرێت، بتوانێت ئەو هەموو خەرجی و پێداویستییانەی خۆی دابین بکات**

# خوێندنەوەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ماددەی (١٤٠) لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر هەستیارە، لە ڕووی ئەکادیمییەوە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، سەرەتا لەوە دەست پێ دەکەین، ئایا ئەم ماددەیە ململانێیەکی سیاسی، یان چارەسەرێکی یاسایی دۆزیوەتەوە بۆ ئەم کێشەیە؟ ئایا ئەمە کێشەی سنوورە یان وجوودی نەتەوەییە؟ لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییەکانی مێژوو و جوگرافیا و ئەنتۆگرافیا ئایا کێشەیەکی ناوخۆییە، یان هەرێمییە، یان قابیلە بکرێتە نێودەوڵەتی؟ دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە گرنگیشی دەزانم لە دواییدا لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە بۆ ئەم ماددەیە ئاماژە بە دوو بۆچوونی گرنگ بدەم، بۆچوونێکی ناڕاستەوخۆ کە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە لاهای لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ئەم مەسەلەیە چووە، ئەویش دیواری جیاکەرەوەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکانە کە ئیسرائیل دروستی کرد، فەتوای ئەم مەسەلەیە لەمەڕ ئەم بابەتە چی بوو؟ هەروەها بە گرنگی دەزانم ئاماژە بە بۆچوونی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بکەم بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە.

ڕوون و ئاشکرایە کە باکگراوندی ماددەی (١٤٠) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی فیدراڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ماددەی(٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراقی کە بۆ ماوەی ساڵێك لە عێراق دەرچوو، ئەم ماددەیە کێشەکەی بە هەندێ مەسەلە پەیوەست کرد کە بەندە بە موڵکداریتی و سیاسەتگەلی شۆڤێنی کە کاتی خۆی دەرحەق بەم ناوچانە کرا، کە پەیوەست بوون بە چاکسازیی نەتەوەیی و گەڕانەوەی ڕاگوێزراوان بۆ شوێنی خۆیان، گەڕانەوەی عێراق بۆ سنوورەکانی پێش ساڵی ١٩٦٨، لەسەر ئەم بنەمایە پرسیارێك دێتە کایەوە: ئایا ماددەی ١٤٠ و پێش ئەویش ماددەی ٥٨ دیدێکی دەستووری، یان نێودەوڵەتییان هەبوو بۆ ئەم مەسەلەیە؟ یان دیدێکی ناوخۆییان بەپێی دیدێکی شارستانی و یاسایی هەبوو؟ دواتر بە شیکردنەوەی ئەم بابەتانە ئەمەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ماددەی ١٤٠ چەند قۆناغێکی بۆ ئەم بابەتە دەستنیشان کردبوو، یەکەمیان ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، واتا ئەوانەی کۆچیان کردووە و ڕاگوێزراون، بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، عێراقیش بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکانی پێش ساڵی ١٩٦٨ لە سنووری پارێزگاکان، دواتر سەرژمێری بۆ هاووڵاتیان بکرێت، دوای ئەوەش ڕاپرسییەك ئەنجام بدرێت، ماوەیەکیان بۆ دانا کە لە ٣١-١٢-٢٠٠٧ کۆتایی دێت، کە دەبێت حکومەت سەرژمێرییەك بکات، سەبارەت بەو ڕایەی کە پێی وابوو ماوەی ئەم ماددەیە بەسەرچووە، لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، بەگوێرەی بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراقی هێشتا ماوە و بەسەرنەچووە، دانانی کاتێکیش بۆ ماددەکان مانای ئەوە نییە کە بەسەردەچن، بەڵکو بەردەوام دەبن تا ئەو

**دانانی کاتێک بۆ ماددەکان مانای ئەوە نییە کە بەسەردەچن، بەڵکو بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی هەمواركردنی دەستوورییان بۆ دەکرێت**



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

کاتەی هەمواركردنی دەستوورییان بۆ دەكرێت، ڕایەك هەیە دەڵێت: ماددەی (١٤٠) ئیجراییە، واتا پەنای بردووە بۆ هەندێ ڕێكار بۆ چارەسەركردنی كێشەكە، ئەمەش لە ڕاپۆرتەكانی بیكەرهاملتۆن خوێندرایەوە كە ئیجراییە و بابەتی نییە، هەر چۆن بێت ماددەی (١٤٠) وەك چارەسەرێكە بۆ كێشەیەكی ئاڵۆز لە مێژووی سیاسی و یاسایی عێراقدا، تەنانەت عێراق بە هۆی ئەم كێشەوە نەیتوانی سەقامگیر بێت، ئەم ناوچانەی كە ماددەكە چارەسەریان دەكات، لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە پێگەیەكی ستراتیژییان هەیە، مەبەست پێگەی ئەمنی و سەربازی و ئابوورییە، هەروەها ئەم ناوچانە باكوور و ناوەڕاست و باشووری عێراق پێكەوە دەبەستنەوە، جگە لەوەی كە نەوتیش فاكتەرێكی گرنگە لەم مەسەلەیەدا، نەك هەر كەركووك، بگرە مووسڵیش بە هەمان شێوە، ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی سیاسەتگەلێكی هەڵە و شۆڤێنی بوونەتەوە كە بوونە هۆی ئەوەی بارودۆخەكەیان ناسەقامگیر بێت، تەنانەت ئەم ناسەقامگیرییە عێراقیشی گرتەوە.

نەخشەی ئەم ناوچانە كە دەستوور بە ناوچە جێناكۆكەكان ناوی دەبات، لە ئەدەبیاتی سیاسیی كورددا بە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم دەناسرێن، ئەم ناوچانە كە سنوورێكی فراوانیان هەیە، قەزای بەدرە لە پارێزگای كووت و خانەقین و پارێزگای دیالە و نەینەوا و تا شنگال دەگرێتەوە.

پێش ئەوەی بچینە نێو قووڵایی بابەتەكە، بە گرنگی دەزانم ئاماژە بە فەتوای دادگای نێودەوڵەتیی لاهای بكەم، تایبەت بەم مەسەلەیە، بە بۆچوونی ئەم دادگایە كە دەڵێت شتێك نییە پێی بگوترێت ناوچە جێناكۆكەكان، بەڵكو ڕاستییەكانی مێژوو و جوگرافیا و دیمۆگرافییا ئەم واقیعە دەسەلمێنن، ئەمەش لەو بۆنەیەدا هات كاتێك ئیسرائیل پەنای بۆ دروستكردنی دیواری جیاكەرەوە برد لەگەڵ فەلەستینییەكان و دادگاكەش ڕەتی كردەوە، هەروەها گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەكان بۆچوونێكی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە كە ناوچەكانی ماددەی (١٤٠) كێشەی ئەمن و نەوت و دیمۆگرافیایان هەیە، واتا كورد و عەرەب و توركمان و كریستییان و پێكهاتەی دیكەشیان تێدایە، هەروەها نەوتیش ڕێژەكەی دیار و ئاشكرایە و ئەم دوو فاكتەرە كاریگەرییان لەسەر ئەمنیش هەیە، هەرچەندە لە ماددەی (٥٨) ئاماژەی پێ كرابوو، بەڵام لە ماددەی (١٤٠) پاشگەز بوونەوە، بۆیە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەكان وای بۆ دەچێت كە میكانیزمی ئەمنیی هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەم ناوچانە بە سیستەمی خاڵەكانی پشكنین و دەوریاتی هاوبەش. بە بۆچوونی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەكان دەبێت چارەسەرێكی تەوافوقیی هەمیشەیی هەبێت لە مەسەلەی كەركووك، وەك وەڵامدانەوەیەك

**ماددەی (١٤٠) وەک چارەسەرێکە بۆ کێشەیەکی ئاڵۆز لە مێژووی سیاسی و یاسایی عێراقدا، تەنانەت عێراق بە هۆی ئەم کێشەوە نەیتوانی سەقامگیر بێت**

بۆ کێشەکانی دیمۆگرافی و نەوت، پێویستە حوکمڕانییەکی چاك بکرێت بۆ بنیاتنانی متمانە لەم بوارەدا، چارەسەر لەسەر بنەمای دیالۆگ و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئەوەی بزانرێت کێ زۆرینەیە، هەروەها دیاریکردنی ڕێژەی هەر پێکهاتەیەك لەم ناوچانەدا.

لە ڕاستیدا ئەم ناوچانە ململانێی ئیتنییان تێدا بوو، هاوکات سیاسەتگەلی شۆڤێنی بوونە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی موڵکداری و گرێبەستی زەویی کشتوکاڵی، تەنانەت چۆنێتیی سوودوەرگرتن لەو ڕێژە نەوتەی کە لەم ناوچانەدایە، بە بۆچوونی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان پێویست دەکات چاوپێخشاندنەوەیەکی دەستووری بۆ ئەم ماددانە بکرێت و دەوڵەمەند بکرێن. گرووپەکە پێی وایە نەوت چارەسەری کێشەکە دەکات، نەك خۆی کێشە بێت، بۆیە پێویستە ماوەیەکی دیکە بدرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەر و هەموو لایەکیش دەست لەسەر برینەکانی خۆی دابنێت، بۆیە دەبێ ڕێککەوتنێکی ئەمنی و ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ ئەم ناوچانە هەبێت، لەگەڵ هەبوونی قۆناغێکی ئینتیقالی، ئەم بۆچوونانەی گرووپی قەیرانەکە ماوەیەکیان بەسەر چووەو پێویست بەوە دەکات پێداچوونەوەیان پێ بکرێت، بەڵام لە ئێستاوە ئامادەیی بکرێت بۆ ڕێوشوێنی گونجاوی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان. ئەم بۆچوونە پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هاتنی داعش بووە، بە دڵنیاییەوە ئەم دوو ڕووداوە زۆر لە هاوکێشەکانی ناوچەکەیان گۆڕی، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ ئێستا لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە دەست پێ بکرێت بۆ دانانی ستراتیژییەتێکی تازە بۆ ئەم مەسەلەیە، بە گەڕانەوە بۆ لێکدانەوەی فەتوای دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە جێناکۆکەکان هەر لە وتووێژەکانی ئۆسلۆ ساڵی ١٩٩٢ی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، کە ئەنجامیان نەبوو، دادگای نێودەوڵەتییش گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم ناوچانە داگیرکراون، بۆیە ئەگەر بە پێوەری بڕیاری داگاکە بێت، ئەو ناوچانەی ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە بە بۆچوونی یاسای نێودەوڵەتی داگیرکراون.

ئەگەر لە دەروازەیەکی یاسایی و سیاسی بۆ ماددەکانی (٥٨) و (١٤٠) بچین کە باسمان کردن، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەك لە دیدی ئاسایشی نێودەوڵەتی گەڵاڵە بێت، ئەو دیدە دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژییە، لە ڕاستیدا ئەشکالییەتێکی یاسایی بۆ ماددەی (١٤٠) دێتە ئاراوە، واتا سنوور دەستنیشان بکرێت، قەوارەیەکی جوگرافی و مێژوویی، یان مەسەلەکە یەکلاکراوەیە، تەنانەت پەنا بۆ ڕاپرسی نەبرێت، چونکە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافییەوە ئەم بابەتە یەکلاکراوەتەوە، ئەمە پێویستی بە دیراسەتێکی باش هەیە لەلایەن سەنتەرەکانی توێژینەوە دیراساتی ستراتیژی و زانکۆکانەوە، هەروەها ئەم ناوچانە پێویستییان بە گەشەپێدانێکی بەردەوام هەیە، دەبێ بەرنامەیەکی داراییان هەبێت، نەك وەك ناوچە ئاساییەکانی دیکەی عێراق، ئیشکالییەتێکی دیکەی یاسایی بەرپرسیارێتیی



**فەتوای دادگای نێودەوڵەتیی لاهای دەڵێت شتێک نییە پێی بگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵکو ڕاستییەکانی مێژوو و جوگرافیا و دیمۆگرافییا ئەم واقیعە دەسەلمێنن**

**بە بۆچوونی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەبێت چارەسەرێکی تەوافوقیی هەمیشەیی هەبێت لە مەسەلەی کەرکووک، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ کێشەکانی دیمۆگرافی و نەوت**

**ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هاتنی داعش زۆر لە هاوکێشەکانی ناوچەکەیان گۆڕی، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ ئێستا لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە دەست پێ بکرێت بۆ دانانی ستراتیژییەتێکی تازە**



حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە چارەسەرنەکردنی کێشەکان چ لە ماددەی (٥٨) یان لە ماددەی (١٤٠)، پێویستە وتوێژکاری کورد کە بۆ وتوێژ دەچێت، پێداگری بکات لەسەر ئەوەی کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەم مەسەلەیەدا کەمتەرخەمە، بە تایبەتی وەك گوتمان مەسەلەکە تەنیا کەرکووك نییە، بەڵکو مووسڵ و دیالە و زۆر ناوچەی دیکەیە، بۆیە پێویستی زیاتر بە میکانیزمی دیپلۆماسی و ئابووری و تەنانەت هێزی مرۆییش هەیە لەم بوارەدا.

ئایا ئەم دیدو بۆچوونە تایبەت بەم کێشەیە هەر دەمێنێت، یان لە ماوەدای نزیکدا چارەسەر دەکرێت؟ بەپێی فاکتەرەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی من وای بۆ دەچم کە ئەم کێشەیە بۆ ماوەیەکی دیکە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە، وەك باشووری سوودانیش کە سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، تا ئێستاش کێشەی سنووری نێوان سوودان و باشوور کە بە نەوت دەوڵەمەندە هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، منیش پێموایە کە چارەسەر ناکرێت و تەمومژییەکی سیاسی و یاسایی هەیە لەم مەسەلەیەدا و پێویستە بە دوای چارەسەردا بگەڕێن، ئایا لە دەستووردا تەنیا چارەسەر لە ماددەی (١٤٠)دایە؟ نەخێر، ماددەی دیکەش هەن لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق، وەك نموونەیەکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە فرە نەتەوە و ئایین و ئایینزان، ئەندازە و نەخشەیەکی دەستووری دانرا کە ئێستا دەبێ پەنای بۆ ببرێت، وەك ئەنجومەنی ئیتیحادی، یان دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان، بۆیە ئەم مەسەلەیەش دەوەستێتە سەر هاوسەنگیی هاوکێشەگەلی سیاسی و چارەسەرەکە تەنیا دەستووری

**ماددەی (١٤٠) میکانیزمی چارەسەرە، نەک چارەسەری کۆتاییە، دەستووریش تۆپەکەی فڕێداوەتە یاریگای حکومەت نەک پەرلەمان**

نابێت، بەڵکو مەدەنی و کارگێڕی و لایەنی نێودەوڵەتییش ڕۆڵی تێدا دەبێت.

لە دەرئەنجامدا دەڵێین کە ماددەی (١٤٠) میکانیزمی چارەسەرە، نەک چارەسەری کۆتاییە، دەستووریش تۆپەکەی فڕێداوەتە یاریگای حکومەت نەک پەرلەمان، بۆیە ئەمە جۆرە هاوسەنگییەکی مەسەلەکەیە، بابەتەکە ئەوە دەخوازێت کە لایەنی کوردی پێداگری لەسەر ئەم ماددەیە بکات کە زیندووە و نامرێت، لێکدانەوەی داگای فیدراڵیش هەر هەیە و کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان چارەسەر بکرێت، بۆیە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بنیاتنانی هێزی چەکدار و بابەتی دیکە ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا هەیە، لەبەر ئەوە دەبینین لە زۆر وڵاتانی دیکەش شێوەی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) هەن، بۆ نموونە لە لوبنان و بەلجیکا و ئیتاڵیا و باشووری ئەفریقیا، کە دەستوورەکانیان نموونەی دەستووری دیموکراسین چارەسەریان بۆ کێشەکانیان دۆزیوەتەوە، لە هەمان کاتدا دادگاش ڕۆڵی خۆی هەیە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بە تایبەتی داگای فیدراڵی عێراق.

**لە زۆر وڵاتانی دیکە شێوەی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) هەن، بۆ نموونە لە لوبنان و بەلجیکا و ئیتاڵیا و باشووری ئەفریقیا، کە دەستوورەکانیان نموونەی دەستووری دیموکراسین چارەسەریان بۆ کێشەکانیان دۆزیوەتەوە**

پرسیار لەوەدایە: ئایا ئەو پێکهاتانەی ماددەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، تەبان، یان فرەیین، یان گرژییان لەنێودا هەیە؟ لە ڕاستیدا سەرەتا هەندێک لەو پێکهاتانە لەگەڵ یەکدی تەبا بوون، بەڵام دوای ئەوەی هەندێک سیاسەتی شۆڤێنی و ڕاگواستن هاتە ئاراوە، بوونە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ناچاربوون بۆ چارەسەرکردن پەنا بۆ دەستوور بەرن، بۆیە دەبێت زیاتر بایەخ بە ڕۆڵی دیپلۆماسییەت و گەشەپێدانی ئابووری و بنیاتنانی هێزی چەکدار بدرێت، هەروەها ئازادیی سیاسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و کەلتووری و کۆمەڵایەتی لەم ناوچانەدا، ڕاستە ئەم ناوچانە تایبەتمەندیی جوگرافیی سیاسیی خۆیان هەیە، بۆیە لە مەسەلەی هەڵبژاردندا دەبێت میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵیان میتۆدێکی ڕەفتاری بێت.

**دەبێت زیاتر بایەخ بە ڕۆڵی دیپلۆماسییەت و گەشەپێدانی ئابووری و بنیاتنانی هێزی چەکدار بدرێت**

ئایا لە سیناریۆکانی داهاتوو، سیناریۆی توندوتیژیی بەردەوام دەبێت؟ یان پاشگەزبوونەوە، یان ئاشتەوایی نیشتمانی؟ وا پێ دەچێت ڕەنگە ئەوەی دوایی یەکێک لە سیناریۆ هەرە لەپێشەکان بێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، نەک ململانێی چەکداری چارەسەر بێت لەبەر فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئایا چەند قەیران ئەم ناوچانە دەگرێتەوە؟ لە ڕاستیدا قەیرانەکان زۆرن، لە سەروویانەوە قەیرانی پێکەوە گونجانی نیشتمانی، ئەم جۆرە سیاسەتانە وایان کرد کە جیا بن، بۆ نموونە پێکهاتەی عەرەبی زیاتر لەگەڵ سوننە و شیعە، پێکهاتەی تورکمانی لەگەڵ تورکیا، تەنیا کورد نەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی کوردانی کەرکووکیش نیشتمانپەروەرانە بوو.

ئەم ناوچانە دەبێت لە ڕووی سامان و داهات و لە بوودجەی وەبەرهێنانیش حیسابی تایبەتییان بۆ بکرێت، حیسابێکیش بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانیان بکرێت، چونکە ئەم ناوچانە قەیرانی زۆری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەییان تێدایە، ئەدی دامەزراوەی ئەمنی و سەربازی لەم ناوچانە چۆن دەبێت؟ بە ڕای من پێویستە هێزی هاوبەش لەنێوان هێزی چەکداری عێراقی و هێزی پێشمەرگە پێک بێت، تا ڕۆڵی بەرچاو ببینن، ئەوەی ئێستا دەبینرێت حەشدی شەعبییە کە پێویستە لە چوارچێوەی ئەمنی و سەربازی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها مەترسیی دیکەش لەم ناوچانە هەیە، وەک شانە نووستووەکانی داعش، کە ناوبەناو چالاکی ئەنجام دەدەن.

**پێویستە هێزی هاوبەش لەنێوان هێزی چەکداری عێراقی و هێزی پێشمەرگە پێک بێت، تا ڕۆڵی بەرچاو ببینن**

پێویستە میکانیزمی کەلتووری لێبووردەیی هەبێت، هەروەها پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵ لەم مەسەلەیەدا ببینن، پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە ئێمەی کورد گرووپی شارەزایانی یاسایی و سیاسی و ئابووریمان هەبێت بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە ڕۆڵی دەستەی کوردستانی بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان دەکەم، کە بەپێی یاسا نزیکە لە ئاستی وەزارەت و چالاکییەکانی ئەنجام دەدات، لەم دواییەشدا بۆردێکی ڕاوێژکاریش لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەسەلەیە دامەزراوە، دەستخۆشی لە دواهەنگاو دەکەم، بەڵام پێشنیاز دەکەم کە ئەکتیڤتر بن و هەماهەنگ بن لەگەڵ زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە، تەنانەت ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییش بۆ چارەسەرکردن بدەنە مەسەلەکە.



**ماجید شنگالی**

**کاندیدی دەرچووی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# دەبێت کورد لە حکومڕانیی عێراقدا شەریکی ڕاستەقینە بێت

**دوای پەسەندکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە لایەن دادگای ئیتحادییەوە، ئیدی دەبێ بە گوڕەی میکانیزمە دەستورییەکان هەنگاو بۆ پێکهێنانی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق بنرێت، کە بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ جۆری ئەو حکومەتەی کە دەبێت پێك بهێندرێت، ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ماجید شنگالی کاندیدی دەرچووی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** وەك کاندیدێکی دەرچووی شنگال بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق کە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا ڕێگەتان پێ نەدرا لە ناو شنگالدا بانگەشە بکەن، ئێستا چۆن وەسفی بارودۆخی شنگال دەکەیت و، ئایا خەڵکی ناو شنگال بارودۆخیان بە دەست هێزەکانی ناو شنگالەوە چۆنە؟**

- بە ڕاستی بارودۆخی ناو شنگال زۆر خراپە، چونکە کۆنترۆڵی شنگال لە دەستی چەکدارانی پەکەکە و حەشدی شەعبیدایە و خەڵکی شنگال زۆر نیگەرانن لەو بارودۆخەی ئێستای شنگال، خۆ ئەگەر بارودۆخی ناو شنگال باش بووایە، ئەوا ٧٥٪ تا ٨٠٪ ئاوارەی شنگال تا ئێستا دەگەڕانەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، کە پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی شنگال بگەڕێنەوە و بارودۆخی شنگال ئاسایی ببێتەوە، ئەویش بەوە دەبێت کە چەکدارانی پەکەکە و حەشدی شەعبی شنگال بەجێ بهێڵن.

*** بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق گەیشتنە ڕێککەوتنێك بە ناوی «ڕێککەوتنی شنگال»، بە پێی ئەم ڕێککەوتنە دەبوو هەردوولا بارودۆخی شنگال ئاسایی بکەنەوە، ئەم ڕێککەوتنە بۆ نەکەوتە باری جێبەجێکردن؟ ئاستەنگەکانی چی بوون؟ ئایا دەکرێت بڵێین ئەو ڕێککەوتنە ماوە؟**

- پێش هەموو شتێك ئەو ڕێککەوتنە ماوە، بەڵام ڕێککەوتنەکە تا ئێستا وەك عەرەب دەڵێن تەنیا مەرکەبی سەر کاغەزە، چونکە وەك لە ڕووی هەلومەرجی واقیعییەوە نەهاتووەتە جێبەجێکردن، لە ڕووی ئەمنی و ئیداری و سیاسییشەوە هەر وایە، چونکە دەبوو تەنیا ئیدارە و قائیمقامیەتی ئەم شارە کاروبارەکانی بەڕێوە ببەن، دەبوو چەکدارانی پەکەکە لە شنگال نەمێنن، تا خەڵکی بگەڕێنەوە و شنگال ئاوەدان بکەنەوە، کە ئەمەش جێبەجێ نەکراوە، لە هەقیقەتدا ئاستەنگیش چەکدارانی پەکەکە و حەشدی شەعبی بوون، وڵاتێکی دراوسێ چەکدارانی پەکەکە وەك داردەستی خۆی لە شنگال بەکار دەهێنێت، وەك کارتێکی گوشار لەسەر تورکیا و هەرێمی کوردستان و، بەتایبەت لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان. من وەك ئەندامێکی پارتی و کاندیدی خەڵکی شنگال، دەڵێم پێویستە لایەنی کوردستان، بەتایبەت پارتی، لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا ئەو ڕێککەوتنەی شەنگال بکەنە خاڵێکی سەرەکی، هەرچەندە چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەی شنگال بریتییە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور.

*** سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق کە دادگای فیدراڵی بڕیاری خۆی دا، ئایا دوای بڕیاری دادگای فیدراڵی ڕەوتی پرۆسەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق چ ئاراستەیەك وەردەگرێت؟**

- دادگای فیدراڵی پرۆسە و دەرئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەسند کرد و، بەپێی دەستوور دەبێت لە ماوەی ١٥ڕۆژدا یەکەم کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ببەسترێت و، پێویستە لایەنە سیاسییەکان پێشوەختە ڕێککەوتنێك بکەن لەسەر هەر سێ سەرۆکایەتی (پەرلەمان و سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار) لە ڕاستیدا کێشەیەکی توند لە نێوان لایەنی شیعەدا هەیە لەسەر سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، کە لایەنی سەدری دەیەوێت حکومەتێکی زۆرینە دروست بکات، وەك ئەو لایەنەی زۆرترین کورسیی بەدست هێناوە، لایەنی ئیتاری تەنسیقی شیعەش دەیەوێت حکومەتێکی

**ئەگەر بارودۆخی ناو شنگال باش بووایە، ئەوا ٧٥٪ تا ٨٠٪ ئاوارەی شنگال تا ئێستا دەگەڕانەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان**

**وڵاتێکی دراوسێ چەکدارانی پەکەکە وەک داردەستی خۆی لە شنگال بەکار دەهێنێت**

**بە بۆچوونی من حکومەتێک لەلایەن کوتلەی سەدری لەگەڵ هەندێک لایەنی دیکەی وەک کورد و سوننە پێک دەهێنندرێت**

تەوافوقی دروست بکات، وەك حكومەتی پێشوو.

*** هەفتەی ڕابردوو شاندێكی ئیتاری تەنسیقی شیعە بە سەرۆكایەتیی نووری مالیكی سەردانی هەرێمی كوردستانیان كرد و، لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆبوونەوە و، پاشانیش سەردانی مەكتەبی سیاسیی یەكێتییان كرد، ئەوەی لەو سەردانەدا خوێندرایەوە، ئەوەبوو كە لایەنی كوردستانی لەگەڵ پرۆسەی تەوافقی ئیتاری تەنسیقی شیعە كێشەی نییە، ئایا بە بۆچوونی ئێوە ئاراستەی دروستكردنی حكومەتی داهاتوو بەرەو زۆرینەی نیشتمانی، یان تەوافقی نیشمانی هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- بە تێڕوانینی من سەردانی ئیتاری تەنسیقی شیعە و عەزم و تەقدومی سوننە بۆ هەولێر شتێكی زۆر ئاساییە و، پرۆسەی دیموكراتیی عێراق بە شێوەیەكی تەوافوقە لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەكاندا بۆ پێكهێنانی حكومەت، چونكە هیچ حزبێك لە عێراق نییە بتوانێت ١٦٦ كورسی بەدەست بێنێت و بە تەنیا حكومەت پێك بهێنێت. بە بۆچوونی من حكومەتێك لەلایەن كوتلەی سەدری لەگەڵ هەندێك لایەنی دیكەی وەك كورد و سوننە پێك دەهێندرێت و، ئەمجارە لە پەرلەمان لایەنێكی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز دروست دەبێت، كە ئەمەش زۆر ئیجابی دەبێت بۆ دیموكراتییەت و سیستەمی پەرلەمانی لە عێراقدا.

*** ئەوەی لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەكاندا باس دەكرێت، دەڵێن: سەرۆك بارزانی بە شاندی ئیتاری تەنسیقی شیعەی گوتووە، كە پرۆسەی حوكمڕانی لە عێراقدا پێویستی بە ڕاستكردنەوە هەیە، مەبەستی سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی ڕاستكردنەوەی حوكم لە عێراقدا چییە؟**

- ئیتاری تەنسیقی شیعە دەیەوێت سیستەمی پەرلەمانی ببێتە سیستەمی سەرۆكایەتی و، پارتی دیموكراتی كوردستانیش لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانی و سەرۆكایەتیدایە، بەڵام جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو كات دەڵێت پێویستە واقیعی سیاسیی عێراق ڕاست بكرێتەوە، مەبەستی ئەوەیە كە كورد و سوننە ببەن بە شەریكی ڕاستەقینە لە ئیدارە و حوكمڕانیی عێراقدا، نەك هاوبەشییان پێ بكرێت لە ئیدارە و حوكمدا، واتە پێویستە ببین بە شەریك وەك ئیدارە و دامەزراوەكان، بۆ نموونە لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەتدا تەنیا وەزیری بەرگری لە دەستی سوننەدایە، بەڵام وەزیری بەرگرییش دەسەڵاتی نییە، بەڵكو دەسەڵات لە دەستی سەرۆك ئەركاندایە، پێشتر سەرۆك ئەركان لە دەست كورددا بوو، ئێستا لە دەستی كوردیشدا نەماوە، لە ئێستادا هیچ دەستەیەكی سەربەخۆ لە حكومەتی عێراقدا لە دەست كورددا نییە، بەڵكو هەموو دامودەزگا و دەستەكانی حوكم لە عێراق لە دەستی شیعەدایە، لەبەر ئەوە پێویستە جۆرێك لە ڕاستكردنەوە بكرێت كە ئیدارەكردنی دەوڵەت و شەراكەتی ڕاستەقینەیی دروست ببێت، ئەوەیە مەبەستی پارتی دیموكراتی كوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی لە ڕاستكردنەوەی حوكمڕانی لە عێراقدا.

*** ئەوەی جێگەی گەشبینییە لەسەر ئاستی كوردستان، ئەوەیكە پارتی و یەكێتی بە نیازن بە شاندێك بێنە ناو پرۆسەی دانوستاندن بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق، لەسەر ئاستی پێكهاتەی عەرەبی سوننەش، پەیوەندییەكی زۆر باش لە نێوان سەرۆك بارزانی و هەردوو هاوپەیمانیی تەقدوم و عەزم هەیە، لەگەڵ هەردوو بەرەی شیعەش (سەدر و ئیتاری تەنسیقی) پەیوەندییەكی باشمان هەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم ژینگە سیاسییە بۆ پێگەی كورد لەبارە تا ئەم جارە بەرنامەیەكی باش بۆ حكومەتی داهاتووی عێراق دابڕێژدرێت؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە باشترین بەرنامەی حكومەت هەبێت كە ماف و هەقی خەڵكی كوردستان لە لایەنی دەستووری و یاسایی تێدا ڕەچاو بكرێت و، چەندین كاری مەزن هەیە، لەوانە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بكرێتە خاڵێكی سەرەكی لە پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراقدا و، مەسەلەی جێگیركردنی بودجەی هەرێمی كوردستان لە میزانییەی عێراقدا بكرێتە خاڵی گرنگ و سەرەكی لە گفتوگۆ و، جێبەجێكردنی لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەروەها گرنگ ئەوەیە ئەو كەسانەی كە لە دامودەزگا و دامەزراوەیەكدا دادەنرێن، بۆ كورد كار بكەن، نەك تەنیا بۆ ئەوە بێت، پۆست وەربگیرێت، زۆر گرنگە هەر كەسێك لە هەر پۆستێكی حكوومی، یان پەڕلەمانیدا دادەنرێت، بۆ ئەوە بێت بە جددی كار بۆ كوردان بكات.

**ئەمجارە لە پەرلەمان لایەنێكی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز دروست دەبێت، كە ئەمەش زۆر ئیجابی دەبێت بۆ دیموكراتییەت و سیستەمی پەرلەمانی لە عێراقدا**

**ئیتاری تەنسیقی شیعە دەیەوێت سیستەمی پەرلەمانی ببێتە سیستەمی سەرۆكایەتی و، پارتی دیموكراتی كوردستانیش لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانی و سەرۆكایەتیدایە**

**جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو كات دەڵێت پێویستە واقیعی سیاسیی عێراق ڕاست بكرێتەوە، مەبەستی ئەوەیە كە كورد و سوننە ببەن بە شەریكی ڕاستەقینە لە ئیدارە و حوكمڕانیی عێراقدا**

**لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەتدا تەنیا وەزیری بەرگری لە دەستی سوننەدایە، بەڵام وەزیری بەرگرییش دەسەڵاتی نییە، بەڵكو دەسەڵات لە دەستی سەرۆك ئەركاندایە، پێشتر سەرۆك ئەركان لە دەست كورددا بوو، ئێستا لە دەستی كوردیشدا نەماوە**

# دیمانەی تایبەت



جەیکۆپ شاپیرۆ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسیدا، کە لە زانکۆی ستانفۆرد بەدەستی هێناوە و لە ئێستادا پڕۆفیسۆری سیاسەت و کاروباری نێودەوڵەتییە لە سکوڵی کاروبارە گشتی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پرینستۆن، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ناکۆکی و سیاسەتی ئەمنی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆی بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بە تایبەتی سیاسەت و مامەڵەی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ئێران و پرسی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە و، ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق.

جەیكۆپ شاپیۆ
پرۆفیسۆری سیاسەت و كاروباری نێودەوڵەتی لە زانكۆی پرینستۆن بۆ گوڵان:

# ئەمریكا بۆ بەرەنگاربوونەوەی نیگەرانییە ئەمنییەكان هاوكاری و هاوپەیمانی لەگەڵ عێراقدا دەكات

*** هەروەك ئاشكرایە هیچ كاتێك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نەیتوانیوە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگوێ بخات، یان بایەخی پێ نەدات و، بگرە ئەمریكا بە چەندین شێوە دەستێوەردانی لەم ناوچەیەدا كردووە، بە دەستێوەردانی سەربازیشەوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ مامەڵە و سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەم وڵاتە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئێستا بەرچاو دەكەوێت و دەتوانرێت سەرنج بدرێت، ئەوەیە كە ئەم ئیدارەیەی ئەمریكا خواست و پەرۆشییەكی بەرچاوی نییە بۆ ئەوەی خۆی لە كێشە و قەیرانەكانی ئەم ناوچەیە تێوە بگلێنێت، واتە دەیەوێت گرنگی و بایەخێكی كەمتر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، چونكە دەبێت بزانین ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەیەوێت و هەوڵ و تەركیزەكانی چڕ بكاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەددییانەی كە هێزە جیهانییە مەزنەكان دروستیان كردووە، وەك وڵاتی چین، هەرچۆنێك بێت، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت كە ئەم ئیدارەیە بە تەواوەتی دەستبەرداری ئەم ناوچەیە بووبێت، ئەوەتا دەبینین لە هەوڵ و گفتوگۆدایە لەبارەی دۆسیە ئەتۆمییەكەی ئێرانەوە، كە چۆنیەتی مامەڵەی ئەم ئیدارەیەش لەم ڕووەوە هەندێ نارەزایەتی و نیگەرانی لای هەندێك لە وڵاتانی ناوچەكە دروست كردووە.

*** ئەی تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ ئەو هەلومەرجەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بە تایبەتی كە دەبینین ئەم ناوچەیە مەحكوومە بە شەڕ و پشێوی و قەیرانی گەورە، كە سەریان كێشاوە بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری و ڕاكێشانی دەستێوەردانی دەرەكی؟**

**ئەگەر بێت و ژمارەیەكی زیاتری وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەرەو داڕووخان بچن، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی ناسەقامگیری و پشێوی و پاشاگەردانییەكی زیاتر بین**

**ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا خواست و پەرۆشییەکی بەرچاوی نییە بۆ ئەوەی خۆی لە کێشە و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیە تێوە بگلێنێت**

**پێناچێت ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆک جۆ بایدنیشەوە زۆر پەرۆش بێت بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە**

**ئەو وڵاتانەی ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد، دەیانەوێت زیاتر گرنگی بە بەدیهێنان و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بدەن**

**ئەگەر ئەمریکا بیەوێت فشار لەسەر میسر، یان سعودیە بکات لە بارەی دیموکراسییەوە، ئەوا بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی**

- ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی کێشە و قەیرانە ئابوورییەکانەوە لە دۆخی هەندێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم قەیرانە سەخت و قووڵانە بوونەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکان بەرەو لێکترازان و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە بڕۆن، کە ئەمەش هێندەی دیکەی دۆخەکە ناهەموار دەکات و، کێشەکانیش بە ئاقارێکی ئاڵۆزتردا دەبات، هەروەها دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین کە هێشتا هەندێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە بارودۆخی شەڕدان، بۆ نموونە، سووریا و یەمەن و، چەند وڵاتێکی دیکەش هەن کە کەوتوونەتە ژێر گوشاری باری سەختی ئابوورییەوە، ئەگەر بێت و ژمارەیەکی زیاتری وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەرەو داڕووخان بچن، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی ناسەقامگیری و پشێوی و پاشاگەردانییەکی زیاتر بین.

*** ئەی چ جیاوازی و گۆڕانکارییەك بەدی دەکەیت لە ئاست ڕێگەچارە و مامەڵەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا، بە تایبەتی کە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم ئیدارەیە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتنەکە، بەڵام تا ئێستا گفتوگۆکان دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتووەتەوە کە لایەنەکان پێی ڕازی بن؟**

- ئەوەی لە ڕواڵەتەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێناچێت ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆك جۆ بایدنیشەوە زۆر پەرۆش بێت بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ نێو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، یان بۆ هێنانەئارا، یانیش گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، کە من هەر لە سەرەتاشەوە ئەم پێشبینییەم کردبوو، بەڵام بۆ ئەوەی ڕاشکاو بم لەگەڵتاندا، من نازانم بە نهێنی، یان لە گفتوگۆ تایبەتەکاندا چی ڕوودەدات لە نێوانیاندا، واتە ڕەنگە و ئەگەری ئەوە هەبێت کە هەوڵێکی چڕوپڕ خرابێتەگەڕ بەم ئاراستەیە، بەڵام ئێمە زانیاریمان لە بارەیەوە نییە.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەوا ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- لە سەردەمی ئیدارە جیاوازەکاندا- پتر پەنای بردووەتە بەر گوشار و سزای ئابووری و دارایی، بۆ ئەوەی ئێران ناچار بە گۆڕینی هەڵوێست و سیاسەتەکانی بکات، یان ناچار بە سازشکردنی بکات، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارایی ئەم گوشارانە چییە؟**

- من پێم وایە لە ڕابردوودا ئەم سزا و گوشارانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران ناچار بە سازشکردن بکرێت، کاتێك ئێران گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە جگە لە سازشکردن ڕێگاچارە و دەروازەیەکی دیکە شك نابات، من پێم وایە یەکێك لەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووە لە دوای کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و دووبارە هەوڵدانەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکە، ئەوەیە کە هیچ ڕێگەچارەیەکی ڕوونی لە بەردەمدا نییە، ئەگەر بێت و ڕێگەیەکی ڕوونت لە بەردەمدا نەبێت و سزا و گوشارێکی زۆریشت بەسەردا بسەپێندرێت، ئەوا چەندین هۆکار دێنە ئاراوە بۆ ئەوەی سازش بکەیت.

*** هەروەك دەزانن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژە کە لە عێراقدایە، بە تایبەتی لە دوای دەستێوەردانە سەربازییەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئەم وڵاتە، کە دواتر کشایەوە و پاشان هەندێ هێزی گەڕاندەوە بۆ شەڕی داعش و، ئێستاش هێزە شەڕکەرەکانی لەم وڵاتە دەکشێنێتەوە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە و لە ئایندەی پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا دەڕوانن؟**

- من پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی حکومەتی عێراق، هەروەها درێژە بە هاوپەیمانێتییەکەی دەدات لەگەڵ عێراقدا، بە تایبەتی لە پێناو ئیدارەدان، یان بەرەنگاربوونەوەی نیگەرانییە ئەمنییە هاوبەشەکانیان لە ناوچەکەدا.

*** هەندێ جار باس لەوە دەکرێت کە لەم ناوچەیەدا پەرەسەندن و پێشهاتی ئەرێنی هاتوونەتە ئاراوە، بە تایبەتی ئاماژە بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان دەکرێت، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و،**



**ئایا پێتان وایە ئەم ڕێککەوتنانە دەبنەهۆی ئەوەی سەقامگیری و ئارامی و گەشەکردنی زیاتر لەم ناوچەیەدا بێتەئاراوە؟**

- ئێمە سەرەتا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم ڕێککەوتنانەی ئاشتی و ئەم ئاساییبوونەوانەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان، بەرجەستەبوون و ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنێکە لە تێڕوانین و خواستی بەشێك لە وڵاتە عەرەبییەکان، مەبەستم ئەوەیە ئەو وڵاتانەی ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد، دەیانەوێت زیاتر گرنگی بە بەدیهێنان و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بدەن و، لەم ڕووەوە بەلایانەوە گرنگ نییە ئەگەر ئەمە بەو واتایەش بێت کە دەبێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکەنەوە و، بگرە هاوکاریشی لەگەڵدا بکەن، هەر لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە دەکرێت ئەمە وا لێك بدرێتەوە کە گۆشەگیریی ئیسرائیل لەم ناوچەیەدا کۆتایی هاتووە و چیتر ناتوانین باس لە ناکۆکییەك بکەین لە نێوانی ئیسرائیل و سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا، هەرچەندە ئەمە بەو مانایەش نایەت کە تەواوی جیهانی عەرەبی کێشەی فەلەستینیان فەرامۆش کردبێت و چیتر بایەخی پێ نەدەن.

*** لەم ڕۆژانەدا ئیدارەی جۆ بایدن لووتکەی دیموکراسیی ڕێك خست، ئایا پێت وایە ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی ئەم ئیدارەیە دەستدەداتە هەڵمەتێك بۆ برەودان بە دیموکراسی و بە مافەکانی مرۆڤ لە جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- نەخێر، من پێم وایە زەحمەتە ئەوە بەدی بکەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشار بکات لە بارەی باشترکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە لەم ناوچەیەدا، چونکە هێشتا پرسی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئاسایش و مافەکانی مرۆڤدا بەردەوامە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت فشار لەسەر میسر، یان سعودیە بکات لە بارەی دیموکراسییەوە، ئەوا بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی، لەبەر ئەوە ناکرێت پێشبینیی ئەوە بکەین ئەمە ڕوو بدات، دواتر من پێم وایە ئەمریکا هێندە کێشەی هەیە لە ناوخۆدا کە بەسن بۆ ئەوەی سەرقاڵی بکەن بە بەرگریکردن لە دیموکراسییەوە لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا، ڕاستە ئەمریکا خوازیاری پەرەپێدانی دیموکراسییە لە جیهاندا، بەڵام دوای هەوڵی کودەتاکەی ئەمریکا، ئەوا ڕەنگە ئەو پرسیارە دروست ببێت، ئایا ئەمریکا چی هەیە لەبارەی دیموکراسییەوە تا گەلانی دیکەی پێ فێربکات؟

**ئەمریکا هێندە کێشەی هەیە لە ناوخۆدا کە بەسن بۆ ئەوەی سەرقاڵی بکەن بە بەرگریکردن لە دیموکراسییەوە لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا**

## دیمانەی تایبەت



جەیمس هێنری پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە سکووڵی ئیلیوت بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بڕوانامەی دکتۆرای لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بەدەست هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: ئاسایشی نێودەوڵەتی، ناکۆکیی نێودەوڵەتی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و، ئاسایشی نەتەوەیی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و چەند بابەت و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## جەیمس هێنری

پرۆفیسۆری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گولان:

# نیگەرانیی ئەوە هەیە کە جارێکی دیکە دۆخی ئەمنیی عێراق دابڕووخێت

*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی جۆ بایدن دەڕوانیت، پێت وایە گرنگترین ئەو تەحەددییانە چین کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، بە تایبەتی لە پەیوەندی بەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی ئەم ئیدارەیە بوونەتەوە، ئەوەیە کە هەمیشە بەرهەڵستکاران و ئەو لایەنانەی نارازین لە سیاسەتەکانی ئەم ئیدارەیە، لە گرنگی و بایەخ و گەورەیی هەر دەستکەوتێکی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکە کەم دەکەنەوە و، بگرە وا وێنای دەکەن وەك ئەوەی ئەم ئیدارەیە سازشی گەورەی کردبێت، بۆ نموونە لە پەیوەندی بە گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، دەبینین دەرئەنجامی هەموو ئەو ڕەخنە و بەرهەڵستییانەی لە ناوخۆدا بۆ سەرۆك بایدن دروست بوون، ئەوەیە ئیدارەکەی ناتوانێت لە پێگەیەکی بەهێزەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات، من پێم وایە ئەمە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بەڵکو ئێمە هەمان ڕەخنە و نارەزایی و بەرهەڵستیمان بینی لە سەروختی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستاندا، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کە بڕیاری کشانەوەکە لەلایەن ئیدارەی پێش خۆیەوە درابوو(ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ) و ئیدارەی بایدن تەنیا بڕیارەکەی جێبەجێ کرد، بەڵام ئیدی هەموو بەرپرسیارێتییەکی ئەم کشانەوەیە خرایە ئەستۆی سەرۆك بایدن، کە ئێمە دەزانین پێشهات و پەرەسەندنی دۆخەکەش لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، ئەوە بوو کشانەوەکە پشێوی باڵی بەسەردا کێشا، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی دواتر لە فڕۆکەخانەی کابوڵ ڕوویاندا، هەموو

ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی زیان بە پێگەی بایدن بگەیەنن لە ناوخۆی وڵاتەکەدا. هەموو ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە بایدن دەسترۆیشتوویەکی زۆری نییە، یان پێگەیەکی بەهێزی لە ناوخۆدا نییە بۆ ئەوەی بە گوڕ و تینەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بدات، یان بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك ئۆبامادا واژوو کراوە، بە هەر جۆرێك بێت ڕەخنەگرەکانی جۆ بایدن وەك کەسێکی لاواز پیشانی دەدەن و، لاوازکردنی پێگەکەشی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی خۆیان بەکار دەهێنن.

*** پێت وایە ئەم ئیدارەیە وەك پێویست گرنگی و بایەخی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە نابێت ئێمە ئەوەمان لە یاد بچێت کە جگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ئەولەوییەت و بایەخدانی دیکەی هەیە، کە دەبێت هەوڵ و کۆشش و تەرکیزی ئیدارەکەی بۆ تەرخان بکات، وەك ئەو نیگەرانییەی لە ئەمریکا بەدی دەکرێت لە بارەی هەڵکشانی هێز و دەسترۆیشتویی و توانای وڵاتی چینەوە وەك هێزێکی جیهانی، لە هەمان کاتدا دەبێت کات و کۆشش تەرخان بکاتەوە بۆ قووڵکردنەوە و پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، کەواتە لە کاتێکدا کە ئیدارەی جۆ بایدن دەیەوێت چیتر لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوە نەگلێت، ئەوا لە هەمان کاتدا دەیەوێت پارێزگاری لە پەیوەندییە دیپلۆماتی و سیاسی و ئابوورییەکانی بکات لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا. هەروەها لێرەدا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ڕاستە دەبێت بایەخ بە ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەکی بدرێت و هەوڵی بەدیهێنانیان بدرێت، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەولەوییەتی ناوخۆییش هەن، کە دەبێت ئەم ئیدارەیە هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ بەدیهێنانیان، وەك دووبارە نوژەنکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە کە دەبێت داراییەکی زۆری بۆ دەستەبەر بکرێت، بە تایبەتی کە دروشمی جۆ بایدن لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بریتی بوو لە بنیاتنانەوەی باشتر، لەبەر ئەوە دەبێت لەم ڕووەوە هاوسەنگییەك بهێنێتەئاراوە، واتە سەرقاڵبوون بە سیاسەتی دەرەکییەوە نەبێتەهۆی ئەوەی ئەولەویەتە ناوخۆییەکانی فەرامۆش بکات، بە تایبەتی کە ڕای گشتیی ناوخۆی وڵاتەکە پتر کێشە ناوخۆییەکانی بەلاوە گرنگە، نەك دەستکەوتەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە.

*** چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق دەڕوانن، بە تایبەتی لە سایەی ئیدارەی سەرۆك بایدندا و، ئایا پێتان وایە ئەمریکا عێراقی کردبێتە گۆڕەپانێك بۆ ڕکابەرییەکەی لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەتی ئاماژە بەوە دەکرێت ئەمریکا دەیەوێت عێراق بۆ چاودێرکردنی ئێران بەکار بهێنێت؟**

-ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی عێراقەوە کە کراوەتە گۆڕەپانێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکی و ململانێکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، ئەوا ئەمە تا ڕاددەیەك شرۆڤەکارییەکی دروستە، چونکە ئەوە ڕاستە کە عێراق کەوتووەتە نێوان بەرداشی ڕکابەریی نێوان ئەم دوو وڵاتەوە کە ئاماژەم پێ کردن، بەڵام دەکرێت ئێمە ئاماژەش بەوە بکەین کە خەڵکی عێراق دەیەوێت وڵاتەکەی نەبێتە بەشێك لەم ڕکابەرییە و، خوازیاری ئەوەیە ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی بگرێت، بەدەر و بە دوور لەم ململانێیە، باشترین بەرجەستەبوونی ئەم خواستەش دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق بوو، کە بینیمان ئەو لایەنانەی نزیك بوون لە ئێرانەوە لە هەڵبژاردنەکاندا دەرئەنجامێکی باشیان بەدەست نەهێنا، لە بەرامبەردا ڕەوتی سەدر (بە سەرۆکایەتیی موقتەدا ئەل سەدر) ژمارەیەکی زۆر کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێنا، کە وای لێ دەڕوانرێت هەوڵی گرتنەبەری ڕێگەیەك دەدات کە سەربەخۆ بێت، هەم لە ئێران و هەم لە ئەمریکاش. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە عێراقدا چەندین میلیشیا هەن، کە بە باشی ئاوێتەی سیستمی بەرگریی عێراق نەکراون و دەتوانرێت لەلایەن وڵاتی دیکەوە بجووڵێنرێن، کە ئەمەش دەسترۆیشتوویەکی زۆری پێ

**هەمیشە بەرهەڵستکاران و ئەو لایەنانەی ناڕازین لە سیاسەتەکانی ئەم ئیدارەیە، لە گرنگی و بایەخ و گەورەیی هەر دەستکەوتێکی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکە کەم دەکەنەوە و، بگرە وا وێنای دەکەن وەک ئەوەی ئەم ئیدارەیە سازشی گەورەی کردبێت**

**بایدن دەسترۆیشتوویەکی زۆری نییە، یان پێگەیەکی بەهێزی لە ناوخۆدا نییە بۆ ئەوەی بە گوڕ و تینەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بدات، یان بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆک ئۆبامادا واژوو کراوە**

**ڕەخنەگرەکانی جۆ بایدن وەک کەسێکی لاواز پیشانی دەدەن و، لاوازکردنی پێگەکەشی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی خۆیان بەکار دەهێنن**

دەدات، لە هەمان کاتدا دۆخێکی نالەبار و سەختیش بۆ حکومەتی عێراق و هەروەها بۆ بوونی ئەمریکا لەو وڵاتەدا دروست دەکات، بارودۆخەکە ئەو نیگەرانییەمان لا دروست دەکات کە جارێکی دیکە دۆخی ئەمنیی عێراق داڕووخێت و گرووپێکی دیکەی هاوشێوەی داعش، یان جێگرەوەی داعش سەر هەڵبداتەوە و بێتەوەئارا. لە ڕاستیدا من نازانم تا چ ڕادەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە لە ناو عێراقدا، بەڵام نابێت ئێمە ئەوەمان لە یاد بچێت کە کاتێك ئیدارەی باراك ئۆباما لەساڵی ٢٠١١دا هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا عێراق ڕازی نەبوو ئەو هێزەکانە بە گوێرەی چەند تایبەتمەندییەك لە وڵاتەکەدا بمێننەوە، ئەوا ساڵی ٢٠١٤ داعش سەری هەڵدا و، نزیکەی یەك لەسەر سێی خاکی وڵاتەکەی داگیر کرد. بەڵام دوای سەرهەڵدانیشی دووبارە ئیدارەی ئۆباما ڕەزامەندیی دەربڕی لە سەر هاوکاریکردنی عێراق لەم شەڕەدا، کەواتە ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە ئەگەر حکومەتی عێراق خوازیاری بەدەستهێنانی هاوکاریی ئەمریکایە، ئەوا ئەمریکاش ئامادەی ئەم هاوکارییەیە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان لە بەرژەوەندیی ئەمریکاشدایە.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکڕای پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەرێنی نیین، بۆ نموونە باس لەوە دەکەن کە چەند وڵاتێکی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە و، بگرە دەستیان کردووە بە هاوکارییەکی گەرموگوڕیش لەگەڵیدا، کە ئەمەش لە کۆتاییدا خزمەت بە سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ناوچەکە دەکات، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من تا ڕادەیەك هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و، پێم وایە لە چەند ڕوویەکەوە ئەمە پێشهاتێکی ئەرێنییە، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە لەوە بڕوانین کە لە مەودای نزیکدا لە ڕوی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی تەکنەلۆژیاوە سوودی ئابووریی هەیە، کە دەبێتە هۆی پێکەوە گرێدانەوەی ئیسرائیل بە دوژمنەکانی ڕابردوویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ئەگەری ئەوە هەیە بە تێپەڕبوونی کات ئەم هاوپەیمانێتییانە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە ڕەچاو بکەین کە نیگەرانی لە بارەی ئێرانەوە پاڵنەری ئەم لێکنزیکبوونەوە و پەیوەندییانە بوون، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر ئەم نیگەرانییە لە بارەی ئێرانەوە کەم بێتەوە، ئەوا بۆی هەیە ئەم ڕێککەوتن و هاوکارییانەش لاواز ببن. هەروەها نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە

**لە کاتێکدا کە ئیدارەی جۆ بایدن دەیەوێت چیتر لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوە نەگلێت، ئەوا لە هەمان کاتدا دەیەوێت پارێزگاری لە پەیوەندییە دیپلۆماتی و سیاسی و ئابوورییەکانی بکات لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا**



فەڵەستینییەکان لەم ڕێککەوتنانەدا فەرامۆش کراون، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی کە حەماس پەنا بۆ توندوتیژی ببات، بە چەشنێك نەك تەنیا ناکۆکییەکە هەڵکشێت لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، بەڵکو دۆخێکی سەخت لە ناوچەکەدا دروست ببێت، کە دژواری بۆ ئەو وڵاتانەش دروست بکات کە دەیانەوێت پەیوەندیی ئەرێنییان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت. کەواتە پێم وایە لەلایەك ئەمانە ڕێککەوتنی ئەرێنین و خزمەت بە سەقامگیریی ناوچەکە دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا زەحمەتە بتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە لە ئایندەدا ئەم ڕێککەوتنانە بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن.

**ئەو لایەنانەی نزیک بوون لە ئێرانەوە لە هەڵبژاردنەکاندا دەرئەنجامێکی باشیان بەدەست نەهێنا، لە بەرامبەردا ڕەوتی سەدر (بە سەرۆکایەتی موقتەدا ئەل سەدر) ژمارەیەکی زۆر کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێنا**

دیمانەی تایبەت

## یانیس ستیڤاچتیس

بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# ئەمریکا دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێت و دەستێوەردانێکی چڕیشی تێدا ناکات

یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سەرۆك بەش و بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ و گرنگی بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك: پەیوەندییە دەرەکییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی و کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، لە بارەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە و، سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و، تێکڕای جیهانی ڕۆژئاوا و ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە.



*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانن و، ئایا پێتان وایە ئەم ئیدارەیە بایەخێکی کەمتر دەدات، یان دەیەوێت بایەخێکی کەمتر بدات بەم ناوچەیە و، ئایا ئەمە هۆکارەکەی چییە؟**

- لە ڕاستیدا نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە بیرۆکەی ئەوەی دەبێت گرنگییەکی کەمتر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە و قەیرانەکانی بدرێت و، لە بری ئەوە دەبێت کات و کۆششەکان چڕ بکرێنەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددی و هەڵکشانی وڵاتی چین، بۆ سەردەمی ئیدارەی سەرۆک باراك ئۆباما دەگەڕێتەوە، ئەوەی بەدیمان کرد، ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ هەوڵ و کۆششێکی گەورەی لەم ناوچەیەدا نەختەگەڕ، جگە لە هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی داعش نەبێت. هەرچەندە ئەمە بەو واتایە نایەت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی و بە یەکجاری دەستبەرداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت و لێی دەکشێتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە کار لەسەر ئەوە دەکات کە دەستێوەردان و بایەخپێدانەکانی سنووردار بکات و، لەم ڕووەوە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکە لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دابەش بکات. واتە دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەندێك لە وڵاتانی کاریگەریی ناوچەکە کە دۆست و هاوبەش و هاوپەیمانی ئەمریکان، بە هاوکاریی ئەمریکا ڕۆڵێکی زیاتر لە کاروبارەکانی ناوچەکەدا بگێڕن، بەڵام دەبێت لەوەش دڵنیا بین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەواوەتی لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکشێتەوە و بزر نابێت.

**دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەندێك لە وڵاتانی کاریگەریی ناوچەکە کە دۆست و هاوبەش و هاوپەیمانی ئەمریکان، بە هاوکاریی ئەمریکا ڕۆڵێکی زیاتر لە کاروبارەکانی ناوچەکەدا بگێڕن**

**ئەمریکا بە تەواوەتی لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکشێتەوە و بزر نابێت**

**نابێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێندە گوشار لەسەر چین دروست بکات، کە ببێتە هۆی ئەوەی چین بیەوێت هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیادا بکات**

**ڕووسیا دەیەوێت هەلپەرستانە هەڵسوکەوت بکات و ئەوەندەی دەکرێت دەستکەوت بەدەست بهێنێت**

**پرۆسەی بەدیموکراتیکردن دوچاری کێشە و ئاستەنگ بووەتەوە، لەو ڕووەوە کە یەکێتیی ئەوروپا، یان ئەوروپییەکان هاوبەشییەکی نایەکسانیان لەگەڵ ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە**

*** پێشتر و بە تایبەتی لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا باس لەوە دەکرا کە پشێوی و پاشاگەردانی باڵی بەسەر جیهانی ڕۆژئاوادا کێشاوە، بە دیاریکراوی لە بەرامبەر چیندا، بە تایبەتی کە ترەمپ زیاتر کاری لەسەر هەڵگرتنی هەنگاوی تاکلایەنە دەکردەوە، ئێستا بارودۆخەکە چۆن دەبینن و، ئایا پێتان وایە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن توانیویەتی ئەم نیگەرانییانە بڕەوێنێتەوە و دڵنیاییەك دروست بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و زۆر لە کاتی خۆیدایەتی، سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن هەمان سیاسەتی ئیدارەی پێش خۆی پیادە کردووە و درێژەی پێ داوە لە ئاست وڵاتی چیندا، هەروەها ڕووسیا، کەواتە لە دید و تێڕوانینی ئیدارەی ئێستای ئەمریکاوە چین ڕکابەری سەرەکییە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، ئەوەیە کە نابێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێندە گوشار لەسەر چین دروست بکات، کە ببێتە هۆی ئەوەی چین بیەوێت هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیادا بکات. مەبەستم ئەوەیە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەشنێك کار بکات کە هەوڵ بدات دابڕان و دوورکەوتنەوەیەك لە نێوان چین و ڕووسیادا دروست ببێت و ڕێگە نەدات لێك نزیك ببنەوە، چونکە ئەمە دۆخێك دروست دەکات کە زۆر زەحمەتە ئەمریکا بتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات. کەواتە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت دۆخێکی پێچەوانەی سەروەختی ئیدارەی نیکسۆنە، کە لەو کاتەدا نیکسۆن و کیسەنجەر هەوڵیان دەدا چین لە یەکێتی سۆڤییەت دوور بخەنەوە، ئێستا دەبێت هەوڵ بدەن، ڕووسیا لە چین دوور بخەنەوە. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە ڕووسیا دەیەوێت هەلپەرستانە هەڵسوکەوت بکات و ئەوەندەی دەکرێت دەستکەوت بەدەست بهێنێت، دواتر ئێمە دەزانین یەکێتی ئەوروپا پەیوەندییەکی پراگماتیی هەیە لەگەڵ ڕووسیادا، بۆ نموونە وڵاتی ئەڵمانیا پەیوەندیی زۆر باشی لەگەڵ ڕووسیادا هەیە، لەبەر ئەوەی پێویستی بە غاز و سەرچاوەی دیکەی وزە هەیە، هەروەها یەکێتی ئەوروپا بایەخ بە بنیاتنان و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەدات لەگەڵ چیندا، هەرچەندە چین گرنگی بە پرسی بەدیموکراتیکردن و مافەکانی مرۆڤ نادات و یەکێتی ئەوروپاش هەندێ جار ئەم پرسانە دەورووژێنێت، بەڵام تەفزیلی پەیوەندییە ئابوورییەکان دەدات بەسەر ئەم پرسانەدا. واتە ڕاستە ڕەنگە گلەیی و ڕەخنە لە چین بگیرێت، بەڵام ئامادەییەك بەدی ناکرێت بۆ پچڕاندنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵیدا، کەواتە ئێمە ئەم چوارە پایە سەرەکییەکی سیستمی جیهانیمان هەیە و دەبێت چاودێریی بکەین و، ببینین ئایا ئەم پەیوەندییانە چۆن بەرەوپێش دەچن. لەم ڕووەوە پێم وایە دەبێت یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ بدەن زەمینەیەکی هاوبەش بدۆزنەوە لە نێوانیاندا و، هەوڵ بدەن لێکنزیکبوونەوە لە نێوان ڕووسیا و چیندا نەیەتە ئاراوە.

*** زۆر باس لە پرسی بە دیموکراتیکردن، یان پاشەکشە و داکشانی دیموکراسی دەکرێت لە سەر ئاستی جیهان، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و، ئایا پێتان وایە ئەگەرەکانی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چین؟**

- ئەمەش پرسیارێکی باشی دیکەیە، ڕاستە دیموکراسی و بە دیموکراتیکردن پرسێکی گرنگن، بە تایبەتی بۆ یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئێمە دەزانین پرۆسەی بەدیموکراتیکردن دوچاری کێشە و ئاستەنگ بووەتەوە، لەو ڕووەوە کە یەکێتیی ئەوروپا، یان ئەوروپییەکان هاوبەشییەکی نایەکسانیان لەگەڵ ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە، بە چەشنێك بایەخەکە چڕ نابێتەوە لەسەر چۆنیەتی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، بەڵکو لە سەر سەرکوتکردنیانە، کە ئەمەش دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە و لێ دەکەوێتەوە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە هاوڕایی، یان تێڕوانینێکی هاوبەش نییە لە بارەی دەستەواژەکەوە، واتە لە ئەوروپا ئەم چەمکە گرێ دەدەرێتەوە بە چەند بەهایەکی دیاریکراوەوە، کە مەرج نییە هەمان تێڕوانین لە ئاست ئەم بەهایانەدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی



ناوەڕاستدا هەبێت، لەم ڕووەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، ئایا چ شتێك ئەولەوییەتی هەیە، واتە چ بەهایەك گرنگیی زیاتر و ئەولەوییەتی هەیە. لەبەر ئەوە زەحمەتە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموو ئەو کارانە بکەن کە ئەوروپییەکان خوازیاریانن، هەروەها دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین، ئێمە دەزانین هەمیشە یەکێتی ئەوروپا جەخت لەسەر گرنگیی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکاتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەندێك لە ڕێکخراوەکانی سەر بە دەوڵەت لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاریان کردووە، کە بە هیچ شێوەیەك ئەو پێناسەیەی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییان بەسەردا جێبەجێ نابێت، کە ئەوروپییەکان باوەڕیان پێی هەیە. دواتر ئەگەر ئێمە باسی پرسی بەرەوپێشبردنی ئابووری بکەین، ئەوا مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا چۆن ئەم بەرەوپێشچوونە بەدەست بهێنین، کە لە ڕاستیدا ئەمە پەیوەستە بە پرسی لیبراڵیزەکردنی ئابوورییەوە، کە هەندێ جار ئەم لیبراڵیزەکردنە ئابوورییە هەڵکشانی ڕێژەی هەژاریی لێ دەکەوێتەوە، کەواتە ئەگەر ئێمە لە ڕووی بەهای ئابوورییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، بۆچی ئێمە لیبراڵیزەکردنی ئابووری بە گرنگتر لە هەژاری بزانین؟ دواتر دەبێت ئێمە بایەخ بە بەها سیاسییەکانیش بدەین، مەبەستم ئەوەیە ڕاستە بەرەوپێشچوونی ئابووری گرنگە، بەڵام سەقامگیریی سیاسییش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە لە غیابی سەقامگیریدا ناتوانیت هەنگاو بۆ بە دیموکراتیکردن هەڵبگریت، لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵە فاکتەرێك هەن کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن. هەرچۆنێك بێت دەبێت ئەوە بڵێین کە بەبێ ڕۆڵێکی بنەڕەتی و سەرەکیی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناکرێت بەرەوپێشچوون بەدی بهێنرێت. ڕاستە یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت هاوکار بێت، بەڵام ناتوانێت هەموو کارێك لە بری هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بکات، واتە دەبێت یەکێتی ئەوروپا هەوڵ بدات خۆی لە پەیوەندییە کۆنە ئیستیعمارییەکە لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا لا بدات، بەڵکو دەبێت لەبری ئەوە هەوڵی دروستکردن و پەرەپێدانی هاوبەشییەك بدات، ئەمە هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هاوکار دەبێت بۆ پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا و، ئەمە دەبێتە هۆی شەرعییەتدان بە هەوڵ و سیاسەتەکانی ئەم یەکێتییە لەم ناوچەیەدا، ئایا ئەمە پرۆسەیەکی دژوار و زەحمەتە؟ بەڵێ، ئایا پرۆسەیەکی خاو و لەسەرخۆیە؟، بەڵێ، بەڵام هەرچۆنێك بێت ڕێگەیەکی یەکسەرە نییە.

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەندێک لە ڕێکخراوەکانی سەر بە دەوڵەت لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاریان کردووە، کە بە هیچ شێوەیەک ئەو پێناسەیەی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییان بەسەردا جێبەجێ نابێت**



پڕۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان

شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# پێویستە هۆشدارییەکەی وەزیری دارایی عێراق ڕامانچڵەکێنێت

**لێدوانەکەی وەزیری دارایی عێراق بەوەی وڵاتەکەی بەرەو دارمان دەچێت، ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر پشتبەستن بە داهاتی نەوت، دووبارە ئەو کێشەیەی خستەوەڕوو کە خەلەلێکی گەورە لە هەیکەلی ئابووریی عێراق هەیە و، کاریگەریی خراپی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان شارەزا و پسپۆڕی ئابووری کرد. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** هەرچەندە هۆشدارییەکەی وەزیری دارایی عێراق (عەلی عەللاوی) بەوەی لە ماوەی ١٠ساڵی داهاتوودا ئابووریی عێراق ئەگەر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت ببەستێت، بەرەو دارمان دەچێت، هۆشدارییەکی نوێ نەبوو، بەڵام جەختکردنەوەیەکی فەرمی بوو بەو مەترسییەی چاوەڕوانی ئابووریی ئەم وڵاتە دەکات. وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی ئابووری سەرنجتان لەسەر ئەم مەترسییە چییە؟**

- ئەو مەترسییەی وەزیری دارایی عێراق ئاشکرای کرد بەوەی لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا ئابووریی عێراق دووچاری دارمان دەبێت، مەترسییەکی نوێ نییە و لای ئابووریناسان ڕوون و ئاشکرایە و چەند ساڵێکە پسپۆڕانی ئابووری و شارەزایانی ڕێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەوەی چیتر نابێت عێراق بۆ بودجەکەی پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت ببەستێت، تەنانەت لەمەش زیاتر ئابووریی عێراق بە دەست چەند خەلەلێکی ئابووری و دارایی قووڵەوە دەناڵێنێت، ئەو خەلەلە ئابوورییەی کە لە ئاکامی کۆمەڵێك سەرکردەی نەزانی سیاسییەوە دووچاری بووە و نەیانتوانی ئابووریی عێراق لە میراتی شەڕ وماڵوێرانی و گەمارۆی ئابووریی ساڵانی حەفتا و هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی ڕژێمی بەعس دەرباز بکەن. هەرچی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمەش لە ٢٠٠٣وە هاتنە سەر حوکم، خاوەنی ئەزموون و توانایەکی بەرز و باش نەبوون، کە بتوانن دەسەڵاتێکی نیشتمانیی باش دروست بکەن، بە جۆرێك کە بتوانێت ئابووری لە سەر سکەی ڕاست و دروستی خۆی بەرەو ئابوورییەکی لیبراڵی و دوور لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی بەرێت، وڵاتی نەوت و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی بووە وڵاتی هەژاری و عەسکەریی کۆمەڵگە و ناتەبایی سیاسی و پشێویی ئابووری و لاوازیی دارایی.

*** زۆر لەو وڵاتانەی داهاتی نەوتیان هەیە، وڵاتی پێشکەوتوون و خەڵکەکەی لە ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانیدان، وەکو شارەزایەکی ئابووری هیچ ئومێدێکت هەیە بەوەی عێراق لە مەودایەکی مامناوەندا ئابوورییەکەی بەرەو وەرچەرخانێکی گەورە بەرێت؟**

- گرفتەکە لەوەدا نییە ئابووریی عێراق بە ئابوورییەکی ڕەیعی تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت پشتی بەستووە، بەڵکو لە غیابی سەرکردەیەکی نیشتمانی بەهێزدایە کە بتوانێت کۆتایی بەو ئاڵۆزی و بێ سەروبەرییە بهێنێت، کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان گیرۆدەی بوون و، داهاتی نەوتیان بۆ گەندەڵی و دروستبوونی کارتێل و مافیای نەوت بردووە و هەرچی پلان و بەرنامەش بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و بووژانەوەی کشتوکاڵ و پیشەسازی هەیە، لە بازنەیەکی داخراوی پڕ لە قەیراندا دێت و دەچێت و، لەگەڵ شنەبایەکی قەیرانەکاندا بەفیڕۆ دەچێت، کۆمەڵگەش هەر دیلی ئابوورییەکی مشەخۆرە و وەك کۆمەڵگەیەکی تەمبەڵ ماوەتەوە. هەرچەندە من هیچ سیاسەتێکی ئابووریی واقیعی و ڕاست و دروست نابینم کە لە مەودایەکی مامناوەندا ئابووریی عێراق لە ئابوورییەکی تاکە سەرچاوەی نەوت بگۆڕێت بەرەو ئابوورییەکی فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی داهات. ساڵێك بەهای نەوت بەرزە و ڕوو لە گەندەڵی و بە هەدەردانی سامان دەچین و لەگەڵ قەیرانێکدا هەمووی وەکو

**وڵاتی نەوت و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی بووە وڵاتی هەژاری و عەسکەریی کۆمەڵگە و ناتەبایی سیاسی و پشێویی ئابووری و لاوازیی دارایی**

**حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق داهاتی نەوتیان بۆ گەندەڵی و دروستبوونی کارتێل و مافیای نەوت بردووە**

**ئەگەر عێراق تووشی قەیرانێکی دیکەی دارمانی بەهای نەوت ببێت، ئەوە بۆ چەندین دەیە بەرەو دواوە دەچینەوە و توانای دابینکردنی مووچەکانیشی نابێت**

بڵقی سەر ئاو بەفیڕۆ دەچێت. خۆ ئەگەر شیکارییەکی بودجەی عێراق لەم دە ساڵەی ڕابردوودا بکەین کە تا دێت خەرجییەکانی ڕوو لە هەڵکشان دەکات و بەراوردی بکەین بە دە ساڵی داهاتوو، ئەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەگەر بەهای بەرمیلێك نەوت لە بازاڕە جیهانیەکانیشدا هەر وا بە بەرزی بمێنێتەوە، لە مەودایەکی مامناوەنددا هەر دووچاری کورتهێنانی بودجە دەبین، ئەوە ئەگەر بەهای نەوتیش دانەبەزێت، خۆ ئەگەر عێراق تووشی قەیرانێکی دیکەی دارمانی بەهای نەوت ببێت، ئەوە بۆ چەندین دەیە بەرەو دواوە دەچینەوە و توانای دابینکردنی مووچەکانیشی نابێت. چارەسەری ئەم واقیعە تاڵە ئاسان نییە، بەڵام ئاستەمیش نییە. گرووپێکی شارەزا و پڕۆفیشناڵ و پاڵپشت بە دەسەڵاتێکی بەهێز دەتوانن نەزیفی ئابووریی ڕابگرن و، هەنگاو بە هەنگاو پلانێکی ستراتیژی لە ئەرزی واقیع جێبەجێ بکەن و، وڵات لە بازرگانەکانی نەوت و بەهەدەردانی دراوی قورس دەرباز بکەن و، پاڵپشتیی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خۆراکی بکەن و، هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی بەرەو پێشەوە ببەن. خۆ بووژانەوەی ئەم دوو کەرتە ئەوەندەی پێویستی بە پاڵپشتی و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی هەیە، ئەوەندە پێویستی بە هاوکاریی دارایی نییە. سەیرەکە لەوەدایە، ئەوەی ڕەخنە دەکرێت و کۆمەڵگە هۆشدار دەکاتەوە، سیاسەتمەدار و بەرپرسانی دارایی و ئەو ڕاوێژکار و شارەزایانەی ئابوورین کە لە هەرەمی دەسەڵاتی حوکمڕانیدان و لە شکستەکان خۆیان ناکەنە بەرپرسیار، وەکو ئەوەی دەوترێت شکست بێ دایك و باوکە.

*** باشە ئەگەر بارودۆخەکە بەو ئاراستەیە مەترسیدار بێت، ئەی بۆ ئێمەی ئابووری کوردستان کە لە زۆر بواری وەکو بەشە بودجە و خەرجی و پێداویستییە سیادییەکان و بابەتی سیاسەتی بانکی ناوەندی و دینار وابەستەی ئابووریی ناوەندین، بارودۆخەکەی ئێمە چۆن دەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ پێویستە هۆشدارییەکەی وەزیری دارایی عێراق ئێمە ڕاچڵەکێنێت، خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان لە زۆر بابەتی سیاسی و سیادی و سەربازی و دیپلۆماسیدا جۆرێك لە نیمچە سەربەخۆیمان هەبێت، خۆ لە بواری دارایی و سیاسەتی نەختینەیی و دراو و پشکی هەرێم لە بودجە و بەشە خۆراك و دەرمان و شایستە داراییەکان و خەرجی سیادی و دەیان بابەتی دیکەی دارایی وابەستەی ئابووریی عێراقین و، دەبێت ئەو بوێری و ئازایەتییەمان تێدا بێت، ددان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لەلایەك پاشکەوتەی ئابووریی عێراقین و ساڵ بە دوای ساڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق پشکی هەرێمیان لە ١٧٪ بەرەو ١٢٪ و ٩٪ و دواتر تەنیا ٢٠٠ ملیار دینارێکی مانگانە کەم کردووەتەوە، لەلایەکی دیکەوە زیاد لە پێویست وابەستەی ئابووریی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێرانین و، دراوی قورسی کوردستان وەکو نەزیف بۆ ئەو دوو وڵاتە دەچێت و ئێمەیان وەکو بەکارهێنەر و بەکاربەرێك دێتە بەرچاو و لە خاڵە سنوورییەکاندا ناهاوسەنگیی هەنارده و هێنراوەکان لە لۆرییە بارهەڵگرەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەم خوێندنەوەیە ئەگەر عێراق دووچاری قەیرانی دارایی و ئابووری بێت، بۆ ئێمە قەیرانەکە دوو هێندە دەبێت.

*** وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاوێژت پێ بکات، ڕێنمایی و ڕاسپاردەت چی دەبێت؟**

- ئەم ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم تەحەددایەکی گەورەدایە، دەبێت بکەوێتە گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی نوێی شیعە بۆ گەڕانەوەی پشکی لە ١٧٪ی بودجەی هەرێم و ڕەچاوکردنی خواستی کورد لە یاسای نەوت و غاز و دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی دیکەی هەرێم بێت، لەنێوخۆشدا دەبێت چاکسازییەکانی لە گەڕانەوە و کۆنترۆڵکردنی داهاتی نەوت و خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆی یەکلاکردبێتەوە و هەمووی بخاتەوە ناو یەك سەبەتەوە و کۆتایی بە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی بهێنێت و، ئەوەندە خۆی سەرقاڵی چاکسازییە بچووکەکانی مووچە و دەرماڵە و بابەتەکانی دیکە نەکات. من ناڵێم ئەمانە گرنگ نین، بەڵام لە ئابووریدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە چاکسازی دەکرێت و گرنگ و گرنگتر هەیە.

**گرووپێکی شارەزا و پڕۆفیشناڵ و پاڵپشت بە دەسەڵاتێکی بەهێز دەتوانن نەزیفی ئابووریی ڕابگرن و، هەنگاو بە هەنگاو پلانێکی ستراتیژی لە ئەرزی واقیع جێبەجێ بکەن و، وڵات لە بازرگانەکانی نەوت و بەهەدەردانی دراوی قورس دەرباز بکەن**

**زیاد لە پێویست وابەستەی ئابووریی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێرانین و، دراوی قورسی کوردستان وەکو نەزیف بۆ ئەو دوو وڵاتە دەچێت**

**لە خاڵە سنوورییەکاندا ناهاوسەنگیی هەنارده و هێنراوەکان لە لۆرییە بارهەڵگرەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت**

**دەبێت گرووپێکی شارەزا و پسپۆڕ کار بۆ گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و هەموو ئەو قەرزانە بکات و شێوازێکی زانستی و ڕاست و دروستی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لەنێوخۆدا متمانەی بۆ بگەڕێتەوە**



لەلایەکی دیکەوە دەبێت گرووپێکی شارەزا و پسپۆڕ کار بۆ گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و هەموو ئەو قەرزانە بکات و شێوازێکی زانستی و ڕاست و دروستی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لەنێوخۆدا متمانەی بۆ بگەڕێتەوە. وەك دەزانن حکومەتە قەرزارەکان متمانەی بازاڕ و وەبەرهێنەران و ئابوورییان نییە و بە حکومەتی لاواز دادەنرێن و زۆرجار نەك پارە و داهات ئاودیوی دەرەوەی هەرێم دەکرێت، بەڵکو دیاردەی کۆچیش زیاد دەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی بەهێزی دارایی نییە کە بتوانێت ئەرکی سەرشانی دارایی و مووچە لەئەستۆ بگرێت. ئێمە نابێت چاوەڕوانی حکومەتی داهاتووی عێراق بین، یان پشتی بێ ببەستین، چونکە سەرجەم حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان لە ٢٠٠٣وە دژایەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە و خاوەنی دیدگایەکی ئابووری ڕاست و دروست نەبوون، حکومەتی شکستخواردووش ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی دارایی و ئابووری توند دەبێت و سەرکەوتنەکانیشی لەئاست خواست و داواکارییەکانی شەقامدا نابێت، کێشە لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی بەهێزدایە کە سەرقاڵی چاودێری و بەدواداچوون بێت، نەوەکو سەرقاڵی شکاندنی حکومەت بێت، بۆ ئەوەی خۆی جێگای بگرێتەوەو لەسەر ئەو شێوازە حوکمڕانییە بەردەوام بێت. ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەغیابی کەسانی ژیر و شارەزا و دڵسۆزی ئابووریدا وێڵین، ساڵ دەڕوات و ئێمە لە جێگای خۆمان دەسووڕێینەوەو حزب و پەرلەمانتار و خەڵکی ئاسایش بوونەتە چاودێر و شارەزای ئابووری و هەریەکەو لە ئاوازێك دەخوێنێت و هەمووی باسی شکست و گەندەڵی و کەموکورتی دەکات و هاوکار و یارمەتیدەر نین لە چارەسەرەکاندا، هەروەها هەتا بەرهەمی عێراقی و کوردستانی لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستاندا ون بێت، ئەوە شکستی بەرنامەی ئابووری و پلانی پەرەپێدانمان دەردەخات و بەو واتایە دێت ئێمە لە نەفرەتی نەوت و تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت دەرباز نەبووە و پاشکەوتەی وڵاتانی دراوسێین. دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر کابینەی نۆیەمدا دەبێت ئەوەندە بووێریمان تێدا بێت، هەڵسەنگاندنی کەرتەکانمان هەبێت و مەبدەئی سزاو پاداشتمان هەبێت.

**کێشە لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی بەهێزدایە کە سەرقاڵی چاودێری و بەدواداچوون بێت، نەوەکو سەرقاڵی شکاندنی حکومەت بێت، بۆ ئەوەی خۆی جێگای بگرێتەوە**



# کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی لە کوردستان هەنگاوێکی گرنگە



ماوەیەکی زۆر خواستی زۆربەی زانایانی ئایینی ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی هاوچەرخ و میکانیزمێکی گونجاو، پەرە بە بواری مەعریفەی ئایینی و خوێندنی ئیسلامیی ئەکادیمی لە کوردستان بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە زۆربەی کۆڕ و کۆنفرانس و بۆنە ئایینییەکاندا وەك پێشنیار و پێویستی و چارەسەر، ئەم پرسە دەخرایە ڕوو.

لە ڕوانگەی هەستی بەرپرسیارێتی و کارکردن بۆ هێنانەدیی ئامانجە ستراتیژییەکان، یەکێتیی زانایان بە ئاراستەی هەرسێ ڕەهەندی ئایینی و نەتەوەیی و پیشەیی، بەردەوام هەوڵ و هەنگاوی پێویستی ناوە و کاری کردووە بۆ پارێزگاری و بە زیندوویی هێشتنەوەی ڕێڕەوی ڕەسەنی گەورە زانایانی کورد، کە هەمیشە هەڵگری ڕێچکە و ڕێبازی ئایینپەروەری و نیشتمانپەروەری بوون لەلایەك و، دانەبڕان لە ڕەوڕەوەی جیهانی ئێستا و بایەخدان و پێشخستنی دۆخی زانستی و گوتاری ئایینی لەلایەکی دیکەوە، لەو پێناوەدا هەر چییەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد و بەرەوپێشچوونی ڕەوشەکە لە کوردستان پێویست و گونجاو بێت، کاریان بۆ کردووە و بۆی تێکۆشاون، لەم پێناوەشدا چ لە ڕابردوو، چ لە ئێستادا ڕێگەی خزمەت و تێکۆشان و تەنانەت خەبات و شۆڕش و بەرگری لە خاك و خەڵکیان گرتووەتە بەر و، خاوەن قوربانیی زۆر و دەستکەوتی گەورەشن لەم مەیدانە.

**یەکێتیی زانایان بە ئاراستەی هەرسێ ڕەهەندی ئایینی و نەتەوەیی و پیشەیی، بەردەوام هەوڵ و هەنگاوی پێویستی ناوە و کاری کردووە بۆ پارێزگاری و بە زیندوویی هێشتنەوەی ڕێڕەوی ڕەسەنی گەورە زانایانی کورد**

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە زانایانی کورد و مزگەوت و حوجرە و مەدرەسە زانستی و ئایینییەکانی کوردستان، لەسەر ئاستی ئایینی و نەتەوەیی، ڕۆڵێکی شەرەفمەندانە و گرنگیان لە خزمەتکردنی گەل و وڵاتدا هەبووە، کە وەك شانازییەکی گەورە لە مێژوودا تۆمار کراوە، ئەمەش لە ناچاری و بەزۆر نەبووە، بەڵکو خەمخۆرییان بۆ کیان و کۆمەڵگە و هەستی نەتەوایەتی و، زادەی تێگەیشتنی دروست و پەیامی میانڕەوی و قەناعەتی دینداری بووە، کە بووەتە وزەبەخش و پاڵپشتێکی گەورەی سەرکەوتنەکان و پەروەردەکردنی تاکی کورد، لەسەر نەهجێکی پاك و ئاوێتە بە هەر دوو هەستی ئایینپەروەری و نیشتماندۆستیدا.

**نکۆڵی لەوە ناکرێ کە زانایانی کورد و مزگەوت و حوجرە و مەدرەسە زانستی و ئایینییەکانی کوردستان، لەسەر ئاستی ئایینی و نەتەوەیی، ڕۆڵێکی شەرەفمەندانە و گرنگیان لە خزمەتکردنی گەل و وڵاتدا هەبووە**

ئاساییە ئەگەر بڵێین لە ئەنجامی کزبوون و لاوازیی ئەم ناوەندە مەعریفی و هەستە بەرزە، لە



**مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەنجامی هەموو ئەم ئالنگاری و گۆڕانکارییانەی بە هۆکاری جیا جیا هاتنە پێشەوە، دۆخێکی نەخوازراو ڕووی لە کۆمەڵگەی ئێمە کرد، کە خۆی لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خەڵکی دیکە و لێکەوتەی توندڕەوی و پەرتەوازەیی و نالەباریدا زەمینەی بەهێزبوونی ڕەوت و ڕێڕەوی پەیڕەوانی ئایینیدا بینییەوە، کە وای کرد ناوەندی پێگەیاندنی کادری ئایینی لاواز و کەم بەرهەم بن و بۆشاییەکی گەورە لەو بوارە دروست ببێت.

یەکێتی زانایان وەك پەرۆشی دۆخەکە و تامەزرۆی بەهێزکردنی ناوەندی پێگەیاندنی زانای ئایینی و، بڵاوکردنەوەی تێگەیشتن و هۆشیاریی زانستی لەمەڕ چەمکە شەرعی و بابەتە حزبییەکان، هەمیشە بە دوای دەرفەتەوە بووە، لەو سۆنگەوە ڕۆژی ٢٩ی٩ی٢٠٢١ مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی زانایان لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، چەند پرسێکی تاوتوێ کرد و، یەکێ لەوانە بابەتی کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی بوو، کە وەك پێشنیار خرایە بەر دەستی بەڕێزیان، بە خۆشحاڵییەوە ڕایگەیاند «هەر چییەك بۆ خزمەتی زانایان و ڕەوشی ئایینی پێویست بێت، دیراسەی دەکەین و ئەوەی مومکین بێت بڕیاری بۆ دەدەین».

خۆشبەختانە لە بەرواری ٧ی١٢ی٢٠٢١ لە نووسراوێکی فەرمیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی ڕاسپارد، کە کاری پێویست بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی زانایان و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجام بدات، بە مەبەستی دیراسەتکردنی ئەم بابەتە و، دیاریکردنی ڕاسپاردە و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی یەکێتی زانایان، کە کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامییە لە کوردستان.

دوای ئەم هەنگاوە یەکێتی زانایان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی خۆیدا لە ١٥ی١٢ی٢٠٢١ وێڕای گەنگەشەکردنی بابەتەکە، سوپاس و پێزانینی یەکێتی زانایانی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کرد، کە پێشنیارەکەی یەکێتی زانایانی بە هەند وەرگرتووە و، لایەنی مەعنیی بۆ دیاریکردنی میکانیزمی پەیوەست ڕاسپاردووە.

وێڕای ئەمەش ئەم هەنگاوە دەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و، بووە مایەی خۆشحاڵییەکی زۆری سەرجەم زانایانی ئایینی و هەموو ئەوانەی تامەزرۆی ڕەوتی مەعریفە و زانستی ئیسلامی و پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیارن لە کوردستان، کردنەوەی وەها زانکۆیەك ئومێد و ئاسۆیەکی گەورە بۆ ڕۆڵەکانی کورد بینا دەکا، کە کاریگەریی زۆری دەبێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەو نێوەندە هەبووە، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی دەبێت لە سەرپەرشتیکردنی بواری زانستی ئیسلامی و پێگەیاندنی کادری ئایینی بە شێواز و بناغەیەکی ئەکادیمیی خۆماڵی و کوردپەروەرانە.

ئەم زانکۆیە وەك ناوەندێکی ئەکادیمیی ئیسلامی، بە ئاست و تێگەیشتنێکی دروست و پێویستەوە ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە بووژانەوەی کولتوور و ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا، هەروەها ئیعتیبار و ڕوویەکی جوانتر لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بۆ کورد وێنا دەکات و، دەبێتە فاکتەری خێر لە ڕووی ئەکادیمی و پیشاندانی واقیعی کۆمەڵگە لە ڕووی پاراستن و پەیڕەوکردن و خزمەتکردنی ڕێبازی شەریعەت، هاوکات بەرەو پێشبردنی فەرهەنگ و توراسی ئیسلامی و تەوزیفکردنی چەمکە ئایینییەکان لە سەر ئەو ڕێڕەوەی گەورەزانایانی کورد چوارچێوەیان بۆ دارشتووە، دواجار دەبێتە پردێکی بەهێز لە نێوان باڵاکردنی زانیاری و مەعریفەی ئیسلامی و بەخشینەوەی لە خزمەتی کۆمەڵگەدا، کە وەك دامەزراوەیەکی باڵای توێژینەوە و زانستە شەرعی و ئیسلامییەکان، مەودای دەرفەتی خوێندنی ئیسلامی فراوان و زەمینەی لەباوەشگرتنی سەرجەم لق و پۆی پەیمانگە و کۆلێژ و بەشە ئیسلامییەکانی نێو زانکۆکانی کوردستان خۆش دەکات، بەشێوەیەك کە بە کامڵبوون و هەڵکشانی ئەزموونی ئەکادیمی، قوتابیانی دەرەوەش بتوانن ڕووی تێ بکەن و، وەك زانکۆکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی جێگەی دیار بێت.


هەروەها هۆکار دەبێت بۆ ڕەخساندنی زەمینەی خوێندن بۆ هەموو ئەوانەی تامەزرۆی خوێندنن لە بواری زانستە ئیسلامییەکاندا، بە هەموو پسپۆڕی و ئاستەکانیەوە، لە هەمانکاتیشدا سەرچاوەیەکی گرنگیش دەبێت بۆ زیادکردنی داهاتی هەرێم و گێڕانەوەی خەرجیی ئەو قوتابییانەی ڕوو دەکەنە

**مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی زانایان لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، چەند پرسێکی تاوتوێ کرد و، یەکێ لەوانە بابەتی کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی بوو، کە وەك پێشنیار خرایە بەر دەستی بەڕێزیان**

**ئەم زانکۆیە وەك ناوەندێکی ئەکادیمیی ئیسلامی، بە ئاست و تێگەیشتنێکی دروست و پێویستەوە ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە بووژانەوەی کولتوور و ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا**

دەرەوە، لە ڕووی دابینکردنی کورسیی خوێندنی باڵا و کردنەوەی پسپۆڕییە تازەکان کە تا ئێستا زۆرێك لە قوتابیانی کورد بە خەرجییەکی زۆر بۆ پسپۆڕیی بابەتە ئایینیەکان ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کردووە و، بەشێکی ئەوانەش کاریگەر بوون بە ژینگەی ئەو وڵاتانە و، هەندێ جاریش لە جیاتی خزمەت ئیحتیکاك لە گەڵ ئەزموون و ئیدارەی ئەم وڵاتانە دروست بووە.

ماوەتەوە بڵێم لەدایکبوونی ئەم زانکۆیە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هەموو کوردستان، دڵنیام زۆر شتی گەورەش پێشکەش بە کوردستان دەکات، بەو هیوایەی کە بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی زانکۆ سەرکەوتووەکانی جیهانی ئیسلامی و دانانی ستراتیژێکی هاوچەرخی ئەکادیمی، بکەوێتە سەر پێ و لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و توانای مرۆیی و دامەزراوەیی و پێکەوەگرێدانی هەردوو ئاستی توراسی ئیسلامی و ئینسانیدا، بە پێشهاتە زانستیە نوێیەکان و دروستکردنی کێبڕکێی ئەکادیمی و پێشکەشکردنی توێژینەوەی هاوچەرخ و، کۆکردنەوەی بەرهەمی زانایان و بەکارهێنانی لە خزمەتی نیشتمانیدا، جێ پەنجەی خۆی لە گۆڕەپانی کوردستاندا دیاری بکات، تا دواجار ببێتە ناوەندێکی کارا و هاریکار لە دانان و پتەوکردن و بەرەوپێشبردنی بواری زانستی و بانگەوازی ئایینی و سەرپەرشتیکردنی ناوەندە ئایینیەکان و بواری پەروەردەی ئیسلامی و پێشکەشکردنی خزمەتی شایستە، لە بەرەوپێشبردنی کیان و کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی و میانڕەوی و نەهێشتنی بیری نامۆ و شپرزەیی و بیری توندڕەوی.



حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان

ژمارە: ١٥٢٧٢
ڕێکەوت: ١٦/١٢/٢٠٢١

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی وەزیر
بابەت/ دامەزراندنی زانکۆیەکی ئیسلامی

سەبارەت بە داواکاری (یەکێتی زانایانی ئایینی) لەمیانی دیداری تایبەتیان لەگەڵ بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/٢٩) تایبەت بە (کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان)، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر فەرمانی جەنابیان:

کاری پێویست ئەنجام بدەن بە هەماهەنگی لەگەڵ هەریەك لە (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) و (وەزارەتی پلاندانان) و (یەکێتی زانایانی ئایینی) بە دیراسەکردنی ئەم بابەتە و دواتر بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی داواکاری ئاماژە پێکراو.

لەگەڵ ڕێزدا..

د. ئومێد صباح عثمان
سەرۆکی دیوان

وێنەیەک بۆ:
• نووسینگەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسراوتان ژمارە (٧٩٥ لە ٢٠٢١/١١/٢)/ بۆ ئاگاداری/ لەگەڵ ڕێزدا..
• وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی/ نووسینگەی وەزیر
• وەزارەتی پلاندانان/ نووسینگەی وەزیر
• یەکێتی زانایانی ئایینی
بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە/ لەگەڵ ڕێزدا..
• سەرۆکایەتی دیوان
• دۆسیەی گشتی
• خولاو

Address: Kurdistan Region-Iraq
www.gov.krd




موسا ئەحمەد

بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:

# هاوكاریی پێویستمان بە ٢٩٠٥ خێزانی زیانلێكەوتووی لافاوەكەی هەولێر گەیاندووە

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو دەزگایەکی خێرخوازیی ناحکوومی لەژێر ڕۆشنایی وتەی بارزانیی نەمر «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت» لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە، لەم پێناوەشدا بە درێژایی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بە سەدان کاری خێرخوازیی بەرچاوی ئەنجام داوە و بە فریای هەموو ئەو نەتەوە و پێکهاتانەش کەوتووە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە هۆی شەڕی داعش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. مەودای کاری ڕێکخراوی بارزانی ئەوەندە فراوان بووە، دەستی هاوکاریی گەیاندووەتە بەنگلادیش و یەمەن و ئوستراڵیا و سووریا و چەندین وڵاتی دیکە، ئەمەش هەمووی لەپێناو ئاشتی و ئارامی و مرۆڤایەتی و بەفریاکەوتنی لێقەوماوان بووە، بۆ قسەکردن لەسەر بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی شاری هەولێر چەند پرسیارێکمان ئاراستەی موسا ئەحمەد بەرپرسی دەزگای ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

سەرەتا سەبارەت بە لافاوەکەی شاری هەولێر و ڕۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووان موسا ئەحمەد بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گوتی: «بەپێی ئەو کارانەی دەزگاکەمان ئەنجامی داوە، ئێمە خاوەنی ئەزموونێکی بەرزی پێشکەوتووین لە هاوکاریی زیانلێکەوتووان و بەهاناوەچوونی لێقەوماوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتێکی وا گەورەی سرووشتیدا، تیمەکانمان لە ئاستێکی بەرزی شارەزایی و لێهاتوودان و هەر زوو لەگەڵ یەکەم ساتی لافاوەکەدا بە هانای زیانلێکەتووان چوون و لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی «دەزگای خێرخوازیی بارزانی»ـن، زۆرترین کۆمەك و هاوکاریمان گەیاندە زیانلێکەوتووان، لە سەرەتای کەوتنەوەی لافاوەکە خەڵکی زیانلێکەوتووانی لافاوەکە و دەزگا ئیدارییەکانی پارێزگای هەولێر پەیوەندییان پێوە کردین، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بێ جیاوازی و لە هەموو شوێنێکدا بە هاوشانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی شاری هەولێر، بەتایبەتی لەگەڵ دەزگا خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی شارەوانی کاری هاوبەشمان دەست پێ کرد، ڕاستەوخۆ خواردنی گەرم ئامادە کرا و بە سەر هەموو ئەو خێزانانەی لە لافاوەکەدا زیانیان بەرکەوتبوو دابەش کرا. لەمەدا سوپاسی خەڵکی هەولێر دەکەم کە نموونەیەکی جوانی هەموو جیهانن لە بەهاناوەچوونی لێقەوماوان و هاوکاریکردنی خەڵکی زیانلێکەوتوو. لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو تیمانەی ئێمە کە بە سەر چەند گرووپێکدا دابەش بوون، هەر لە ئامادەکردنی خواردنی گەرم تاوەکو تیمی پاککردنەوە و هاوکاریکردنی هاووڵاتیان و تیمی هەڵسەنگاندن و ناونووسکردنی زیانلێکەوتووان. هەموو ئەم کارانەش بە سەرپەرشتیی ناوەندی قەیرانەکانی پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوون، بەتایبەتی دوای هاتنی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لای هاووڵاتیانی زیانلێکەوتووی لافاوەکەی هەولێر و، هەمووانی ئاگادارکردەوە بەوەی ئەوپەڕی توانا و هەوڵی خۆمان بدەین بۆ خزمەتی هاووڵاتیانی خۆشەویستی شاری هەولێر، ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕووی پاککردن و ڕێکخستن و خەملاندنی زیانەکانەوە لەپرۆسەیەکی فراوان و ئاڵۆز و گەورەدا دەست بە کار کرا، تیمێکی بەرفراوانمان ڕاسپارد بۆ سەرژمێریکردنی زیانەکانی هاووڵاتیان کە بە سەرکەوتوویی لە ماوەیەکی کەمدا کۆتایی پێهات و زۆربەی زۆری زیانەکان تۆمارکران. هەر ئەو کات بە هاوکاریی بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان کە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ

**ڕابەر و مەرجەعی کوردستان سەرۆک بارزانی هەمیشە داوای لێ کردووین بە هانای لێقەوماو و پەناهەندە و ئاوارەکانەوە بین و لە کاری خێرخوازی مرۆیی درێغی نەکەین**

**لە سەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی «دەزگای خێرخوازیی بارزانی»ن، زۆرترین کۆمەک و هاوکاریمان گەیاندە زیانلێکەوتووان**

دابینکردنی ئامێرەکانی شۆفڵ و حەفارە و قەلاب و تەنکەر و پێداویستییەکانی دیکە کە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە خێرا بەڕێوەچوونی هەڵمەتی پاککردنەوەی ماڵەکان و گەڕەك و شەقامەکان و لابردنی خۆڵ و خاشاکی لافاوەکە.
دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە لافاوەکەی شاری هەولێر لە دابینکردنی خواردنی گەرم و هاوکاریکردنی خێزانەکان بۆ پاککردنەوەی ماڵەکانیان ڕۆڵی گەورەی گێڕا، ئەمەش کاری سەرەکیی ڕێکخراوەکانی خێرخوازییە کە ئیشێکی سەرەتاییە بۆ بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووان و هاوکاریکردنیان. لەم کارەساتە سرووشتییەدا هەموو هەولێکمان بەگەڕخستووە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکی شایستە دابین بکەین کە لە کەم وڵاتی دونیا بەو شێوەیە لە کاتی کارەساتەکاندا توانایان هەیە خواردنی گەرم بۆ ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیانیان دابین بکەن.»

سەبارەت بە هاوکاریی دابەشکراو بۆ زیانلێکەوتووانی لافاوی پارێزگای هەولێر بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گوتی: «هەرچەندە دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەردەوامە لە پێشکەشکردنی هاوکارییەکانی، بەڵام تاوەکو ١٢/٢٦ی ساڵی ٢٠٢١ دەزگاکە توانیویەتی ٢٧٩٠ پارسیلی خۆراك و ٢٤٤٧٠٠ لیتر نەوت و ٢٢١٨ سوپا و ٢٣٤٠ فەرشی ٥٢ مەتر دووجا و ١١٧٠٠ بالیف و ١١٧٠٠ دۆشەك و ١٢٧٤٠ بەتانی و ٥٠٠ سەلاجە و ٥٠٠ تەباخ و ٥٠٠ غەسالە و ٤٠٠ بوتڵی غاز و ١٤٧٢٠ ژەمە خۆراکی گەرم دابەش بکات، بەمەش پاکێجی سەرەتای کەل و پەلی ناوماڵ و کەل و پەلی کارەبایی و نەوت و خۆراکی دابەشکراو بۆ ٢٩٠٥ خێزانی زیانلێکەوتووی لافاوی پارێزگای هەولێر دابەش کراوە. ئەمە وێڕای ئەو هەماهەنگی و هاوبەشییەی کارکردن بۆ یارمەتیدانی زیانلێکەوتووانی لافاوەکە لە نێوان دەزگا خێرخوازییەکان و دەزگا ئیدارییەکان و پارێزگا و وەزارەتی شارەوانی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، کە ئەمە لە کەم شوێنی دونیا دەبیندرێت، ئومێدەوارم قەرەبووی ئەو خانەوادانە بکرێتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکێکی هەژارە، چونکە بەپێی لێژنەی هەڵسەنگاندنی زیانەکان کە فۆرمێکی تایبەت بە زیانەکانی ئەو خەڵکە تۆمار کراوە، زۆربەیان خەڵکی هەژارن، ئومێدەوارم هەموو لایەك هاوکار و پشتیوان بن. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی خۆی هەیە و ئومێدەواریشم حکومەتی عێراق چاوێك بەو بڕە هاوکارییە کەمە بخشێنێتەوە کە ڕایگەیاندووە، چونکە قەبارەی کارەساتەکە زۆر گەورەیە، سوپاسی وەبەرهێنەران و گەورە کۆمپانیاکان و سەرمایەدارانیش دەکەین کە هاوکار بوون، ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردین، بەداخەوە لافاوەکە زیانی گیانییشی لێ کەوتەوە، وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی سوپاسی هەموو ئەو خەڵکە دەکەین بەوەی بە هاوکارییەکی کەمیش بێت، دەستی هاوکارییان درێژ کرد و بە فریای زیانلێکەوتووان هاتن، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ژمارە حیسابی ڕاگەیاند لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی یەك سەرچاوە هەبێت بۆ کەمپینی هاوکاریی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر، دوای دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان بابەتی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان دێت، کە ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فراوانە، چونکە زیانی گیانی و ماڵی و ئۆتۆمبێل و چەندین بابەتی دیکە لەخۆ دەگرێت و دوای دابینکردنی پارەیەکی کاش هەڵمەتەکە دەست پێ دەکرێت.»

بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سەبارەت بە پلان و بەرنامەیان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ گوتی: «دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕووی فریاکەوتنی زیانلێکەوتووان و قوربانییەکانی شەڕ و ماڵوێرانی و گەشەپێدانی مرۆیی و پاراستنی ژینگە و ڕاهێنان و خەمەکانی هاووڵاتیان خاوەنی دیدگایەکی فراوانە، بەتایبەتی کە دەزگاکەمان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش کاروباری خۆمان بەجێ هێناوە، بەڵام خەمی سەرەکیی ئێمە، خەمی کوردستانییانە، بۆیە لە پلانی ٢٠٢٢ی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، پرسی کۆچ و بێکاری لەگەڵ گرنگیدان بە لایەنی مرۆیی و خێرخوازی بایەخی تەواوی پێ دەدرێت، ئێمە بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردووش کارمان لەسەر کردووە، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی

**سوپاسی خەڵکی هەولێر دەکەم کە نموونەیەکی جوانی هەموو جیهانن لە بەهاناوەچوونی لێقەوماوان و هاوکاریکردنی خەڵکی زیانلێکەوتوو**

**لە کەم وڵاتی دونیا بەو شێوەیە لە کاتی کارەساتەکاندا توانایان هەیە خواردنی گەرم بۆ ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیانیان دابین بکەن**

**ئومێدەواریشم حکومەتی عێراق چاوێك بەو بڕە هاوکارییە کەمە بخشێنێتەوە کە ڕایگەیاندووە، چونکە قەبارەی کارەساتەکە زۆر گەورەیە**

**لە پلانی ٢٠٢٢ی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، پرسی کۆچ و بێکاری لەگەڵ گرنگیدان بە لایەنی مرۆیی و خێرخوازی بایەخی تەواوی پێ دەدرێت**



ئـاوارە و پەناهەنـدەش کـە ڕێـژەی لـە ٣٠٪ی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتانیان پێکهێنـاوە، لەگـەڵ ئـەم فشارەشـدا ڕابـەر و مەرجەعـی کوردسـتان سـەرۆك بارزانـی هەمیشـە داوای لـێ کردوویـن بـە هانـای لێقەومـاو و پەناهەنـدە و ئاوارەکانـەوە بێـن و لـە کاری خێرخـوازی مرۆیـی درێغـی نەکەیـن، هـەر لەسـەر ئـەم ڕاسـپاردە و داواکارییـە بـۆ ئەمسـاڵیش بـەردەوام دەبیـن لـە کاری خێرخـوازی و یارمەتیدانـی لێقەومـاوان و کەمدەرامـەت و یارمەتیدانـی کوردانـی ئێـزدی و کوردانـی ڕۆژئـاوا. لێرەشـدا دەمەوێـت ئامـاژە بـە خاڵێکـی گرنـگ بکـەم، ئەویـش گرنگیدانـی جیهانـی ڕۆژئـاوای پێشـکەوتوو بـە هەرێمـی کوردسـتان لـەو ڕوانگەیـەوە هاتـووە، کـە لـە نـاو جەرگـەی ڕۆژهەڵاتێکـی نائـارام و ناسـەقامگیردا هەرێمـی کوردسـتان پێگەیەکـی ئـارام و لانکـەی پێکـەوە ژیـان و لێبـووردن و بەهاناوەچوونـی لێقەوماوەکانـە، لەمەشـدا سـەرۆك بارزانـی و پێشـمەرگە و خەڵکـی کوردسـتان ڕۆڵێکـی گەورەیـان هەیـە، بـۆ پاراسـتنی ئـەم سـیما جـوان و پیـرۆزەی مرۆڤایەتـی. ئەوەتـا سـەرەڕای ئازادبوونـی ناوچەکانیـان، بـەڵام بەشـێکی زۆری ئـەو ئـاوارە و پەناهەندانـە، هەرێمـی کوردسـتان بە ئـارام دەبینـن و متمانەیـان بـەم هەرێمـە هەیـە و لێـرە کەرامەتـی ئـەو مرۆڤانـە پارێـزراوە، تـا ئـەو خەڵکـەش لێـرە بێـت، ئێمـە خۆمـان بـە خزمەتکاریـان دەزانیـن، بـە تەئکیـد دوای گەڕانەوەشـیان دەزگای خێرخـوازی بارزانـی بەرنامـە و پرسـی چڕتـری هەیـە، بەتایبەتـی لـە پەرەپێدانـی توانـای گەنجـان و پێشـکەوتنی کایەکانـی دیکـەی ژیـان.

**گرنگیدانی جیهانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوو بە هەرێمی کوردستان لەو ڕوانگەیەوە هاتووە، کە لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتێکی نائارام و ناسەقامگیردا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ئارام و لانکەی پێکەوە ژیان و لێبووردن و بەهاناوەچوونی لێقەوماوەکانە**




**دکتۆر عەلی رەشید**

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# هەڵمەتی پاککردنەوە لە هەموو ئەو بەستانەی ڕوو لە هەولێر دەکەن دەستی پێ کردووە

# ئەو لێژنەیەی بۆ بەدواداچوونی هۆکارەکانی لافاوەکە دروست بووە دەرئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە

**ئەو لافاوەی لە ماوەی ڕابردوودا لە هەولێر ڕووی دا، کە قوربانی مرۆیی و زیانی گەورەی لێکەوتەوە، مایەی هەڵوەستەلەسەرکردنە، بەڵام ئەوەی لە هەمان کاتدا جێی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە خودی سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەی بەپەلەی کرد و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ دکتۆر عەلی خۆشناو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری هەولێر ئەنجام دا.**

*** پێشتر مەترسیی دروستبوونی لافاوی هەولێر، تەنیا ناو شار و کێشەی ئاوەڕۆکان بووە، بەڵام ئەمساڵ ئەوە دووجارە مەترسییەکی دیکە سەریهەڵداوە، ئەویش تێکدان و پڕکردنەوەی ڕێڕەوە سرووشتییەکانی ئاوەڕۆی بارانە، ئایا وەك ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر چۆن ئەمەتان بەسەردا تێپەریوە و پێشتر حیسابتان بۆ نەکردووە؟**

- مەسەلەی لافاو لە هەولێر نوێ نییە، هەر لە کۆنەوە لە هەولێر لافاو هەبووە و زۆرجار سەنتەری شاری گرتووەتەوە. لەبیرمان نەچێت لە ساڵی ٢٠١٣ ئەو بەستەی دارەتوو لافاو گرتییەوە، بەڵام لافاوەکە زۆر زەرەر و زیانی نەبوو و، وەك ئەوەی ئەمساڵ نەچووە ناوماڵی هاووڵاتیان بە بەرزیی مەتر و مەترونیوێك کە بە هۆیەوە خەڵك تووشی ئێش و ئازار بێت. هەر بۆیە دەتوانم بڵێم: هەرچەندە زانست و تەکنەلۆژیا پێش بکەوێت، ناتوانرێت ڕێگا لە لافاو بگیرێت، نموونەش وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا وەك: (چین، ئەڵمانیا و فەرەنسا) کە تووشی لافاو دەبن، بەڵام دەکرێت بەرکەوتە و زەرەر و زیانەکانی لافاو کەم بکرێتەوە. ئەو دوو لافاوەی ئەم جارەش لە هەولێر ڕوویان دا، لە هەقیقەتدا پێویست بوو لێژنەی لافاوی پارێزگاکان هەر لە سەرەتای وەرزی زستاندا بەرنامە و پلانی ساڵانەی خۆیان ئامادە بکەن، ئەویش بە خاوێنکردنەوەی ڕێڕەوەکانی ئەو کەندانەی ڕوو لە شار و قەزاو ناحیەکان دەکەن، ئەمە نەك تەنیا لە ناو شاری هەولێر، بەڵکو لە قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری شارەکانیش پێویستە ئەو پلانە جێبەجێ بکرێت. ئەوەی ئێمە دەیبینین هەم لە لافاوی یەکەم هەم لە لافاوی دووەم بەتایبەتی لەسەر لافاوی دووەم کە زەرەر و زیانێکی گەورەی هەبوو کە ١٢قوربانی لێ کەوتەوە و جێگای نیگەرانییەکی گەورەیە. من وەك ئەوەی کە دکتۆرایەکەم لەسەر سەرچاوەکانی ئاوە، سەردانی سەرچاوەی ئەو بارانەم کرد لە گوندی چەمرگە و گردیشە کە دەکەونە سەرووی دارەتوو، لە سەردانەکەم دیتم بەنداوێکی بچووك هەیە، (بەنداوی چەمرگە) هێشتا تەواو نەبووە، واتە ئاو گل ناداتەوە، چونکە دەرگای ژێر بەنداوەکە کراوەتەوە و ئەو ئاوەی بۆی دێت، دەڕوات و لە سەرووی بەنداوەکە ڕێگایەکی قیرتاو هەیە کە لە ژێری چەند کونە پردی تێدایە و ئەو بارانە زۆر و بەلێزمەیە هاتووە کونە پردەکان کە نەگیراویشن،

**هەرچەندە زانست و تەکنەلۆژیا پێش بکەوێت، ناتوانرێت ڕێگا لە لافاو بگیرێت، نموونەش وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا وەك: (چین، ئەڵمانیا و فەرەنسا) کە تووشی لافاو دەبن، بەڵام دەکرێت بەرکەوتە و زەرەر و زیانەکانی لافاو کەم بکرێتەوە**

**پێویست بوو لێژنەی لافاوی پارێزگاکان هەر لە سەرەتای وەرزی زستاندا بەرنامە و پلانی ساڵانەی خۆیان ئامادە بکەن، ئەویش بە خاوێنکردنەوەی ڕێڕەوەکانی ئەو کەندانەی ڕوو لە شار و قەزاو ناحیەکان دەکەن**

بەڵام ئاو هاتووەتەوە سەر ڕێگاکە و، بەنداوەکەش سەرەڕای ئەوەی تەواویش نەبووە، ئەوا چونکە ئاوەکە زۆر بووە، کۆی کردووتەوە و پڕ ئاو و ئاوڕێژ بووە. واتە ئاوێك هاتووە لە چاوەڕوانی کەسدا نەبووە و لەپاڵ ئەوەشدا لە هەقیقەتدا هەندێ هۆکاری دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ساڵانە پێویستە ئەو ڕێڕەوانە خاوێن بکرێتەوە و ئەو تەنیشتانەی لاوازن، پێویستە بەهێز و بەرز بکرێنەوە. بێگومان ئەو پلانەی کە پێویستە ساڵانە جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو پلانە ئەمساڵ ئەنجام نەدرابوو. لەو شوێنە دوو بەست هەیە، کە یەکێکیان پێی دەگوترێت «پیرە بەست» کە سەرچاوەکەی زۆر دوور نییە و ئاوی زۆری پێدا نایەت، بەستی دووەم «بەستی گردیشە»، دێتەخوارەوە بە دیوی خوارووی بنەسڵاوەدا دەڕوات کە دەگاتە دارەتوو، دەبێتە دوو بەش، بەشێکی دەڕژێتە پیرەبەست و بەشەکەی دیکە شۆڕ دەبێتەوە و دەچێتە ئەو کونەپردەی کە لەژێر ڕێگای کەرکووك هەیە و لەوێوە دەپەڕێتەوە بۆ گەڕەکی ژیان، بەڵام کە ئاوەکە زۆر زیاتر بووە لە قەبارەی کونەپردەکە و لە سەرەتای کونەپردەکەش ڕێڕەوەکە گیرابوو، کە خەلك زبڵوخاشاکی لێ ڕێشتووە، هەر بۆیە ئاوەکە زۆرتر ڕووی لە پیرەبەست کردووە، ئەو بەستەش توانای ئەو قەبارە ئاوی نەبووە، لەوێوە بووەتە لافاو و ئەو بەربەستەی کە بە خۆڵ لە سەر کەندی گردیش کراوە، ئەویشی تەقاندووە و بەرەو ڕێگای کەرکووك ڕۆیشتووە، کە لە لایەکی چووەتە ناو بەشی ناوخۆی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، کە زەرەر و زیانی گیاندووە. ئەمانەی ئاماژەم پێ کردن، هۆکاری سەرەکیی لافاوەکەیە، ئەگەرچی لێرەو لەوێ خەڵك دەڵێت: هۆکار ئەوەیە کە پرۆژەی وەبەرهێنان لەسەر بەست و ڕێڕەوەکانی ئاوی سرووشتی دروست کراون، بەڵام لە کاتێکدا بچینە سەر (گووگڵ ئێرپ ماب) نیشانی دەدات کە ئەو بەست و ڕێڕەوانە هیچیان لەسەر دروست نەکراوە و، لە کاتێکیشدا هەر پرۆژەیەك بچێتە سەر ئەو بەست و شوێنانە زۆرترین زەرەر دەکات. ماوەی چەند ساڵە باران کەم باریوە، بۆیە خەڵك زیاتر لە کەند و ڕێڕەوەکانی ئاو نزیك بوونەتەوە و لە کاتی بارانبارینی وا زۆریش ئەو خەڵکانەی لەو شوێنانە نزیکن تووشی زیان دەبن، ئەگەرچی دەزانین باوك و باپیرانی ئێمە قەت نەچوونەتە سەر ڕێچکەی ئاو، بەڵکو هەر چوونەتە شوێنە بەرزەکان، هەر بۆیە لێرەوە داوا دەکەین لە خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکان نزیك نەبنەوە لە ڕێرەوی بەست و کەندەکان، چونکە لە کاتی بارانی زۆر مەترسیی لافاو دەکرێت، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین زەرەر و زیانەکان لەو لافاوەدا زیاتر بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت کەوتووە.

*** دوای لافاوەکەی یەکەم، پارێزگای هەولێر دەستی کرد بە هەڵمەتێك بۆ پاککردنەوەی کۆرنیش، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە نزیکە لە گەڕەکی ڕۆشنبیری، بەڵام هەڵمەتەکە زۆر فراوان نەبوو، ئەگەر فراوان بووایە ئەو کەندانەشی دەگرتەوە کە پڕکرابوونەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەك پارێزگا پێشتر هەستتان بە مەترسیی لافاو کردبوو لە کۆرنیش، بۆچی ئەم مەترسییە بە جددی وەرنەگیرا؟**

- بە شێوەیەکی لاوەکی هەستمان بەو مەترسییە کردبوو و لێرە و لەوێ لەو شوێنە هەندێك کار کرابوو، بەڵام کارەکانیش پێویستە تەواوکاری بێت، نەك پچڕپچڕ بێت، بۆیە حکومەتی هەرێم و پارێزگاری هەولێر پێڕانەگەیشتن هەموو کارەکانی کە پێویست بوون، جێبەجێی بکەن، بەڵام لە لافاوەکەدا جگە لە بەڕێز پارێزگاری هەولێر بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە یەکەم ساتەوە لەسەر هێڵ بووە لە سەر ئەو زەرەر و زیانانەی لە ئەنجامی لافاوەکە هەبوو، شەوی هەینی کە لافاوەکە بوو، جەنابیان بەیانییەکەی گەیشتنە پارێزگای هەولێر و کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا لەگەڵ سەرجەم بەرپرسان، کە منیش تێیدا بەشدار بووم. نیگەرانییەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەت زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، و زۆریش خەفەتبار بوون. بۆیە من دەڵێم ئەو لێژنەی ئێستاکەش پێکهاتووە دەرئەنجامێکی زۆر باشی دەبێت و لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی جەنابیان دەبێت، ئەو جۆرە ڕووداوانە دووبارە نەبێتەوە و بە هەموو توانایەك شەو و ڕۆژ لێژنەی ئێشکگری لە کارکردندا بن لە شارەوانی، هەم

**ماوەی چەند ساڵە باران کەم باریوە، بۆیە خەڵک زیاتر لە کەند و ڕێڕەوەکانی ئاو نزیک بوونەتەوە و لە کاتی بارانبارینی وا زۆریش ئەو خەڵکانەی لەو شوێنانە نزیکن تووشی زیان دەبن**

**داوا دەکەین لە خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکان نزیک نەبنەوە لە ڕێرەوی بەست و کەندەکان، چونکە لە کاتی بارانی زۆر مەترسیی لافاو دەکرێت**

**زەرەر و زیانەکان لەو لافاوەدا زیاتر بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت کەوتووە**

**بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە یەکەم ساتەوە لەسەر هێڵ بووە لە سەر ئەو زەرەر و زیانانەی لە ئەنجامی لافاوەکە هەبوو**

لە ئاوەڕۆ و بەرگریی شارستانی و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش، هەروەها هەڵمەتی پاککردنەوە نەك تەنیا لە کۆڕنیش، بەڵکو لە هەموو ئەو بەستانەی ڕوو لە هەولێر دەکەن، دەستی پێ کردووە، تاوەکو بە شێوەیەکی باش پاك بکرێتەوە و، ئامادە بکرێت ئەو ئاوەی باران کە دەڕژێتە ناویان، بتوانێت وەری بگرێت و نەبێتە گرفت و لە ڕێچکەی خۆی لانەدات و بەرەو ماڵان بڕوات. پێویستە ئەوەتان لێ نەشارینەوە کە هاووڵاتی پاشماوەی ماڵەکانیان فڕێداوەتە ناو ئەو بەستانە و کاری حکومەتە چاودێری ئەوە بکات و لەپاڵ ئەمەشدا پێویستە حکومەتی لۆکاڵ واتە شارەوانی و شارەوانییەکان و ئاوەڕو و ئاودێری ڕێگا نەدەن خەڵك زبڵ و خاشاك و پاشماوەی ماڵەکانیان فڕێ بدەنە ئەو بەستە و ڕێڕەوانەی ئاو کە دەبێتە هۆی گیرانی کونە پردەکان و لە پاشان ئاوەکەی لە ڕێچکەی خۆی لادەدات.

*** دوای ئەم لافاوە کە بەداخەوە ١٢ قوربانی لێ کەوتەوە و زیاتر لە هەزار ماڵ ئاوی تێ چوو و نزیکەی ٧٠٠-٨٠٠ ئۆتۆمبێل زیانیان پێ گەیشت، لە سەر فەرمانی سەرۆکی حکومەت لێژنەیەك بۆ «بەدواداچوونی ڕاستییەکان» دانراوە و وا بڕیارە کە ئەم لێژنەیە شەفافانە ئەو کەس و لایەنانە ئاشکرا بکات کە بوونە هۆکاری ئەوەی زیانەکانی ئەم کارە سرووشتییە بەو ئاستە گەورە بێت، کاری ئەم لێژنەیە بە کوێ گەیشتووە؟ ئایا وەك ئەنجومەنی پارێزگا بڕیار دەدەن ئەو سەرپێچییانەی کراونەتە سەر ڕێڕەوی ئاوەڕۆی باران، لای بدەن، ڕاشکاوانەتر هەتا ئەگەر پرۆژەشی لەسەر دروست کرابێت؟**

- ئەوە لێژنەکە چەند ڕۆژێکە کارەکانی تەواو کردووە و کارەکانی وردەکارییە و وردەکارییەکانیش دەدرێت بە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەوێوە بڕیارەکان دەردەچێت، ئێمەش بە ڕۆڵی خۆمانەوە وەك ئەنجومەنی پارێزگا و لێژنەی شارەوانیی ئەنجومەنی پارێزگا چوونەتە شوێنی ئەو لافاوە و هەم لە داهاتوودا لە سەر وردەکاریی ئەو بارودۆخە و قەرەبووکردنەوە ڕادەوەستین و، هەر لە ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/٢٣ لە پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجام درا، کە تێیدا دوازدە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا یاداشتیان داوە کە پشتگیرییان لە جەنابی پارێزگار کردووە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو دوو ملیار دینارەی کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ کۆمەکی خەڵکی هەولێری ناردووە کە لەو لافاوەدا زەرەر و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە. لەلایەکی دیکەوە هەر لە سەرەتای ئەو لافاوەوە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەزگای ڕوانگە بڕی یەك ملیار دیناری وەك کۆمەك پێشکەش بە خەڵکی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر کرد، ئەمە شایانی دەستخۆشییە و لە هەمانکاتدا دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە هەموو پرسەکان و خۆیان و ستافیان لە ئامادەباشیدا بوون و هەموو کات سەرتۆپی کارە لەناکاوەکان و هاوکارییەکانی حکومەت بوون.

*** ئەوەی لە هەڵمەتی کۆمەك کۆکردنەوە بووە جێگەی سەرنج، کۆمەکی پارێزگای هەڵەبجە بوو بۆ لافاوەکەی هەولێر، ئەم کۆمەکەی هەڵەبجە ئەوەی پیشان دایەن کە هەڵەبجە هاوسۆزییەکی گەورەی بۆ هەولێر هەیە،ئایا ئەم هاوسۆزییەی هەڵەبجە بۆ هەولێر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەڵەبجە شوێنێکی گەورەی لە ناو دڵی هەموو کوردێکدا هەیە. هەڵەبجە ئەو شارەیە بووە قوربانیی دۆسیەی کوردو کوردستان. هەروەها دەتوانم بڵێم هەولێر لە کاتی لێقەومان هەمیشە سینگ و باوەشی بۆ هەموو خەڵکێك کردووەتەوە، چ لە دهۆك، چ لە هەڵەبجە، چ لە سلێمانی و چ لە شارەکانی دیکەی عێراق، یان برا کوردەکانمان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕوو لە هەولێر دەکەن و خەڵکی هەولێر ئەو کەسانەن باوەشیان بۆ دەکەنەوە و ئێستاش خەڵکی هەڵەبجە بەشێك لەو هەڵمەت و هەڵوێستە جوامێرانەی خۆیان نواندوە و ئێمەش زۆر سوپاسیان دەکەین، نەك تەنیا هەڵەبجەش بەڵکو سلێمانی و دهۆك و شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەگشتی و شارەکانی عێراق و وڵاتانی جیهان کە هەوڵدەدەن کۆمەك بگەیەننە لێقەوماوان و زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر، سوپاسی وەبەرهێنەرەکانی هەرێمی کوردستانیش دەکەین.

**پێویستە حکومەتی لۆکاڵ واتە شارەوانی و شارەوانییەکان و ئاوەڕو و ئاودێری ڕێگا نەدەن خەڵك زبڵ و خاشاك و پاشماوەی ماڵەکانیان فڕێ بدەنە ئەو بەست و ڕێڕەوانەی ئاو کە دەبێتە هۆی گیرانی کونە پردەکان و لە پاشان ئاوەکەی لە ڕێچکەی خۆی لادەدات**

**جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەزگای ڕوانگە بڕی یەك ملیاری وەك کۆمەك پێشکەش بە خەڵکی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر کرد، ئەمە شایانی دەستخۆشییە**

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە هەموو پرسەکان و خۆیان و ستافیان لە ئامادەباشیدا بوون و هەموو کات سەرتۆپی کارە لەناکاوەکان و هاوکارییەکانی حکومەت بوون**

**هەولێر لە کاتی لێقەومان هەمیشە سینگ و باوەشی بۆ هەموو خەڵکێك کردووەتەوە**

# ئایینی ئیسلام هەڵگری پەیامی ئاشتی و لێبووردەیی و ئارامگرتنە دژی هەموو توندوتیژی و خوێنڕێژییەکە بەتایبەتی خۆکوشتن

گەورەترین تاوان لە دوای شیرك و هاوەڵدانان بۆ خوای پەروەردگار کوشتنی نەفسێکە کە لەلایەن خوداوە پێمان دراوە و زانایان بە دووەم گەورەترین تاوان لە ئیسلامدا هەژماریان کردووە، ئیسلام کە ئایینی ئاشتی و لێبووردەییە بە توندترین شێوە دژی هەموو توندوتیژی و خوێنڕێژییەکە بەتایبەت خۆکوشتن، کەچی لەبەر دووربوونمان و پابەندنەبوونمان بە ئایینەوە، ئەمڕۆ زۆرترین خۆکوشتن و توندوتیژی لەناو موسڵمانان ئەنجام دەدرێت، بە ڕاستی دیاردەی خۆکوشتن هەم لەناو موسڵمانان، هەمیش لە ناو میللەتی کورد دیاردەیەکی نامۆ بوو بەم میللەتە، کاتی خۆی زیاتر لە ناو چینی ئافرەت ڕووی دەدا، بەڵام ئێستا خەریکە پیاوان لە ڕیزبەندی یەکەمن لە خۆکوشتن، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین بۆ کەمکردنەوەی ئەم تاوانە مەترسیدارە و پێویستە بزانین هەموو ئەو تاوانی خۆکوشتن و خوێنڕێژییانەی ئەمڕۆ موسڵمانان ئەنجامی دەدەن، شەرعی و ڕێگا پێدراو نییە لە ئاییندا، جا ئەوەی زۆر جێگای داخە خۆکوشتن لەسەر شتی بچووك و کەم نرخ بووە بە دیاردە لە ناوماندا، وەك خۆکوشتن لەسەر دەرنەچوون لە خوێندن، یان قەرزاری، یان کێشەی کۆمەڵایەتی و...هتد، وای لێهاتووە لە کەمترین حاڵەتدا پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن.

**لەبەر دووربوونمان و پابەندنەبوونمان بە ئایینەوە، ئەمڕۆ زۆرترین خۆکوشتن و توندوتیژی لەناو موسڵمانان ئەنجام دەدرێت**

**هەموو ئەو تاوانی خۆکوشتن و خوێنڕێژییانەی ئەمڕۆ موسڵمانان ئەنجامی دەدەن، شەرعی و ڕێگا پێدراو نییە لە ئاییندا**

خۆکوشتن یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان و خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) خۆتان مەکوژن بە دەستی خۆتان، خوای گەورە بە بەزەیی و میهرەبانە لەگەڵتان، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێ: (من قتل نفسه بشيءٍ في الدنيا عُذِّب به يوم القيامة) واتا مرۆڤ بە چ شتێك لە دونیا خۆی «انتحار» بکات، لە ئاگری دۆزەخ بەو شێوەیە و بەوشتە سزا دەدرێت. بۆ نموونە: کەسێك لە بەرزاییەك خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، لە ئاگری دۆزەخ سەکۆیەکی بڵندی بۆ دادەنێن و بەم شێوازە خۆی دەکوژێتەوە.

ئیسلام بۆ چارەسەری خۆکوشتن ئومێدی داناوە و، مروڤەکان دەبێت ئومێدیان بە ژیان هەبێت، بۆ نموونە پێغەمبەری (د.خ) خوا دەفەرموێ: (ئەگەر لە دەستی ئێوەدا نەمامێك، دارێك بوو بۆ چاندن، زانیتان قیامەت داهات، ئەو دارە بچێنن)، ئەوە ئەو پەڕی ئومێد و هیوایە بە ژیان، بۆ نەهێشتنی خۆکوشتن پێویستمان بە دروستکردنی هیوا و ئومێدە لای تاك، بێ ئومێدبوون مرۆڤ دووچاری شکەست و بێهێزی و لەنێوچوون و تیاچوون و خۆسووتاندن و خۆکوشتن دەکات. ئازایەتی لەوەدایە مرۆڤ لە پێناو هیوا و ئەمانجەکانی بەردەوامی بە ژیان بدا، بێهێزی لەوە دایە مرۆڤ خۆی لە نێو بەرێ و بەردەوامی بە ژیان نەدات، بۆ ئەوەی trووسکەی هیوامان درەوشاوە بێت، پێویستە خاڵێك ڕەچاو بکەین کە مرۆڤ نابێت بێ ئومێد بێت لە میهرەبانیی



مەلا موزەفەر سورچی

پێشنوێژ و وتارخوێن لە شاری هەولێر

خوای پەروەردگار: (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ). ئەی پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم). واتە، بەو بەندانەم بڵێ کە زیادەڕۆییان کردووە لە تاوان و سەرپێچیدا، بێ ئومێد نەبن لە ڕەحمەتی خوا، بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت، (ئەمە ئومێدبەخشترین ئایەتە لە کتابی خوای گەورە، و سەحابە زۆر دڵیان پێ خۆش بووە.)

**چارەسەری بێ ئومێدی**

پێویستە بزانین دونیا بۆ تاقیکردنەوە و بەڵا و ناخۆشی دانراوە، بۆیە پێویستە کەسی ژیر و تێگەیشتوو نەفس و دەروونی خۆی نیشتەجێ بکات لە سەر ئارامگرتن.

پێغەمبەری خوا لە ئامۆژگاری بۆ عەبدوڵڵا کوڕی عەباس فەرمووی:(وَاعْلَمْ أَنَّ فِي الصَّبْرِ عَلَىٰ مَاتَكْرَهُ خَيْرًا كَثِيرًا، وَأَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ، وَأَنَّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْبِ، وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا)، واتە بزانە لە ئارامگرتن و خۆڕاگرتن لە سەر ئەوەی بەسەرت دێت و پێت ناخۆشە، خێر و چاکەی زۆری تیایە، بێگومان سەرکەوتن لە هەموو کارێك لەگەڵ خۆڕاگرتندا بە یەکەوە بەستراون، هەروەها دەرچوون لە ناخۆشی هەر لەگەڵ ناخۆشیدایە و بۆت دەبێ، هەموو کارێکی سەختیش ئاسانییەکی لەگەڵدایە وناخۆشی لادەبا.

ئیمامی عومەر (ڕ.خ) دەیفەرموو باشترین ژیانمان لە خۆڕاگریدا دۆزییەوە.

ژیان ژانە، ژانیش سەرەتای ژیانە، مرۆڤ هەر سەرەتا ژیانی بە ژانی دایکی دەست پێ دەکا، دواتر چەندین ژان لە ژیانی خۆی دەبینێ، بەڵام هەر لەگەڵ ژاندا ژیان هەیە، چۆن کرێکارێك بە ژانی دەستی خۆی ژیانی خۆی و خێزانی دابین دەکا. ئەوەش بزانە هەموو شتێك لە ژێر توانایی خوای گەورەدایە ( وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِنْ يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)نەهێشتنی بێکاری و فەراغ زۆر گرینگە، ئەویش بەوە چارەسەر دەکرێ: دروستکردنی هەلی کار و چەسپاندنی دادپەروەری لە نێوان کۆمەڵگە، بە جۆرێك کە کەس هەست بەوە نەکات کە هاووڵاتیی ڕێزلێگیراو نییە، واتە جیاوازییان لەگەڵ نەکرێت و بە دادپەروەری یاسایان لە نێوان جێبەجێ بکرێ. خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّواْ ٱلْأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِٱلْعَدْلِ) لە کۆتاییدا دەڵێین خۆکوشتن هیچ کاتێك چارەسەری کێشەکان ناکات، بە ئارامیگرتن و هەوڵدان و ئومێد، کێشەکان چارەسەر دەبن، بۆیە بە خۆکوشتن دونیا و دوارۆژت لە دەست دەدەی، خوای گەورە هەموو لایەك لە دڵتەنگی بە دوور بگرێت و چارەسەری کێشەی کێشەدارانمان بکات.

**ئەوەی زۆر جێگای داخە خۆکوشتن لەسەر شتی بچووک و کەم نرخ بووە بە دیاردە لە ناوماندا، وەک خۆکوشتن لەسەر دەرنەچوون لە خوێندن، یان قەرزاری، یان کێشەی کۆمەڵایەتی**

**ئیسلام بۆ چارەسەری خۆکوشتن ئومێدی داناوە و، مرۆڤەکان دەبێت ئومێدیان بە ژیان هەبێت**

# هەڵکشانی ڕێژەی خۆکوژی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە

**وێڕای هەوڵە گشتگیرەکانی حکومەت بۆ باشترکردنی دۆخی گوزەرانی هاووڵاتیان، حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان لە هەڵکشاندایە، هەواڵە گەرمەکانی ڕۆژ لە بارەی خۆکوشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەر دوو ڕەگەزەوە زەنگێکی مەترسیدارە و هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵگە دەکات، چەندین نموونەی زیندووش هەن، کە پێویستیان بە هەڵوەستە لەسەرکردنە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان باس لە ڕێکارەکانی چارەسەری ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتییە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ڕۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین: «ژنێك خۆی سووتاند، گەنجێك خۆی هەڵواسی، پیاوێك لە لایڤێكدا كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و.. هتد. لە ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی خۆكوژی بە زەقی هەستی پێ کرا، تەنیا لە ماوەی چوار ڕۆژدا، شەش حاڵەتی خۆكوشتن لە سنووری پارێزگای دهۆك ڕوویان دا.

گەنجێكی تەمەن ٢٢ ساڵ لە گوندی پیرخۆلی سەربە ناحیەی گردەسێن لە سنووری قەزای ئاكرێ خۆی خنكاند، لە كەمپی قادیا لە سنووری قەزای زاخۆ گەنجێكی ئێزدی كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، كچێكی تەمەن ١٦ ساڵ بە ناوی سەلما سەعید لە كەمپی بێرسڤێی ئاوارەكانی شنگال لە قەزای زاخۆ خۆی خنكاند. لە ماوەی یەك ڕۆژدا دوو كچ و كوڕێك لە دهۆك خۆیان كوشت و سەرلەبەیانیی هەمان ڕۆژ، تەرمی ئەسمەهان خدر تەمەن ٢٢ ساڵان دۆزرایەوە، كە دانیشتووی كەمپی ئێسیانی سنووری قەزای شێخان بوو، ئەویش خۆی كوشتووە .لەلایەكی دیكەوە لە ١٨ی نیسان، دوو ژن خۆیان كوشت، ژنێك لە شارۆچكەی كەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بە پەت خۆی خنكاند، هەمان ڕۆژ لە شارۆچكەی شوان لە سنووری پارێزگای كەركووك كچێك بە فیشەك كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەمانە چەند نموونە بوون و دەیان حاڵەتی دیكەش حەشار دراون.

نەسرین حەسەن، نووسەر و ڕۆژنامەنووسە و سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە «خۆكوشتن، بابەتێكی تەنیا تایبەت بە كوردستان نییە، بەڵكو لە مێژووی مرۆڤایەتی و لە تەواوی دونیا بوونی هەیە». هاوكات پرسیار دەكات: «بۆچی مرۆڤ پەنا دەباتە بەر خۆكوشتن و هەوڵێ لە ناوبردنی خۆی دەدات؟» هەر لە وەڵامی پرسیارەكەی خۆیدا دەڵێت: «بەپێی شرۆڤەی دەروونناسان، پەنابردن بۆ خۆكوشتن پەیوەستە بە كۆمەڵێك گرفت و نەخۆشیی دەروونیی تاكەكەسی، وەك: خەمۆكی، بە واتای بێزاربوون لە ژیان.» گوتیشی: «كۆمەڵناسی وەك «دووركیم» ڕای وایە كە خۆكوشتن بابەتێكی كۆمەڵایەتییە و كۆمەڵگە كاریگەری لەسەر خۆكوشتنی مرۆڤ هەیە، وەك هۆكاری سیاسی و شەڕ و ئاڵۆزی و باری خراپی ئابووری ودابڕانی كۆمەڵایەتی كە لەوانەیە لە هەر كەسێكدا ڕوانینی جیاوازی هەبێت. مرۆڤی ئەو سەردەمە دونیایەكی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە، ئاڵوودەبوون بە سۆشیال میدیا بە هەموو كاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەكانیەوە، مرۆڤێكی گۆشەگیر و دابڕاو لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی بەرهەم هێناوە و كارێگەری نەرێنی لەسەر سێكتەرەكانی ژیان دروست كردووە، بە تایبەتی لە بواری پەروەردەكردنی منداڵدا ڕەنگی داوەتەوە».

ئەو ڕۆژنامەنووسە جەخت لەوە دەكاتەوە كە «گیرۆدەبوونی تاك بەوەی كە دەیبیستێ و ئەوەی كە دەیبینێ، جیهانێكی نامۆی بۆ دروست كردووە، نامۆ بە عورف و بە داب و نەریتی كۆمەڵگە و كرانەوەی بە ڕووی جیهانی مۆدێرنەدا، بۆیە ئەوەی لەو قۆناغەدا زۆر

**بەپێی شرۆڤەی دەروونناسان، پەنابردەن بۆ خۆکوشتن پەیوەستە بە کۆمەڵێک گرفت و نەخۆشیی دەروونیی تاکەکەسی، وەک: خەمۆکی، بە واتای بێزاربوون لە ژیان**

**کۆمەڵناسی وەک «دوورکیم» ڕای وایە کە خۆکوشتن بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر خۆکوشتنی مرۆڤ هەیە**



گرنگە، ڕۆڵی پەروەردە و ئاشتکردنەوەی مرۆڤە بە ژیان، شیاندنی چرۆی خۆشەویستییە لە ناخەکاندا، بەهێزکردنی ئیرادە و متمانەی مرۆڤەکانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا، گۆڕینی هزر و بۆچوونە چەوت و نەرینەکانە بە ڕوانینێکی پۆزەتیڤ و گەشبینانە بۆ ژیان، کە پێویستە لە خێزانەوە دەست پێ بکات».

سۆما عەبدوڵا قوتابیی قوناغی چوارەمی بەشی پەروەردە و دەرونزانییە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «خۆکوشتن، دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزە، لە دەرەنجامی هۆکارگەلێکی جیاواز ڕوودەدات. تاك بە تەواوی نائومێد دەبێت و خۆکوشتن بە چارەسەر دادەنێت بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخانەی کە بوونەتە هۆی ئازار بۆی. « هاوکات دەڵێت: «خۆکوشتن دیاردەیەکی جیهانییە و کاریگەریی تەواو نەرێنی لە سەر تاك و خێزان و کۆمەڵگە هەیە».

وەك ئەو قوتابییەی زانکۆ باسی کرد، هۆکارەکانی خۆشتن زۆرن، بەڵام باوترین هۆکارەکانی خۆکوشتن بریتین لە: «خەمۆکی، دووجەمسەری، ئالوودەبوون، توندوتیژی، دەستدرێژی سێکسی، هەستکردن بە گۆشەگیری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و باوترین نیشانەکانی خۆکوژییش بریتین لە: باسکردنی خۆکوشتن، گەڕان بە دوای ڕێگایەك بۆ خۆکوشتن، بەسەربردنی زۆرترین کاتەکان بە تەنیای (بەراورد بە کەسانی ئاسایی) و... هتد. کاتێك کەسێك هەوڵی خۆکوژی دەدات، یان خۆی دەکوژێت، لە ڕووی دەروونییەوە وا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە ئەو کەسە کێشە و گرفت، یان نەخۆشیی دەروونی هەبووە و دەروونی نائارام بووە، یان پێی وا بووە، شایەنی ژیانێکی باشترە، وەك لەم ژیانەی ئێستا، بۆیە پەنا دەباتە بەر خۆکوژی. واتە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وا خوێندنەوە بۆ کەسەکە دەکرێت، کە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی پەنای بردووەتە بەر خۆکوژی، وەکو کێشەی سۆزداری، کێشە خێزانییەکان و جیابوونەوەی دایك و باوك، نەگونجانی دوو هاوسەر، توندوتیژی، باری خراپی دارایی، یان ئەنجامدانی کارێك کە لە نێو کۆمەڵگە گونجاو نییە و هەستکردن بەوەی کارەکەی جێگای قبووڵکردن نییە و....هتد»

سۆما عەبدوڵا ئەوەشی خستەڕوو کە «ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بۆ ڕێگریکردن لە خۆکوژی پێشنیاری ئەم ڕێگایانە دەکات:

کەمکردنەوە و سنووردارکردنی ئامرازەکانی خۆکوشتن، گواستنەوەی هەواڵەکانی خۆکوژی بە بەرپرسیارانە و نەڕازاندنەوەیان، زوو ناسینەوەی ئەو کەسانەی هەوڵی خۆکوژی دەدەن. هەروەها شیکردنەوەی بارودۆخەکان و هاوکاریکردن و چاودێریکردن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.» گوتیشی: «ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکومەتە کە سنوورێك دابنێن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆکوژی و هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکان و حکومەت هەبێت، بۆ یارمەتیدانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە و ڕزگاربوونیان لە بێ هیوایی و میدیاکانیش لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەردەوام بن».

**ئاڵوودەبوون بە سۆشیال میدیا بە هەموو کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانیەوە، مرۆڤێکی گۆشەگیر و دابڕاو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەم هێناوە**

**ئەوەی لەو قۆناغەدا زۆر گرنگە، ڕۆڵی پەروەردە و ئاشتکردنەوەی مرۆڤە بە ژیان، شیاندنی چرۆی خۆشەویستییە لە ناخەکاندا، بەهێزکردنی ئیرادە و متمانەی مرۆڤەکانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا**



## شارا ئەحمەد:

# دڵخۆشم کە خانمان لە سەر دەستی من فێری خواردن دروستکردن دەبن

حەزی دروستکردنی خواردن و شیرینی لای خانمانی دەسترەنگین و بە سەلیقە شتێکی تازە نییە و هەمیشە خانمان حەز دەکەن لەماڵەکانیان بە خۆشەویستییەوە خواردن دروست بکەن، ئەمڕۆش خۆشبەختانە بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا ژمارەیەکی زۆر لە خانمانی کابان و دەسترەنگین لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەو بەهرانەی کە لە هونەری چێشتلێنان هەیانە، لە پەیجەکانیان بڵاوی دەکەنەوە و خەڵکانێك سوود لە شارەزاییەکەیان وەردەگرن.
شارا ئەحمەد مستەفا دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی بەشی ژمێرارییە، وەکو بەڕێوەبەری ژمێریاری لە قوتابخانەیەك دەست بە کارە، هاوسەرگیری کردووە و دایکی کوڕێکە. لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە ئەزموون و بەهرەکانی لە چۆنیەتی چێشتلێنان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# چوارباخ لە نێوان دەستاڕی ژیان و بێباکیی هاوژینەکەی دەنگی ئازادی هەڵدەبڕێت

**چوارباخ خانمێکی گەنمڕەنگی باڵا مامناوەندە، ئەو بە ئەسڵ خەڵکی شاری کۆیەیە و تەنیا ٣٠ بەهاری تەمەنە، کەچی بۆ هۆی ستەمی ڕۆژگار و بێباکیی مرۆڤە بێویژدانەکان پیری بە ڕوخساریەوە دیارە. هاوڕێیەکی پارێزەر چەند ڕۆژێك لەمەوبەر چوارباخی بە گوڵان ناساند و، باسی ئاریشە و مەینەتەکانی ئەو خاتوونەی کرد، گوڵانیش بە پێویستی زانی بە سەری بکاتەوە و لەسەر زاری خۆیەوە وێنای ژیانی بکات.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

چوارباخ دایکی چوار منداڵە و گەورەکەیان تەمەنی تەنیا ١١ ساڵە، وەك خۆی باسی کرد، لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە و، هەر خۆیشی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتووە. ئەو خاتوونە بەم جۆرە باسی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات: «کاتێك کچ بووم و لە ماڵی باوکم بووم، بەو هیوایە بووم، دوای پێکهێنانی هێلانەی ژیانی هاوسەری، لانەیەکی ئارام و گەرم و گوڕم هەبێت و، لە سایەیدا بە ئاسوودەیی ژیان بکەم، دەیان خەونی ڕەنگاوڕەنگم هەبوو، کەچی کاتێك هاوسەرگیریم کرد، دوچاری گرفت و ناخۆشیی زۆر بووم، ڕووبەڕووی خیانەتی

شارا ئەحمەد، خانمە کابانێکی دەسترەنگینە و وەك خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، وەکو حەز و خولیایەك شێوازی دروستکردنی خواردنەکانی لە پەیجەکەی بڵاو دەکاتەوە. هەر لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «بیرۆکەی دانانی پەیجەکەم لەوەوە سەرچاوەی گرت، هەمیشە خزمان و هاوڕێیان پرسیاریان لە شێواز و چۆنیەتی دروستکردنی خواردنەکانم دەکرد، منیش بیرم لەوە کردەوە، ئەگەر پەیجێکم هەبێت، هەم وەڵامی پرسیارەکانیان دەدەمەوە، هەمیش ئەو حەزەی کە هەمە بۆ خستنە ڕووی بەهرەکانم دێتەدی».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا بە تەمایە پرۆژەیەکی بۆ داهاتوو هەبێت؟ گوتی: «وەکو حەز پێم خۆشە پرۆژەیەکی گەورەی فێرکاریم هەبێت، بەڵام من هیچ کاتی بەتاڵم نییە، هەرچەندە هاوڕێکانم بۆ ئەوە هانم دەدەن و، تەنانەت پێم دەڵێن کە ئەوان ستافی کارکردنیشیان حازر و ئامادەیە، بەڵام بە هۆی کەمیی کات ناتوانم ئەو کارە بکەم. زۆریش دڵخۆشم کە خانمان لەسەر دەستی من فێری خواردن دروستکردن دەبن، هەمیشە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لە ڕێگەی پەیجی منەوە فێری دروستکردنی خواردنەکان دەبن، دەستخۆشیم لێ دەکرێت و دوعای خێرم بۆ دەکەن، ئەوەش وادەکات زیاتر خۆم ماندوو بکەم و بیرۆکەی زیاتر و باشتر لەسەر هونەری چێشتلێنان بدەم بە بینەری کارەکانم».



لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کەوا چی بەو خانمانە دەڵێت کە لە ئێستادا زیاتر پشت بە خواردنی دەرەوە و دلیڤەری دەبەستن؟ ئەو خاتوونە گوتی: «خواردنی دەرەوە وەکو خواردنی ماڵەوە تازە و تەندروست نییە، دوور نییە لە گۆشتی بەستوو و مەوادی حافیزە و کەرەستەی خۆراکی ماوەبەسەرچوو دروست کرابن، خانمان ئەگەر لە ماڵەکانیان کاتی ئامادەکردنی خواردنیان هەبێت، گوناحە بیر لە خواردنی بازاڕ بکەنەوە، چونکە سەرچاوەی خواردنەکەیان دیارە کە تەواو تەندروستە، من وەکو ئافرەتێك هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە خواردنی باش و تەندروست لە ماڵەوە بۆ هاوسەر و کوڕەکەم دروست بکەم».

سەبارەت بە پشتیوان و هاندەرانیشی لە ناو خێزانەکەیدا گوتی: «من هاوسەرێکی زۆر تێگەیشتووم هەیە، زۆر لە خواردنەکانم ڕازییە و هەموو کات یارمەتیدەرمە، هەروەها کوڕە خۆشەویستەکەشم بە هەمان شێوە هاندەر و پاڵپشتمە».



هاوسەری بوومەوە، سەرەڕای ئەوەش بەشم هەر لێدان و تێهەڵدان و جنێو و سووکایەتیکردنی بێ حیساب بوو، سەرباری هەموو ئەوانە هاوسەرەکەم زۆر تەمبەڵ و تەوەزەل بوو، کاسبی نەدەکرد و دواجار لەسەر دزی گیرا، منیش ئەو دەرفەتەم بە هەلێکی باش زانی بۆ جیابوونەوە بە ئاسانی، چەند مانگێکە بە شێوەی تەفریق لێی جیابوومەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خەڵك بەتایبەت کەسوکاری خۆم بە چاوی سووك سەیرم دەکەن و پێم دەڵێن ژن بمرێ باشترە لەوەی تەڵاق بدرێ، بەڵام من هەمیشە لە خۆمم پرسیوە: چوارباخ ئایا تۆ هەڵەی؟ نەخێر، هەڵە نیم، کە هەڵە نەبم گوێ بە هیچ کەس نادەم و ڕێگە بە کەسیش نادەم بڕیار لەسەر ژیانم بدات، پێویستە ئافرەتی ژیر و سەلار کەرامەتی لە سەرووی هەموو شتێکەوە دابنێت».

چوارباخ زیاتر باسی ژیانی خۆی دەکات و ئەوەش ناشارێتەوە کە لە خزمانی خۆی و هاوسەرەکەشی کەس هاوکاری نەکردووە و یارمەتییان نەداوە، بۆیە ناچار بووە، شان بداتە ژێر کاری دەرەوەی ماڵ و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «لە پێناو ژیانێکی شەرەفمەندانە و لە بەر خاتری چاوی منداڵەکانم لەگەڵ دەستەخوشکێکم دووکانێکمان بە کرێ گرتووە و کاری نەخش و دروومان دەکەین، بە داهاتی کارەکەم منداڵەکانم بەخێو دەکەم و، هەرگیز نەمهێشتووە موحتاجی دەستی کەس بن. سوپاس بۆ خوا دوای ئەو هەموو ناخۆشییە ئەمڕۆ ڕۆژی ئازادی و ڕزگاربوون لە ستەمم لێ هەڵهات».

# پۆرتریت هێڵکاری

**لە هونەری نیگاردا (ڕەنگ و هێڵ) جووتە توخمی سەرەکین. ئەگەر هونەرمەند لە هێڵکاری و ڕەنگسازیدا توانا و کارامە نەبێت، هونەرەکەی کاڵ و کرچ و ناتۆکمە خۆ دەنوێنێت. نیگارکێش بە هەر ڕێباز و ڕێچکە و ستایلێك تابلۆ بکێشێت، ئەوە بڕیار و بژاردەی خۆیەتی، گرنگ بۆ منی بینەر و کڕیاری هونەرەکەی، جوانی و داهێنانە، بە توێکڵ و کاکڵیانەوە. لە خوێندنی ئەکادیمیشدا، یەکەمین شت شاگردی هونەر لە ڕووی کردارییەوە فێری هێڵکاری دەکرێت، لە هەنگاوی دووەمدا فێری ڕەنگ کردن و ڕەنگسازی دەکرێت. بەدەست هێنانی شارەزایی لەو جووتە توخمەدا، مەبەستمان هێڵ و ڕەنگە، کەسی شەیدای هونەر لە هەوادارییەوە دەباتە باری هونەرمەندی.**


**ئا/ تاریق کارێزی**


محەمەد ئیسماعیل (خەڵکی هەولێرە و لە تاراوگەدا دەژی) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی گەشەیەکی زۆری بە هونەری هێڵکاری داوە، هێندە ئەزموونی خۆی لەو بارەیەوە بە قووڵدا بردووە، دەبینین هێڵکاری لە لای ئەو بووە بە تەرزە شێوازێك بۆ گەڵاڵە کردنی تابلۆ. تابلۆیەك کە پشت بە تەنیا توخمی هێڵ و تەکنیکی هێڵکاری دەبەستێت. لەم ڕووەوە ئێمە ئەزموونی ئیسماعیل خەیاتیشمان هەیە، بەوەی لە کۆتایی سالانی شەست لە سەدەی ڕابردوو بە دواوە، تەنیا بە هێڵ و هێڵکاری تابلۆی دەنەخشاند، تا ئەو کاتەی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا نەچووە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، لە تابلۆدا ڕەنگی بەکار نەهێنا.


گرنگە لێرەدا ئاماژە بە تایبەتمەندیی ئەزموونەکەی محەمەد ئیسماعیل بکەین، بەوەی زیاتر بە پۆرترێت هێڵکارییەوە پەیوەست بووە، لەو ڕووەشەوە زۆر پێگیری شێوازی ئەکادیمی و ڕیالیزمە، ئەمەش بەهایەکی باڵا بە بەرهەمی ئەو دەدات، چونکە ئەم جۆرە شێوازە پڕە لە وردەکاری و پێوانەی وردی ئەندازە، هەر سەرچیخ چوونی هێڵێك، ناحەزییەك بە تەوێڵی بەرهەمەکەوە دەنێت، چاوی بینەر و کڕیاریش هەر زوو لە یەکەم نیگادا، ئەو ناحەزییە بەدی دەکات و دەیخوێنێتەوە.

بەکار هێنانی ڕەش قەڵەمی دار بە زۆری، بڕێ













جاریش قەڵەم داری ڕەنگی، ئازادییەکی زۆری بە هونەرمەند داوە، تا ئەوەی زۆر ئازادانە مانۆری هونەر بکات، بێ پەروا بەیاری ڕووبەر بە نووکی قەڵەم بکێڵێت، بە تایبەتی هێڵ کێشان بەم جۆرە قەڵەمە بە چرکە کاتی دەوێت، دەست و پەنجەش هێندە شەکەت و ماندوو ناکات. ئەمەش بۆ خۆی دەرفەتێکی باشە بۆ کار کردن.

ئێمە بەوە زیاتر هۆگری دیتن و تەماشا کردنی پۆرترێت هێڵکارییەکانی محەمەد دەبین، بەوەی زۆر وردن، هەر بە تاکە ڕەنگی ڕەش، لە تیرەوە بۆ کاڵ گەمە بە تۆنی ڕەنگ دەکات، فۆرم و فیگەر و ڕووبەر گەڵاڵە دەکات، بە یەك ڕەنگ (تەنیا ڕەش) فرە ڕەنگی دروست دەکات، بە گوێرەی پێکهاتەی مۆدێلی پۆرترێتەکەی، بە وردی ڕوانگەش ڕەچاو دەکات. لەم ڕووەوە کێشانی هەندێك شوێنی پۆرترێت، چ ڕووی بە ئاراستەی پێشەوە بێت، یان بە لاری و لا تەنیشت بێت، ئەزموونی زۆری دەوێت تا نیگارکێش بتوانێت بە سەریاندا زاڵ بێت، بە وردی و دوور لە شێوانی ئەندازە و فۆرمیان، گەڵاڵەیان بکات. بۆ نموونە پەنجەکانی دەست، ژێر مل و چەناگە، دەست و لاق کاتێك بە ئاراستەی پێشەوە بن. محەمەد ئیسماعیل توانیویەتی بەسەر تێکڕای ئەو کەند و کۆسپانەدا زاڵ بێت، بۆیە هەر پۆرترێت قەڵەمکێشییەکی ئەو بەهایەکی بەرزی هونەریی دەبێت.





## مۆنیکا بیلۆتشی:

# من دەرەنجامی خەونەکانی خۆمم

له سەروبەندی ئاهەنگی نمایشکردنی دوایین فیلمی خۆیدا بەناوی (کچێک له نافووره) خانمه ئەکتەری ناسراوی جیهانی مۆیکا بیلۆتشی له دیمانەیەکدا باسی له چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی کرد.





لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتنی لە بواری نواندندا مۆنیکا گوتی: «من دەرەنجامی خەونەکانی خۆمم، کاتێك منداڵ بووم حەزم دەکرد ببم بە ئەکتەر و بێمە نێو ئەم جیهانە بەرفراوانە، ئەمە سەرباری ئەوەی بوون بە ئەکتەر زۆر لە واقعی ژیانی من دووربوو».

سەبارەت بە فیلمی (کچێك لە ئافوورە) کە هونەرمەندی سویدی (ئانیتا ئیکبرج)ی ڕۆڵی لە فیلمی (La Dolce Vita)دا دەبینی، مۆنیکا دەڵێت: «لەو کاتەدا ئافرەتانی ئیتاڵیا لە زۆربەی هەرەزۆری ماڵەکاندا هەبوون، کاتێك ئیکبرج گەیشت، کە لە ڕووی جەستەییەوە زۆر جیاواز بوو و، ڕێگەی بەخۆی دا کە زۆر ئازاد بێت، تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە، کارەکە وەك بۆمبێك وابوو کە لە کۆمەڵگەدا تەقیبێتەوە»،مۆنیکا تیشکی خستە سەر خزمەتەکانی ئەو ئافرەتە سویدییە هونەرمەندە و گوتی: «زۆر جار هونەر لە ئازارەوە هەڵدەقوڵێت، ئەم ئافرەتە زۆری پێشکەش بە سینەما کردووە، لەوانەیە بە نا هۆشیاری بێت، کە پڕ بوو لە ڕووناکی و جوانی، بەڵام لە کۆتاییدا بەشێکی زۆری ژیانی بە تەنیایی لەسەر کورسییەکی جوڵاو بەسەر برد و، لە خانەیەکی بەساڵاچوواندا کۆچی دوایی کرد، وا پێویست بوو کەرامەت بۆ ئەو ئافرەتە بگەڕێنینەوە».

مۆنیکا هەروەها باسی لە کارکردن لەگەڵ ئافرەتان و دەرهێنەرە پیاوەکانداکردووە، لەوبارەشەوە دەڵێت: «لەگەڵ دەرهێنەرە پیاوەکاندا کارم کردووە، بەڵام پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئافرەتاندا جیاوازبوو، زۆر جار سەیری یەکتری دەکەین و باش لە یەکتری دەگەین، تەنانەت ئەگەر بێ قسەکردنیش بێت، ئافرەت ناتوانێت درۆ لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە بکات، چونکە ئێمەی ئافرەت زۆر زیرەکین، من خۆم پیاوم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام ئافرەتان زیاتر سەرنجم ڕادەکێشن، هەردوو ڕەگەزەکە پێویستە فێربن کە چۆن بەردەوام پەیوەندییان باشتر دەبێت، شەڕ نامانگەیەنێتە هیچ شوێنێك، ئێمە پێویستمان بە پیاوە، ئەوانیش پێویستیان بە ئێمەیە، ئەو پێشکەوتنەی کە ئێستا هەیە، بریتییە لە گەران بە دوای یەکسانیدا، ئێمە وا ڕاهاتبووین کە بەو شێوەیە سەیری پیاو بکەین، کە ئەو سوارچاکەیە دەتوانێت هەمووومان ڕزگار بکات، بەڵام ئێستا گەیشتووینەتە ئەو ئاستەی پێی بڵێین دەتوانین یارمەتیت بدەین و، تۆ ناتوانیت بە تەنیا ئەم کارە ئەنجام بدەیت».

سەبارەت بە ژیانی منداڵیی خۆی ئەم خانمە ئەکتەرە دەڵێت: «یەکێك لە خۆشترین قۆناغەکانی ژیانم تەمەنی منداڵیم بوو، بۆیە منداڵم زۆر خۆش دەوێت و هەست بە سۆز و خۆشەویستییان دەکەم، منداڵان ناتوانن هەرچی لە ناخیاندایە بیدرکێنن، بەڵام من دڵنیام کە هەست بە دەوروبەریان دەکەن و تێدەگەن کە چی دەگوزەرێت، بێ ئەوەی بتوانن ئەم هەستانەی خۆیان بە وشە دەربڕن، ئەوان زیاتر بە چاوەکانیان قسە دەکەن، ئێمەش ئەمانەمان لە قۆناغی ناهۆشیاریدا تاقی کردووەتەوە، بەڵام لە بیرمان نەماوە، ئەمەش ڕەنگە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بێت، بێ ئەوە هەستی پێ بکەین».

شایەنی باسە مۆنیکا ساڵی ١٩٨٩ لە بواری نواندن خوێندنی تەواو کرد، دواتر بەشداریی لە چەند فیلمێکی ئیاڵیدا کرد وەك (La Riffa) لە ساڵی ١٩٩١ و (Bram Stokers Dracula)) لە ساڵی ١٩٩٢، بە گشتی لە ژیانی هونەریی خۆیدا بەشداریی لە (٨١) کاردا کردووە لە نێوان زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فیلم، بە چوار زمان قسە دەکات ئەوانیش : ئیتاڵی، فەرەنسی، ئیسپانی ئینگلیزی، گرنگترین کارە سینەماییەکانی فیلمی (Malena) بوو لە ساڵی ٢٠٠٠، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر گوزارشتی لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکرد کاتێك ڕۆڵی ئافرەتێکی شۆخ و شەنگی بینی کە ئافرەتانی دەوروبەری هەستیان بە مەترسییەکانی کرد لەسەر ژیانی هاوسەرییان.

گرنگترین وێستگەکانی لە فیلمە ئەمریکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ فیلمی (ماترێکس) و لە زنجیرە فیلمەکانی جیمس بۆند لە ساڵی ٢٠١٥.

**سەرچاوە: «variety»**

# لە فێستیڤاڵەکانی «ئێکسگرۆند»ی ئەڵمانیا و «ئەسپی زێڕین»ی تایپیێ ئەزموون لە کێبڕکێدایە

**فیلمی سینەمایی «ئەزموون» لە دەرهێنانی «شەوکەت ئەمین کورکی» لە سی و چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ئێکسگرۆند»ی ئەڵمانیا و پەنجاو هەشتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ئەسپی زێڕین»ی تایوان نمایش کرا.**

**مەنسوور جیهانی**

فیلمی سینەمایی ئەزموون (The Exam) چوارەمین فیلمی بڵندی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکی لە بەرهەمهێنانی مەمەد ئەکتاش، بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەرە، لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا و، لە سی و چوارەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئێکسگرۆند(Exground) لە هۆڵی سینەمایی ماڕیۆنا (Murnau) لە شاری ویسبادێن لە وڵاتی ئەڵمانیا و، هەروەها لە دوو سانسی جیاوازدا لە بەشی پانۆڕاما لە پەنجاوهەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئەسپی زێڕین (Golden Horse) لە شاری تاپییە لە وڵاتی تایوان نمایش کرا.

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ئێکسگرۆند» کە بە یەکێك لە گرینگترین فێستیڤاڵەکانی فیلمە سەربەخۆکانی دنیا دێتە ئەژمار، سی و چوارەمین خولی بە نمایشی ١٢٠ بەرهەم لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جیهان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی بەڕێوە چوو، لەوانە: بەشی نمایشی فیلمە سەربەخۆکانی ئەمەریکا، بەشی چاوخشاندنێك بە سینەمای بەرچاوی ئەورووپا، بەشی هەڵبژاردەیەك لە کورتە فیلمە گرنگە چیرۆکییە نێودەوڵەتییەکان، بەشی فیلمە بەرچاوەکانی فێستیڤاڵە جیهانییەکان، بەشی پێشبڕکێی فیلمە خوێندکارییەکان، بەشی ئێکسترا Extra، بەشی موزیکی فیلمەکان، بەشی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان، بەشی کارگەی فێرکاری و، هەروەها بەشی سیمینار پسپۆڕە سینەماییەکان بە دوو شێوەی ئامادەبوون و ئۆنلاین لە شاری ویسبادێن لە وڵاتی ئەڵمانیا.

هەروەها پەنجاوهەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ئەسپی زێڕین» Golden Horse لە بەشە جۆراوجۆرەکان لەوانە: پێشبڕکێی «خەڵاتی ئەسپی زێڕین»، بەشی «پانۆڕاما»، بەشی «شەپۆلی نوێ»، بەشی «دەلاقەیەك لە ئاسیا»، بەشی «پڕۆمۆشێن پڕۆژە»، بەشی «ئاکادیمیای فیلم» و .. لە شاری تاپیە لە وڵاتی تایوان بەڕێوەچوو.

فێستیڤاڵی «ئەسپی زێڕین» تایپە کە بە مەبەستی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی فیلمی تایوانی و ناساندنی فیلمە گرینگەکانی ئەم وڵاتە و فیلمسازانی بەرچاو لە ساڵی ١٩٦٢ دامەزراوە، گەورەترین ڕووداوی سینەمایی لەم وڵاتە دێتەئەژمار کە بەبێ بوونی بەشی پێشبڕکێی بۆ سینەماکارانی بیانی و بە مەبەستی ناساندنی فیلمە بەرچاوەکان لە سەرتاسەری جیهان، ناساندنی سینەما بە ناونیشانی فۆڕمێك لە هونەر و هەروەها بردنەسەرێی ئاستی بیر و ئەندێشەی نێوان کەلتووری لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا لە ڕێگای سینەما لە ٦٠ ساڵی ڕابردوو بەڕێوەچووە.

خەڵاتی ساڵانەی «ئەسپی زێڕین»ی تایوان، گرینگترین خەڵاتی سینەمایی بۆ فیلمە چینییەکان دێتەئەژمار و بە «ئۆسکاری فیلمە چینییەکان» ناسراوە، ئەم خەڵاتە لە نێوان سینەماکارە گەورە چینییەکاندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە.

«ئەزموون» بەرهەمی کۆمپانیای «میتۆس فیلم»ی بەرلین و کۆمپانیای «مەستی فیلم»ی سلێمانی کە بە پاڵپشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهاتووە و لە لایەن کۆمپانیای ئەڵمانی «ئارت هوود» ArtHood لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە.





## یەڵدا عەباسی بۆ گوڵان:

# هەوڵ دەدەم لە ڕێگای هونەرەکەمەوە مۆسیقای دەڤەرەکەم بپارێزم

هونەرمەندی بەتوانای نێو کوردانی خوراسان، یەڵدا عەباسی لە دایکبووی شاری شێروان قوچانی خوراسانە و، هەر لەمنداڵییەوە دەنگێکی خۆشی هەبووە، لەسەردەمی خوێندندا لە زانکۆ، بە دەنگە خۆشەکەی هەمووانی سەرسام کردبوو، تا دوای تەواوکردنی خوێندنەکەشی کە بەشی ئای تی تەواو کردووە، هاتووەتە ناو دنیای میوزیکەوە. یەڵدا لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بەشداریی لە نواندندا کردووە، دایکشی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کاری کردووە، هەرچەندە خوێندنی یەڵدا تا ڕادەیەك لە هونەرەوە دوورە، بەڵام ئەو توانیویەتی پەرە بە هونەرەکەی بدات و بە هاوکاریی دایکی، ببێت بە یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکان لە نێو کوردانی خوراساندا، کە جگە لە گۆرانیگوتن و ژەنیاری، لە نواندنیشدا جێدەستی دیارە.

یەڵدا عەباسی سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری دەڵێت: «یەکەم ئەزموونی هونەریم لە تەمەنی پێنج ساڵی بوو ئەویش فیلمێکی مۆسیقی بوو لە دەرهێنانی دایکم، دواتر لە تەمەنی یازدە ساڵیدا و لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بە توانا وەك ماجد ئەحمەد و هەردوو برا ڕەمەزان و مامۆستا فەرید ڕووم لە ژەنینی ئامێری دووتار کرد، ئێستا بەردەوامم لە ژەنینی ئەم ئامێرە و سوپاس بۆ خودا کە تێیدا سەرکەوتووم، لەمەشدا ڕۆڵی سەرەکی بۆ دایکم دەگەڕێتەوە، کە ڕێگەی پێنیشاندام و هاوکاریی کردم، تا ئێستاش بەردەوامە لە هاوکاریکردنم، هەروەها ناکرێ ڕۆڵی باوکیشم لە یاد بکەم».

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بواری مۆسیقا یەڵدا دەڵێت: «مۆسیقای کۆن و ڕەسەن لە خوێنمدایە و من لەگەڵی ژیاوم، بۆیە لە نێو چەندین بواری دیکەدا بواری مۆسیقام هەڵبژارد، هەروەها هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە مۆسیقای دەڤەرەکەم بپارێزم و پەرەی پێ بدەم، چونکە جەماوەری ئەم مۆسیقایە زۆرە لە نێو کوردانی خوراساندا و هونەرمەندانیش هەن کە خەبات دەکەن لەم پێناوەدا، هەروەها وەك کچێك سەرەڕای ئاستەنگەکان دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە ئافرەتی کورد لە بواری هونەردا دەتوانن داهێنان بکەن و، بە سەر ئاستەنگەکاندا زاڵ ببن و لەگەڵ هونەرمەندە مەزنەکاندا گۆرانی بڵێن، دەبێ ئەوەش باس بکەین کە زۆر لە ئافرەتان توانیویانە لەگەڵ گرووپە هونەرییەکاندا شان بە شانی پیاوان کاری مۆسیقا بە باشی ئەنجام بدەن و شوێن پەنجەیان دیارە».

### هاوژین سەردار:

گۆڵپارێزی تۆپی دەستی یانەی هەولێر

# وەرزش بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ




تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی هەولێر یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەرئاستی کوردستان و عێراق، هەمووکات ڕکابەریی یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی خولە بەهێزەکانی کوردستان دەکات، ساڵانەش دەستەی کارگێڕیی یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریزانانی دەدات، تا بۆ خولەکانی دەرەوەی وەك خولی یانەکانی عەرەبی بەشدار بن، دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر گرنگیی تایبەت بە کچە یاریزانانی یانەکەی دەدات، بۆ ئەوەی بەردەوام لە ئامادەباشیدابن بۆ خول و پاڵەوانێتییەکان، کچانی یانەکەش لە یاریزانە بەهێزەکانی کوردستان و عێراقن و، یەکێك لە گۆڵپارێزە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق (هاوژین سەردار)ە کە ماوەیەکی زۆرە بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی هەولێر دەکات، هاوژین لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ـە، سەرەڕای ئەوەی لە هەردوو بواری هونەر و وەرزشدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئێستا لە تیپی تۆپی دەستی یانەی هەولێر خزمەت بە بواری وەرزشی دەکات، گۆڤاری گوڵانیش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی تۆپی دەست لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بە داخەوە تۆپی دەست زۆر فەرامۆش کراوە، ئەگەر تۆزێك پاڵپشتی بکرێت، دڵنیام زۆر بەرەوپێش دەچێت و دەبێتە یەکێك لە یارییە پێشەنگەکان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- کاتێك پاڵەوانێتی ئەنجام دەدرێت بە یەك دوو ڕۆژ کۆتایی پێ دێت، هیچ هەست ناکەین لە پاڵەوانێتیدا یاری دەکەین، بۆیە یاریزان لە یاریکردن سارد دەبێتەوە.

*** پێت باشە چیٚ بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی دەستی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە هەوڵ بدرێت ئەکادیمیای تۆپی دەست بکرێتەوە و، یانەکان زیاتر هەوڵی کردنەوەی پاڵەوانێتیی جۆراوجۆر بدەن، دەبێ یاریزانی نوێ دروست بکەن.

*** گرفتی یاریی تۆپی دەست لە چیدا دەبینیت؟**

-سەرەتا نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یاریی تۆپی دەست، جگە لەوەش هیچ پاڵپشتییەکی باش نییە بۆ یاریزان نەمادی و نەمەعنەوی، لە یاریی تۆپی دەستدا گرێبەستی یاریزان زۆر کەمە، بۆیە زیاتر کاتەکانی بە کارکردن بە ڕێ دەکات لەوەی پەرە لە وەرزشەکەی بدات، نەبوونی پاڵەوانێتی ئەوانە هەمووی گرفتن.

*** چ هەستێکت هەیە کە دوو کار لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، هونەر و وەرزش، ئایا لە کامیاندا زیاتر سەرکەوتوویت؟**

-وەك دەزانن هەر لە منداڵییەوە بەردەوام خزمەتی بواری هونەر دەکەم تا ئێستا، سوپاس بۆ خودا دەتوانم بڵێم زۆرێك لە بینەرانم لە خۆم ڕازی کردووە، ئەوەش جێگای دڵخۆشییە بۆ من، وەرزش بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ، کاتیٚ قوتابیی سەرەتایی بووم، لە چالاکیی قوتابخانەکاندا بەشداریم دەکرد، تا وای لیٚ هات ئێستا لە خزمەتی یاریی تۆپی دەستم، لە هەردوو بوار سەرکەوتووم، دەتوانم پشت بە هێز و توانای خۆم ببەستم زۆریش دڵخۆشم.

*** وەك کچە یاریزانێك بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- خوای گەورە تەمەن بدات زیاتر خۆم ماندوو دەکەم بۆ وەرزش، بۆ ئەوەی بتوانم لە دەرەوەی کوردستان یاری بکەم و، هانی ئەو ئافرەتانەش دەدەم کە خاوەن هێز و توانان، تا بێنە ناو وەرزش.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- لە هەموو جیهاندا وایە کە یاریزانی بیانی دەهێنن، بەڵام لێرەش دەتوانن پەرە بە یاریزانی خۆمان بدەن، دڵنیام هیچ جیاوازییەکمان نییە لە هێز و توانا.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم چاوێك بە تۆپی دەستدا بخشێنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە تۆپی دەست بێتەوە ناو کەشی وەرزشی، کە بە داخەوە لە ئێستادا پشتگویٚ خراوە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی ئەوەم هەیە کە ببمە باشترین گۆڵپارێزی کوردستان و عێراق و، وەکو کچە کوردێك لە دەرەوەی عێراق یاری بکەم.

*** ئەگەر ڕۆژێك هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێت و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانەکانی، چ هەستێکت دەبێت؟**

- ئەوە هیوای هەموو وەرزشوانێکی کوردە لە ڕیزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا یاری بکات، خۆزگە ئەو خەونە دەهاتەدی.

*** ئایا تا ئێستا داوات لیٚ کراوە یاری بۆ هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق بکەیت؟**

-چەند ساڵ جارێك پاڵەوانێتیی عێراق ئەنجام دەدرێت بە چوار بۆ پێنج یاری کۆتایی پیٚ دێت، پاشان دەبێتە خزم خزمانیٚ و واستە و واستەکاری، هەمووی هەر دەڵێت من، هەر چەندە بۆ چەند ساڵێك دەبێت هیچ یاریزانێك داوا نەکراوە، ئەوەی دەشڵێت بانگهێشت کراوم، بۆ خۆ هەڵکێشانە.

*** بە چ گۆڵپارێزێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- یوسف عەبدوڵا گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی قەتەر زۆر پێی سەرسامم، چونکە لە کێشدا یەك دەگرینەوە.

*** ئایا لە یانەکانی دیکەوە گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵیٚ زۆریش، تەنانەت لە یارییە جیاوازەکانیشدا گرێبەستم بۆ هاتووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی وەرزشکاران، داواکارم لە حکومەت زیاتر چاوی لە وەرزش بێت و کێشەکانمان چارەسەر بکات.

# دەوڵەمەندترین یاریزانی جیهان چووە خولی تایلەند







فایق بلقیە، یاریزانی پێشووی یانەکانی چێلسی و لێستەر سیتی ئینگلیزی و کاپتنی هەڵبژاردەی برۆنای، دەوڵەمەندترین یاریزانی تۆپی پێیە لە جیهاندا، بۆیە بچێتە هەر شوێنێک هەموو سەرنجەکان دەچنەوە سەر ئەو، ئەگەرچی وەک یاریزان نەیتوانیوە لە نێو یاریگەکاندا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات.

فایق، کە هێشتا تەمەنی ٢٣ ساڵە، وەک یاریزانی ناوەڕاستی هێرشبەر یاری دەکات، ئەو کوڕی برای سوڵتانی برۆنایە، کە بەپێی راپۆرتە رۆژناوانییەکان سامانەکەی زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلارە، واتا زۆر لە مێسی و رۆناڵدۆ دەوڵەمەندترە، کە سامانی هەر یەکێکیان کەمێک لە ملیار دۆلار تێپەڕی کردووە. کاتێک تەمەنی باوکی گەیشتە ٥٠ ساڵ ئاهەنگێکی گەورەی بەو بۆنەیەوە رێکخست و مایکل جاکسۆنی گۆرانیبێژی بەنێوبانگی ئەمریکی بانگهێشتکرد، کە خەرجییەکانی ئەو ئاهەنگە زیاتر لە ١٧ ملیۆن دۆلار بوو.

فایق جگە لەوەی حەزی لە بەخێوکردنی ئاژەڵەکانە، خاوەنی چەندین ئۆتۆمبێلی گرنابەهایە و چەندین یەختیشی هەیە، کە کاتی پشووەکانی تیایاندا بەسەردەبات.

فایق پێشتر لە تەمەنی منداڵی و تازەپێگەیشتووانیدا یاری بۆ تیپەکانی ساوسهامپتۆن، ئەرسیناڵ، چێلسی و لێستەر سیتی کردووە، ئینجا چووەتە یانەی ماریتیمۆی پۆرتوگالی، کە لەگەڵ ئەو یانەیەدا سەرکەوتوو نەبووە پەیوەندی بە یانەی چۆنبۆری تایلەندی کرد.

بەڕێوەبەری وەرزشیی چۆنبۆری لەبارەی فایقەوە دەڵێت: مایەی دڵخۆشییە، کە تیپەکەت یاریزانێکی هەبێت، کە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا بەنێوبانگ بێت، ئەو دەوڵەمەندترین یاریزانی تۆپی پێی جیهانە، کوڕی جێفری بلقیەی برا بچووکی حەسەن بلقیەی سوڵتانی برۆنایە.

راهێنەر و یاریزانە هاوڕێکانی فایق شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن، کە ئەو داوای هیچ سەرپشککردنێک ناکات و هەمیشە وەک هاوڕێ و یاریزانێکی پیشەگەر رەفتار دەکات و یاریکەرێکی باش و بە ئەزموونیشە.

# ئێمباپی بووە باشترینی ساڵ

کیلیان ئێمباپێ ئەستێرەی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی بووە براوەی خەڵاتی گلۆب سۆکەر بۆ باشترین یاریزانی جیهان لە ساڵی ٢٠٢١، لیڤاندۆڤسکیش دوو خەڵاتی بردەوە.

لە ڕێورەسمی دوازدەیەمنی خەڵاتەکانی گلۆب سۆکەر بۆ دیاریکردنی باشترینەکانی ساڵ، کە لە شاری دوبەی بەڕێوەچوو، چەندین ئەستێرەی جیهان بەشدارییان کرد و لە کۆتاییشدا کیلیان ئێمباپێ وەک باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠٢١ دیاریکرا، چەند خەڵاتێکی دیکەش پێشکەش کران.

بەپێی دەنگدانی هاندەران، کیلیان ئێمباپی وەک باشترینی ساڵ هەڵبژێردرا، کە ٥ ملیۆن هاندەر لە سەرانسەری جیهان بە ئۆنلاین دەنگیاندا.

ڕۆبێرت لیڤاندۆڤیسکی، ئەستێرەی پۆڵەندیی یانەی بایرن میونیخ دوو خەڵاتی بردەوە، خەڵاتی مارادۆنا بۆ گۆڵکاری ساڵ، هەروەها خەڵاتی تیکتۆک بۆ باشترین یاریزانی ساڵ کە بەشداربووانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تیکتۆک دەنگیان پێدابوو.

باشترین گۆڵپارێزی ساڵ جیانلویجی دۆنارووما ئیتالی بوو، ئیتالییەکی دیکە باشترینی ساڵی لە ڕاهێنەراندا بردەوە، کە ڕۆبێرتۆ مانچینی بوو، لیۆناردۆ بۆنوچی، خەڵاتی باشترین بەرگریکاری وەرگرت، یانەی چێڵسیش وەک باشترین تیپ دیاریکرا، ئەلیکسیا پوتێیاسی یاریزانی بەرشلۆنە وەک باشترین خانمە یاریزانی ساڵ هەڵبژێردرا.



# بەرشلۆنە یاریزانێکی لاوی گواستەوە

یانەی بەرشلۆنە ئیسپانی واژۆکردنی گرێبەستی لەگەڵ فیران تۆرێسی هێرشبەری مانچێستەر سیتی ڕاگەیاند

یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ یانەی مانچێستەر سیتی ڕێککەوتن، کە تاوەکو ٢٠٢٧ فیران تۆرێس بۆ یانەی بەرشلۆنە یاری بکات بڕیارە فیران تۆرێس لە ٣-١-٢٠٢٢ لە یاریگەی کامپ نوو وەکو یاریزانی نوێی یانە کەتەلۆنییەکە بە هاندەران بناسێنرێت

هێرشبەرە تەمەن ٢١ ساڵانەکەی ئیسپانیا بە بەهای ٥٥ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە بەرشلۆنە کردووە، یەک ملیار یۆرۆ وەکو مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی دانراوە، بەمەش تۆرێس بووە گرانترین یاریزانی ئیسپانی لە مێژووی مێرکاتۆی بەرشلۆنە.

لە یەکەم لێدوانیدا یاریزانە نوێیەکەی بەرشلۆنە گوتی:هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەم، کە پەیوەندیم بەم یانە گەورەیەوە کردووە، بۆ من مایەی شانازییە درێسی بەرشلۆنە لەبەر بکەم.



# بروسک گرفتی یاریگەی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی برووسك دەیەوێت ئەم وەرزە لە خولی پلەیەکەکانی کوردستانەوە جارێکی دیکە هەنگاو بۆ سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابی کوردستان بهاوێت و، ئامانجەکانی چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ وەرزی داهاتوو یەکێك لە تیپە سەرکەوتووەکانی خولەکە بێت، لە بارەی ئاستی تیپەکەش محەممەد حەمەخان سکرتێری یانەی وەرزشیی بروسك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بارودۆخی تیپەکەمان زۆر باشە و تا ئێستا لە یارییەکانی خولی پلە یەك ئاستمان وەك پێویستە، بەڵام زۆر جار لە ناو خولەکاندا تیپێك دەکشێتەوە، ئەوە دەبێتە کێشە بۆ تیپەکانی دیکە، ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕی و یاریزانان ئامانجمان ڕوونە و، دەمانەوێ تیپەکە جارێکی دیکە سەربخەینەوە بۆ خولی پلە نایابی کوردستان، هەمووشمان بەڵێنی سەرخستنی تیپەکەمان داوە»، لەبارەی گرفتەکانیش محەممەد حەمەخان گوتی: «گرفتی سەرەکیی ئێمە یاریگەیە کە ئێستا یاریگەی خۆمان وەکو پێویست نییە و، ئەگەر باران بباریێت ناتوانین هیچ ئاستێك پێشکەش بکەین، سوپاسی یانەی هەولێر دەکەین کە یاریگەیان بۆ دابین کردین، هەروەها چەند یاریزانێکمان تووشی پێکان هاتوون، ئەوانە گرفتی ئێمەن، ئەگەر لە وەرزی داهاتوودا حکومەت یاریگەکەمان بۆ چاك بکات، ئەوە کارێکی باشە، ئێمە سەرجەم یاریزانەکانمان لاون و توانای ئەوەیان هەیە ئاست و ئەنجامی باش پێشکەش بکەن، چاوەڕوانی کارێکی باشیان لێ دەکرێت.




تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە لە ئاستی خولی نایابی کوردستان لە ئەنجامەکانیان ڕازین، مەبەستی کارگێڕیی یانەکەش بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و خولی پلەیەکی یانەکانی عێراقی، بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو یانەکە هەم بە شایستەیی بگاتە خولی نایابی عێراق و هەم بۆ خولی نایابی کوردستانیش ئەنجامی شایستەی هەبێت، لەم بارەشەوە هەرمان دۆسکی ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تا ئێستا ئەنجامەکانمان زۆر باشن، هەموو



# کچانی دوکان چاویان لە ئەنجامی گەورەیە




تیپی تۆپی فوتساڵی کچانی یانەی وەرزشیی دوکان، ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی جیاواز و کۆمەڵێك یاریزانی ئەستێرەی شاری سلێمانییەوە هاتۆتە نێو ڕکابەرییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، کچانی یانەکە لە کۆمەڵەی دووەمی سنووری پارێزگای سلێمانیدا شان بە شانی هەریەك لە یانەکانی پیرەمەگروون و خورماڵ و شێروانە یارییەکانی ئەنجام دەدات، ئیدارەی یانەکەش ئەمساڵ گرنگیی زۆری بە تیپەکە داوە و، دەیەوێت کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکات لەم وەرزەدا، لەم بارەشەوە تەنیا ئەحمەد ڕاهێنەری تیپی کچانی یانەی دوکان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان لەم وەرزەدا زۆر باشە و هەوڵدەدەین لە یارییەکانی داهاتوومان‌دا ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە یەکەمی گرووپەکەمان سەربکەوین بۆ قۆناغی داهاتوو»، لەبارەی گرفتی یانەکەشیان، ڕاهێنەری تیپی کچانی یانەی دوکان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و، گۆڕانکارییشمان لە تیپەکەماندا کردووە و، چەند یاریزانێکمان لە شاری سلێمانی هێناوە، ئەمساڵیش خولی نایابی فوتساڵی کوردستان دوو کۆمەڵەیە و، ئێمە وەکو کچانی دوکان هەموو ئامادەکارییەکەمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لە خولی کوردستاندا نوێنەرایەتیی شارەکەمان بکەین و، پاڵپشت بە کۆمەڵێك کچە یاریزانی بەتوانا لە یانەکەمان ئاست و ئەنجامان شایستە بێت.

# دهۆکی ئەمساڵ جیاوازە

لایەکیش ئەوەش دەزانن کە لە سەرەتای وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان بوو کە وەك ڕاهێنەر گوتم تیپێکی نوێ دروست دەکەین، ئامانجی ئێمە ئەوە بوو ئەم تیپە پاشەڕۆژێکی باشی هەبێت، ئێمە نەمان گوتووە کێبڕکێ دەکەین لەسەر ئەنجامی گەورە، بەڵکو زیاتر ئامانجمان دروستکردنی تیپەکە بوو، تا ئێستا هیچ گرفتێك و کێشەیەك لە تیپەکەماندا نییە و ئاستمان بەرەوباشتر دەچێت»، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش بۆ قۆناغی دووەم، هەرمان گوتی: «من لەگەڵ ئیدارەی پێشووی یانەی دهۆك وا ڕێککەوتبووم کە تیپێك دروست بکەم، تەنیا بۆ ئەوەی دانەبەزین بۆ پلە یەك، قسەمان لەگەڵ کارگێڕی نوێش کردووە کە پێشتر بەم شێوەیە ڕێککەوتووم، تائێستاش بارودۆخی دارایی ئێمە باش نییە و ئەنجامەکانیش باشن، بۆ قۆناغی دووەم ئەگەر بارودۆخ باشتر بێت، لەگەڵ یانەکە دادەنیشم بۆ ئەوەی کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین، یاری بۆ یارییش پلانی تازەمان دەبێت، بۆ ئەوەی لە کێبڕکێیەکان دانەبڕین و بتوانین یانەی دهۆك بکەینە یەکێك لە یانە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان.






# لەزگەی ڤیتامینی

لەزگەی ڤیتامینی Vitamin patches بەم دواییە لە گەلێك وڵاتدا لەجیاتی دەرزی و کەپسوول بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی بەکار دەهێنرێت و، لەوانەیە کە ببێتە جێگرەوەیەکی باش بۆ وەرگرتنی ڤیتامینەکان بە ڕێگای دەم و کۆئەندامی هەرس، یان بە ڕێگای دەرزی، بەڵام تا ئێستا ئاژانسی خۆراك و دەرمانی ئەمریکی FDA بڕیاری لەسەر بەکارهێنانیان نەداوە، چونکە هێشتا بەڵگەی زانستیی تەواو سەبارت بە کاریگەری و سەلامەتیی ئەو جۆرە لەزگەیەلە بەردەستدا نییە. بەکارهێنانی لەزگەی ڤیتامینی زۆر ئاسانە، نرخی گونجاوە، هیچ جۆرێك شەکری تێدانییە، هەروەها زۆر گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە حەز بە وەرگرتنی ڤیتامین و کانزاکان لە ڕێگای دەم، یان دەرزی ناکەن، پاشان بۆ پیرەکانیش گونجاو ترە، چونکە لەگەڵ بەساڵاچووندا توانای هەڵمژینی ڤیتامین و کانزا و مادده خۆراکییەکانی دیکە لە کۆئەندامی هەرسدا کەم دەبێتەوە، هەروەها گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە گرفتیان لە کۆئەندامی هەرسدا هەیە، وەك گرژبوونی کۆلۆن، یان گرفتی هەڵمژین لە ڕیخۆڵەدا. ڤیتامینەکان بە ڕێگای لەزگە بەرە بەرە و ڕاستەوخۆ هەڵدەمژرێنە ناو خوێن، بێ ئەوەی کە بە گەدە و جگەردا تێپەڕن. بەر لە لکاندنی لەزگەی ڤیتامینی پێویستە کە پێست بە باشی پاك بکرێتەوە ئینجا وشك بکرێتەوە، دەتوانرێت لەزگەکە لە پێستی سینگ، بەشی دەرەوەی قۆڵ، شان، بەشی خوارەوەی سك، یان پشت بدرێت و بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر بمێنێتەوە.



# بۆچی هەنار بە میوەی سـووپەر ناوزەد دەکرێت؟

هەنـار Pomegranate بـە سـووپەر میـوە، یـان سـووپەرفرووت Super fruit ناوزەد دەکرێت، چونکە سوودی تەندروستیی زۆری هەیـە. هەنار پرۆتیـن و ڕیشاڵ لەخۆ دەگرێت، هەروەها ڤیتامینەکانی A، C، E، K، لەگەڵ چەند جۆرێکی ڤیتامین B، لەگەڵ ڕێژەیەکـی بـەرزی مـاددە دژەئۆکسـانەکان Anti-oxidants، سـەرەڕای کانزاکانـی فۆسـفۆڕ، کرۆم، ئەلەمەنیۆم، کالسیۆم، مەگنسیۆم، مەنگەنیز، سیلیکۆن، نیکل لەگەڵ کۆپەر لەخۆ دەگرێت، هەنـار هەروەهـا سیفەتی دژە هەوکردن، دژەشێرپەنجە، دژەبەکتریـا، دژەڤایـرۆس، هەروەهـا سیفەتی دژەکـەڕووی هەیـە. سـوودە تەندروسـتییەکانی هەنـار: دواخسـتنی کـرداری پیربوونـی پێشـوەختەی پێست، خۆپاراستن لە ئەگەری مەیینی خوێن و نەخۆشیی دڵ، بەهێزکردنی دیواری بۆڕییەکانی خوێـن، هاندانـی دروسـتبوونی خڕۆکـە سـوورەکانی خوێـن، بەهێزکردنـی سیسـتمی بەرگریـی لەش و کۆئەندامـی دەمار، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، ڕێکخستنی ئاستی شـەکری خوێـن، خۆپاراسـتن لـە تووشـبوون بـە شـێرپەنجە، بەتایبەتـی شـێرپەنجەی پرۆسـتات، خۆپاراسـتن لـە نەخۆشـی ئەلزهایمـەر، هاندانـی کەمکردنـەوەی کێش، کەمکردنـەوەی ئـازاری جومگـە، پاراسـتنی تەندروسـتیی پـوك و ددان، سـووککردنی نیشـانەی گرفتەکانـی کۆئەندامـی هـەرس، جگـەر، کەمخوێنـی، سـووتان.



# چۆن چەوریی کەرش کەم دەکەیتەوە؟

چـەوری کـەرش، یـان دەوری سـك Belly fat دوو بـەش دەگرێتـەوە، کـە بریتیـن لـە چەوریـی ژێـر پێست لە دەوری سکدا، لەگـەڵ چەوریی هەناو Visceral fat کە لە دەوری ئەندامەکانی ناو سکدا کۆدەبێتـەوە. چەوریی هەناو بە خراپترین چەوریی لـەش دادەنرێت، چونکـە بـە تێپەڕبوونـی کات ئەگـەری تووشـبوون بـە نەخۆشـیی شـەکرە، نەخۆشـیی دڵ، بەرزبوونـەوەی پەسـتانی خوێن، لەگـەڵ جەڵتـەی مێشـك زیـاد دەکات. بـۆ کەمکردنـەوەی چەوریـی کـەرش، هـەوڵ بـدە کـە خۆراکت کـەم کاربۆهیـدرات بێـت، بـەڵام دەوڵەمەند بێت بـە پرۆتیـن و ڕێژەیەکـی باشـی ڕیشـاڵ لەخۆبگرێـت، بەتایبەتـی ڕیشـاڵی تـەواوە لەگـەڵ ئـەو خۆراکانـەی کـە پرۆبایۆتیـك Probiotics لەخۆدەگرن، وەك: ماست و پەنیـر و پاقڵەمەنییـەکان، ئەنجامدانـی مەشـقی وەرزشـیی هەوایـی بە ڕێکـی، دوورکەوتنـەوە لـە خواردنـەوە ئەلکهولییـەکان، دوورکەوتنـەوە لـە هەمـوو ئـەو خۆراکانەی کە چەورییە نێوەندەکان Trans fats لەخۆدەگـرن، دوورکەوتنـەوە لـە شـیرینی و شـلەمەنییە شـیرینکراوەکان، پێویستە ڕۆژانە نووستن یەك پارچـە لـە حـەوت کاتژمێـر کەمتـر نەبێـت، هەروەهـا پەیڕەوکردنـی هەنگاوەکانـی سـووککردنی سـترێس.

# ئەنفلوەنزا ئەگەری نۆرەی دڵ شەش بەرامبەر زیاد دەکات



توێژەران جەختیان کردووەتەوە کە تووشبوون بە هەوکردنی تیژی کۆئەندامی هەناسە، بەتایبەتی ئەنفلوەنزا، لە ماوەی یەك هەفتەی تووشبووندا ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك تا شەش هێندە بەرز دەکاتەوە، بەڵام وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا ئەم ئەگەرە کەم دەکاتەوە. هەوکردنی تیژی کۆئەندامی هەناسە هاوشێوەی ئەنفلوەنزا کە ئاستی هەوکردنە لە لەشدا بەرز دەکەنەوە، ئەگەری مەیینی خوێن لە ناو خوێنهێنەرەکانی قاچ DVT و سییەکاندا Pulmonary embolism زیاد دەکەن، ئەمانەش بە دەوری خۆیان ئەگەر نۆرەی دڵ وجەڵتەی مێشك زیاد دەکەن، کە لەوانەیە کوشندە بن. پسپۆڕان ئامۆژگاری کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی دڵ دەکەن کە زیاتر ئاگاداری تەندروستییان بن و، هەموو هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە، بەتایبەتی ئەنفلوەنزا بگرنەبەر و، ڤاکسینی ئەنفلوەنزا Flu shot وەربگرن. نیشانەکانی ئەنفلوەنزا لە نیشانەکانی هەڵامەت جیاوازن و بەگشتی سەختترن، کە بریتین لە: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کۆکە، کرانەوەی قورگ، زیادبوونی دەردراوی لووت و گیرانی لووت، ئازاری گشتیی لەش، سەرئێشە، لەرز و تا Chills، لەگەڵ هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، هەندێك جاریش ڕشانەوە و سکچوون، بەتایبەتی لە منداڵاندا.

## ئایا دەرمانە دژەڤایرۆسەکان ب...

پاش پەیدابوونی گۆڕاوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، زانا و پسپۆڕانی زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی سەرقاڵی دۆزینەوەی دەرمانی دژەڤایرۆسی نوێ و کاریگەرن، ئەگەرچی کۆمپانیای فایزەر و مێرك جەختیان کردووەتەوە کە کەپسوولی مۆلنوپیراڤیر Molnupiravir کە بە ناوی بازرگانی پاکسلۆڤید Paxlovid ناسراوە، کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی گۆڕاوی ئۆمیکرۆن، ئاماژە بەمەش کراوە کە دەرمانەکە لە توانای ڤایرۆس بۆ دابەشبوون و گەشەکردن کەم دەکاتەوە، بەوەی کە کاری ئەنزیمی پرۆتیەز Protease دەوەستێنێت، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ دابەشبوون و زیادبوونی ژمارەی پشتی پێ دەبەستێت، بەمەش



# کۆڤیدی درێژمەودا لە منداڵدا


دەستنیشانکردنی کۆڤیدی درێژمەودا Long covid لە منداڵدا ئاسان نییە، چونکە گەلێکیان بێ نیشانە دەبن، تەنانەت لە کاتی تووشبوون بە هەوکردنی ڤایرۆسیی کۆرۆنادا. لە ڕاپۆرتەکانی پسپۆڕانی نەخۆشخانەی لۆس ئەنجیلیسی تایبەت بە نەخۆشیی منداڵان هاتووە، کە تەنانەت ئەگەر چەند نیشانەیەکی تایبەت بە کۆڤیدی درێژمەودا سەر هەڵبدەن، ئەوا لەکاتێکی درەنگدا دەردەکەون، کە مەرج نییە پەیوەست بن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، پزیشکان بۆ دەستنیشانکردنی کۆڤیدی درێژمەودا لە منداڵاندا پشت بە سرووشتی نیشانەکان و پشکنینی خوێن بۆ ماددە دژەتەنەکان دەبەستن، کە پیشانی دەدات ئەگەر منداڵەکە لە ڕابردوودا تووشی کۆڤید ١٩ بوو بێت، یان نا. نیشانەکانی کۆڤیدی درێژمەودا لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازن و، بریتین لە: هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، سەرئێشە، گرفت لە تەرکیزکردن، هەناسەتەنگی، کرانەوەی قوڕگ، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، سینگ ئێشە، نەمانی هەستی بۆن، ئازاری ماسوولکە، تێکچوونی خەو، سکچوون، ڕشانەوە، قەبزی، هەروەها پەستی، یان خەمۆکی. نیشانەکانی کۆڤیدی درێژمەودا لەوانەیە بۆ ماوەی چوار هەفتە پاش تووشبوون بە کۆڤید١٩ بەردەوام بن و، کاریگەریی نەرێنی بکەنە سەر چالاکییە ئاساییەکانی ڕۆژانە و قوتابخانە.



## ــــــۆ گۆڕاوی ئۆمیکرۆن کاریگەرن؟

ئەگەری زیاد بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس و درەنگ چاکبوونەوە کەم دەبێتەوە. کۆمپانیای فایزەر جەختی کردووەتەوە کە بەکارهێنانی کەپسوولی پاکسلۆڤید لە تووشبووانی کۆڤیددا، ئەگەری خەواندن لە نەخۆشخانە و ئەگەری ئالۆزییەکان و مردن تا ڕێژەی ٨٩٪ کەم دەکاتەوە.








# بۆکس ئەندرۆیدێک بە تایبەتمەندی ناوازەوە

بۆکس ئەندرۆید یا Android TV Box ئەو ئامێرانەن کە شوێنی تەواوی تەلەڤزیۆنی زیرەکیان گرتۆتەوە. ئەو تەلەڤزیۆنانەی کە زیرەك نین و تایبەتمەندییەکانیان کەمن دەتوانن بۆکس ئەندرۆید بەکار بێنن.

بۆکس ئەندرۆیدی X10 لە ریزی نوێترین بۆکسەکان دێت، کە سیستەم ئەندرۆیدی ١١ی لەسەرە. لەگەڵ گشت پرۆگرام و یارییەکان دەگونجێت. تەنکۆڵەیەکی بەهێزی تێدایە کە پشتیوانی لە یەکەی لێکدەرەوەی چوار ناوەکی دەکا.

رامەکەی ٤ گیگابایتە، کە ئەمە گەورەترین رامە لە ئەندرۆیدبۆکسەکاندا. بەهۆی ئەو رامەوە لەکاتی سەیرکردنی فیلمەکاندا وەستانی نییە. هەروەها دەکرێت میمۆریەکەی تا ٣٢ گیگابایت زیاد بکرێ.

سیستەمی WiFi دوو باندەی هەیە. هەروەها سیستەمی بلوتوسی ٤ی تێدایە و دەکرێت ماوس و کیبۆردی پێوە پەیوەند بدرێت.




# گەلاکسی فلیپ لەریزی باشترینەکانی گۆڤاری تایم

گۆڤاری تایم (Time) هەموو ساڵێك بۆ زۆربەی شتەکان هەڵبژاردن دەکا و دەستەبژێرەکانیان هەڵدەبژێرێ، تەنانەت بۆ مرۆڤەکانیش و بە ژمارەی ١٠٠ ریزبەندیان دەکا، وەك سەد ئامێر، سەد کەسایەتی، سەد فیلم..تاد.

ئەمساڵ لە ریزی سەد ئامێری پێشکەوتوو، مۆبایلی سامسۆنگی جۆری galaxy flip 3 5g لە ریزی یەکەمەکاندایە.

مۆبایلی ناوبراو لە ریزی ئەو مۆبایلانە دێ کە دەنووشتێنەوە، لەبری شاشەیەکی بچووك و تەختەی دوگمەی فیزیکی، تەنیاشاشەیەکی جۆری ٦,٧ ئینجی سەرنج راکێشە و شاشەیەکی دیکەش لە پێشەوەی داندراوە. هەربۆیە لەکاتی نووشتانەوەشیدا دەکرێ کورتەپەیامەکان بخوینیەوەو وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە.

بەکارهێنەرانی مۆبایلی galaxy flip 3 5g دەتوانن بەهۆی بڵندگۆکانیەوە کە پشتیوانی لە سیستەمی Dolby Atums دەکات و هەروەها بە شاشەی Dynamic Amoled 2x بەجۆرێك چێژ لە مۆبایل وەربگرن کە پێشووتر لە هیچ مۆبایلێکی دیکەدا ئەزمونیان نەکردووە.



# تەختەیەکی دیجیتالی بۆ ئەرکی گرافیک

بۆردی تایبەت بە گرافیك زۆر لەمێژ نییە لە تەكنەلۆژیای نوێدا بۆتە باو. پێشووتر هەموو ئەرك و كارێك بە كیبۆرد و ماوس ئەنجامدەدرا. بەڵام ئەوانەی كاری گرافیك و دیزاین دەكەن دەزانن تەختەی گرافیك چ ئاسانكارییەكیان بۆ دەكا.

تەختەی گرافیكی جۆری inspiroy Keydial KD200 یەكێكە لەو بۆردانە. تەختەیەكی دیجیتالییە، بە سیستەمی وایەرلەیس لەگەڵ كۆمپیوتەر و مۆبایل پەیوەند دەدرێ. جیاوازی ئەو تەختەیە لەگەڵ تەختەكانی دیكە لەوە دایە كە زۆربەی ئەو دوگمانەی كە تایبەتن بە كاری گرافیك هەر لەسەر خودی تەختەكە هەن. ئەم تەختەیە چەند خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە، وەك خەڵاتی خاڵی زێڕین لە تایوان، خەڵاتی دیزاینی باش لە ژاپۆن و ئەستێرەی سوور لە چین.

تێكەڵ بوونی قەڵەمی تایبەت بە گرافیك و بۆردی گرافیكی و كیبۆرد و كۆنترۆڵی ژمارەیی وای كردووە ستۆدیۆییەكی تەواو بە كارایی باشەوە بۆ بەكارهێنەران دروست ببێ. پێنووسە گرافیكیەكەی پێویست بە باتری و شەحنكردنەوە نییە. بۆردەكە لەكاتی كاردا وەك كاغەزێكی ئاسایی دەچێت، بەكارهێنەر هیچ هەست بەوە ناكات كە بە بۆرد كار دەكا بەڵكو وەك كاغەز وایە.



# سندوقە ڕەشەی زەوی دروست دەکرێ

هەمووما‌ن سندوقە ڕەشەی فڕۆكەمان بیستووە، ئەو بۆكسەی كە لە ڕاستیدا ڕەنگی پرتەقاڵییە و ڕەش نییە و دوای ڕوودانی كارەساتی فڕۆكە گشت ئەو زانیاریانەی تێدا تۆماركراوە كە بەر لە ڕوودانەكە ڕوویانداوە، وەك كێشەی تەكنیكی فڕۆكەكە، دوا قسە و وتەكانی فڕۆكەوانان...

بڕیار وایە هاوشێوەی سندوقە ڕەشی فڕۆكە، سندوقە ڕەشی گۆی زەویش دروست بكرێ و گشت ئەو زانیاریانەی لە زەویدا ڕوو دەدەن لەودا تۆمار بكرێن، بۆ ئەوەی نەوەكانی داهاتوو بزانن چ لە زەوی ڕوویداوە.

ئەم سندوقە لە پۆڵاییەكی زۆر بەهێز دروست دەكرێ، لە دورگەی «تاسمانی» لە ئوسترالیا دابندرێ. سندوقەكە كە بە قەد پاسێك دەبێت و بە ڕواڵەتیش شێوەی وەك پاسێك دەچێت. ئەم سندوقە بە بارستایی ٧,٥ بە پۆڵا داپۆشراوە تا لە ئاست كارەساتە سروشتییەكان خۆراگر بێ. كاتێك سندقەكە چالاك بێ، پڕ دەبێت لە هارد درایڤ و داتاگەی بەهێز كە گشت ئەو داتانەی لە زەویدا ڕوو دەدەن لەخۆیدا تۆمار دەكات.

لەو بۆكسەدا، كەش و هەوا، داتاكانی بە ئەسید بوونی زەریاكان، داتاكانی سوود وەرگرتن لە زەوی، بودجەی هێزەكان، وزەی بەكارهاتوو و ڕێژەی دانیشتوانی زەوی. هەروەها مانشێتی گرنگترین هەواڵەكان.....تاد.



## تایبەتمەند

هـواوی لـە ماوەیەكـی كەمـدا خـۆی گەیانـدە ریـزی كۆمپانیـا مەزنەكانـی بەرهەمهێنـی تەكنەلۆژیـای دیجیتالـی نـوێ، ئێسـتا بەبـێ هیـچ ریـكلام و پروپاگەندەیـەك بـە دوای ئەپـل و سامسـۆنگ لـە ریـزی یەكەمـەكان دێـت.

لـەم ماوەیـەدا مەچەكبەندێكی زیرەكی Amazfit X بەرهـەم هێنـاوە. مەچەكبەندێـك كـە دیزانێكـی نـاوازەی هەیـە و شاشـەكەی لـە جۆری OLEDیـە.

ئـەوەی لـە دیزاینەكەیـدا سـەرنجی بینـەر رادەكێشـێ، چەماوەكەیەتـی. شاشـەیەكی ٢ ئینجی

## سپیکەرێک بۆ ناو قووڵایی دەریا



بـاران دەبـارێ، دەچی بۆ مەلە و سـەیرانگاكان، لەنـاو دەریادا گـوێ لە گۆرانی و مۆسـیقا دەگری، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڵندگـۆی بلوتوسـی جـۆری EBODA لەریـزی باشـەكان دێـت. بچـووك و دەنـگ بـەرز، دیزانێكـی نـاوازە، دژە تەڕبـوون. وەك ئـەوە دەچێـت كـە لەنـاو دەریادا ستریۆیەكی بچووكت لەگەڵ بێ.

لەگـەڵ هەمـوو كـەش و هەوایـەك دەگونجێت، لەناو قور و ڕەمڵدا و هەروەها لەناو بەفر و باراندا. دەكرێت لەگەڵ خۆت بیبەی بۆ حەمام و ساونا.

گلۆپـی LED تێدایە كە لەگـەڵ گۆرانییەكە دەكەوێتە جوڵە و ڕەنگەكان دەگۆڕێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم لـەو لاپـەڕە PDFانـەی كـە لـە ئینتەرنێت دایاندەبەزێنم، (Watermark) واتە ئەو لۆگۆ و دەقانـەی بـە كاڵـی لـە پشتەوەی بابەتەكەدان بسڕمەوە؟**

خوێنـەری بەڕێـز بۆ سـڕینەوەی (Water-mark) زۆر شـێواز هەیـە. هـەم بـە شـێوەی پرۆگـرام و هـەم لـەو ماڵپـەڕانـەی كـە بـۆ ئـەم مەبەستە داندراون.

پرۆگرامـی SysTools یەكێـك لـەو پرۆگرامانەیـە. جگـە لەوەش لـە ماڵپەڕی pd-f2everything دەتوانی سوود وەربگری، ئەم ماڵپـەڕە تایبەتـە بە دەسـتكاریكردنی فایلەكانی PDF و دەتوانی ئەوەی مەبەسـتە سـەبارەت بە فایلەكان لەو ماڵپەڕەدا بە ئاسـانی و بە كلیكێك ئەنجامی بدەی.

## پرۆگرامێک بۆ زانیاری لەبارەی مۆبایلەکەت

مۆبایلێكـت هەیـە نازانـێ تایبەتمەندییەكانـی چییـە! نازانـی هـی چ وڵاتێكە! یان نازانـی ئایا ئەو مۆبایلە ئەسـڵییە یان عادی. ئەگەر بتهەوێ گشـت زانیارییەك لەبارەی مۆبایلەوە بزانی ئەوە ئەپ یا پرۆگرامی CPU-Z Premium لەسەر مۆبایلەكەت دابەزێنە.

ئەگەر حەز دەكەی زانیاری لەبارەی ڕوون و گەشی شاشەی مۆبایل، زانیاری لەبارەی CPU واتە دڵی مۆبایل، كامێرا، باتری، ڕام و ڤێرژنی سیستەم و...تاد بزانی لەو پرۆگرامەدا هەیە. زۆرجار هەیە ئەو شوێنانەی مۆبایل دەفرۆشن، مۆبایلێكی عادی بە نرخی ئەسڵی دەفرۆشن، بەهۆی ئاپی ناوبراو بە ئاسانی دەتوانی جیاوازی بكەی لە نێوان مۆبایلێكی عادی و هی ئەسڵی. بەشێك لەتایبەتمەندییەكانی پرۆگرامەكە ئەوانەن:

نیشـاندانی زانیـاری بـە شـێوەی دروست: مۆدێل و نـاوی بازرگانـی، ڕوونـی شاشـە، ڕام و ڤێرژنـی ئەندرۆید.

نیشاندانی زانیاری گشتی باتری: ڕێژەی شەحن، كێشەی باتری، پلەی گەرمی.

زانیـاری لەبـارەی كامێراكانـی پشـتەو و پێشـەوە: كوالیتـی، ڕوونـی و گەشـی وێنـە، فرێـم لـە فیلمدا.





## دییەکانی مەچەکبەندی زیرەکی هواوی

چەماوە. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە نە تەنیا شاشەکە چەماوەیە، بەڵکو باترییەکەشی چەماوەیە.

مەچەکبەندەکە هیچ دوگمەیەکی تێدا نییە. تەنیا دوگمەیەکی شاراوە هەیە کە بەکارهێنەر هەستی پێناکا.

وەك زۆربەی مەچەکبەندە سمارتەکان، کۆنترۆڵی وەزعیەتی تەندروستی و چالاکی وەرزشی تێدایە. چاودێری ٢٤ کاتژمێری دڵ. هەستەوەری سەرووی سوور وا دەکات رێژەی ئۆکسیژینی ناوخوێن بپێوێ. رێژەی سترێس و دڵەراوکێ دیاری دەکا. هەروەها چاودێری وردی خەو دەکا. سیستەمی GPS تێدایە. لە قوڵایی ٥٠ مەتر ژێر ئاو کێشەی بۆ نایەتە پێش.

لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ.

## درۆنێک هاوشێوەی دەفرە فڕیوەکان

درۆنەکان لەم سەردەمەدا گرنگییەکی زۆریان هەیە، دەکرێت لە بوارەکانی پزیشکی، گواستنەوە و گەیاندن، فیلم و سینەما و هەروەها لە بواری سیخوڕی و دزە کردن سوودیان لێوەربگیردرێت.

لە راستیدا درۆنەکان لەسەرەتادا بۆ هەڵگرتنەوەی فیلمی سینەمایی بەرهەمهاتن، بەڵام دواتر لە بواری سوپایدا سوودی زیاتریان لێوەرگیرا و بوون بەیەکێك لە ئامرازە مەترسیدارەکان و شوێنی فرۆکەی گرتەوە.

دیزاینی درۆنەکان زۆر وەك یەك دەچێت، گەرچی تواناییان جیاوازە. جۆرێکی دیکە لە درۆن هەن کە کارکردیان وەك هەموو درۆنێکە، بەڵام دیزاینەکەیان سەرنج راکێشە، ئەم جۆرە درۆنانە لەسەر شێوەی دەفرە فڕیوەکان دیزاین کراون.

درۆنی جۆری UDI RC U845 لە ریزی ئەو جۆرە درۆنانە دێت. درۆنی ناوبراو بە یارمەتی و سوود وەرگرتن لە ٦ ژیروسکوپ دەتوانێت بە هەموو لایەکدا بڕوات. لەگەڵ خۆیدا باترییەکی زیادیشی لەسەرە کە کاتی فڕینەکە دوو قات زیاتر دەکا. بە ئاسانی لە رێگای USB بارگاوی دەکرێتەوە. لەکاتی دابەزینی باتریش ئۆتۆماتیکی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

دەتوانی بە جۆرێکی لێبکرێ کە بەدوای بەکارهێنەرەکەیدا بڕوات. ئەوکاتەی کە هەست بە مەترسی دەکرێ زەنگێك بۆ بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکات و هۆشیاری دەکاتەوەکە پێویستە بیگەڕێنێتەوە. بەهۆی ئەوەی شەش پەڕەی هەیە دەکرێت بە ویستی خۆت بە هەموو لایەکدا بسوڕێتەوە.





### ماڵپەڕێک بۆ دەرهێنانی دەقی کوردی لە وێنە

هەموو جارێ بۆ ناساندنی ماڵپەڕەکان، باسی ماڵپەڕێکی بیانیمان کردووە، بەڵام ئەم جارە ماڵپەڕێکی خۆماڵیتان پێدەناسێنین کە هەم بە سوودە و هەم خوێنەر و نووسەری کورد دەتوانی سوودی زۆری لێ ببینێ.

ماڵپەڕی https://www.zhir.io/ کە لەلایەن چەند گەنجێکی کوردەوە دروستکراوە، خزمەتگوزارییەکی گرنگی تێدایە. ئەویش دەرهێنانی دەقی کوردییە لە وێنە و فایلە PDFەکان. نە تەنیا دەقی کوردی، بەڵکو دەقی ئینگلیزی و فەرەنسی و فارسی و عەرەبیشی تێدایە.. خزمەتگوازرییە بەخۆڕایی نییە، بەڵام ئەوەندە هەرزانە لە پەنای خۆڕایی دایە.. دەستخۆشی بۆ ئەوانەی ماڵپەڕەکەیان دروستکردووە.



# ڕەنگە هەڵبژێردراوەکان بۆ لێو لە زستان

ڕەنگی لێو لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دی جیاوازی و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ڕەنگی لێو گرنگترین بەشەکانی ماکیاژی ڕوخسارە، بەو پێیەی کە لە ناوەڕاستی ڕوخساردایە و زیاتر چاوی دەکەوێتە سەر، پسپۆڕی جوانکاریی ئەڵمانی (ڕێنیە کۆگ) دەڵێ : واچاکترە لێوت لە سەرما بپارێزیت لەوەی چارەسەری بکەیت، بۆ پاراستنی لێوت لە سەرما، پێویستە کرێمی شێدارکردن بەکار بهێنیت، ئەو ڕەنگانەش کە بۆ لێوەکان لەو وەرزەدا باون، بریتین لە: سوور، قاوەیی، بەرگندی، سەوزی تێر، ڕەش و پەمەیی، بەڵام ئەو ڕەنگانەی لەو وەرزەدا بەکاردێن وا باشترە بریتیبن لە ڕەنگە تۆخەکان، بە تایبەت قاوەیی تۆخی بریقەدار، سووری تۆخ، سووری کلاسیك، هەروەها ڕەنگی پەمەیی کاڵ و تۆخ، ئەگەر بۆ کەشی دەرەوە بێت، پێویستە پەمەیی تۆخ بەکار بهێنیت، ئەگەر بۆ شوێنی داخراو و هۆڵ بێت، دەبێ ڕەنگی پەمەیی کاڵ بەکار بهێنیت، بۆ ئەوانەی حەز بە ڕەنگی سوور دەکەن، دەتوانن ڕەنگی سووری فراولە (شلك)هەڵبژێرن.




# خەنە و نەخشی سپی بۆ ڕازاندنەوەی دەست و مەچەک

خەنە و نەخشی سەر دەست، مۆدێکی باوە لەسەر دەست و مەچەکی خانمان، بە تایبەت لە بۆنەو یادەکاندا، ئەوانەی حەز بە خەنە و نەخش و نیگاری دەستیان دەکەن، پێویستە پێش وەختە خۆیان بۆ ئەو کارە ئامادە کردبێت، جاران نەخشی خەنەی سوور و ڕەش هەبوون، بەڵام لە ئێستادا خەنە و نەخشی سپی دەرکەوتووە، کە مۆدێکی ناسك و قەشەنگی هەیە، ڕەنگی خەنە و بۆیەی سپی بۆ نەخشی سەر دەست و قۆڵ و مەچەك و هەندێ جاریش لامل و بەرۆك جوانییەك سەرنجڕاکێشی هەیە، دەست ڕەنگینی لە خەنە و نەخشی سپیدا مانای جوانی و کارامەییتە، ئەو نەخشە بۆ دەرچوون و ئاهەنگ و بۆنە و یادەکان باوە، هەروەها بۆ کاتی گەشتکردنیش مۆدێکی جوانی دەبێت. چەندین شێوەی جۆراوجۆری نەخش و نیگارەکانی سەر دەست و مەچەك هەن، باوترینیان بریتییە لە: نەخشی دار و درەخت، ئەستێرە و مانگ، زەخرەفەی کۆن و کلاسیك، گوڵ و گوڵزار، باڵندە و گیانداری بچووك و خشۆك، هەموو ئەوانە لە بەشی سەرەوەی سەر دەست دەدرێت. دەربارەی شێوەکانی دیکەی نەخش، بەپێی خواست و ویستی خۆت دەتوانیت یەکێکیان هەڵبژێریت، نەخش و نیگاری خەنەی سپی، دەکرێت لە دەست و قۆڵ و قاچەکانیش بدرێت، چونکە ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشە و، لەسەر هەر شوێنێکی جەستە بێت ناسك و ڕازاوەتری دەکات.



# ڕێگاکەنی دیکەی بەکارهێنانی سیشوار (مجففە)

خانمان هەمیشە بۆ وشککردنەوەی قژیان پەنا دەبەنە بەر ئامێری سیشوار، کە ئەویش بە هۆی هەوا گەرم و بەتینەکەیەوە قژ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وشك دەکاتەوە، بەڵام گەرمیی ئەو ئامێرە زیانی بۆ قژ و پێستی سەر هەیە، کەچی لە ڕاستیدا ئامێری وشککردنەوە لە زۆر بواری دیکە بەکاردێت، لەوانە: کاتێك نینۆکت بۆیە دەکەیت، دەتوانیت بە هەوای مجففە وشکیان بکەیتەوە، نەوەك دەمت ماندوو بکەیت و فووی لێ بکەی، سوودێکی دیکە بۆ لەپێکردنی پانتۆڵ و جینزی تەسك، بە تایبەت لەو کاتەی جلەکەت شۆردراوە، یان لە شوێنێکی سارددا داتناوە، دەتوانیت بە سشوار جلەکە گەرم بکەیت تا زیاتر و بە ئاسانی بکشێت، دەتوانیت بۆ کەویکردنیش بەکاری بهێنیت، کاتێك جلێکی ئوتوونەکراوت هەیە، دەتوانیت جلەکەت لە شوێنێك دابنێیت، پاشان بە مجففە ئوتۆوی بکەیت، هەروەها دەتوانیت بۆ کرانەوەی تەسکیی پێڵاو و گۆرەوەی بەکاری بهێنیت، کە ئەوەش کارێکی قورست بۆ ئاسان دەکات، دەتوانیت بۆ لێکردنەوەی لەزگە و پارچە کاغەزی چەسپێندراو بەکاری بهێنیت، لە دوای موولێکردنەوە کە ئاسەواری شەمع بە شوێنەکەوە دەمێنێتەوە، لە بری ئەوەی کەرەستەیەکی تیژ و ڕەق بەکاربهێنیت، دەتوانیت بە هەهەوای سشوار گەرمی بکەیت تا خاوو نەرم دەبێتەوە، پاشان لێی بکەیتەوە.




# کچێکی هیندستان
# تاج و نازناوی شاجوانی گەردوونی پێ بەخشرا

دوای کێبڕکێیەکی بەتین لە نێوان شاجوانی ٨٠ وڵاتدا، دواجار کچە هیندستانی (هارناز ساندۆ) تاجی شاجوانی جیهانی لەسەر نا، پێشبڕکێی ئەمساڵ لە شاری ئیلات لە وڵاتی ئیسرائیل بە بەشداری نوێنەری شاجوانی (٨٠) وڵاتانی جیهان، کە شاجوانی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ ئیسرائیل بەشداری ڕێورەسمەکەیان نەکرد، تەنیا شاجوانی وڵاتی ئیمارات و مەغریب بەشداربوون، نازناوی شاجوانی جیهانی ئەوجارە بە کچە هیندستانییەك بەخشرا، کە تەمەنی کە لەدایکبووی ساڵی ٣-٣-٢٠٠٠ درێژی باڵای ١٧٦ سەنتیمەترە، خەڵکی شاری گورداسپۆرە لە هیندستان، لە پێشوودا کاری مۆدێلی دەکرد، دواتر بەشداریی لە شاجوانی وڵاتەکەی و شاجوانی جیهاندا کرد، هەرچەندە بەر لە بەڕێوەچوونی پێشبڕکێیەکە شاجوانی تازە تووشی کۆرۆنا بووبوو، بەڵام دوای چارەسەری توانی بەشداری بکات و نازناوەکەش بباتەوە، هەر یەکە لە (نادیا فێرێریا) لە وڵاتی پاراگوای بە هاوەڵی یەکەم و (لالێلا مسوانی) شاجوانی باشووری ئەفریقیا بە هاوەڵی دووەمی شاجوانی جیهان هەڵبژێردران.

# ئۆتۆمبێل وەستان لە بەرزایی

ساڵانە فیستیڤاڵێك بە ناوی نمایشی هەڵواسینی ئۆتۆمبێل دەکرێت، کە بەهۆی دانانی سکەبەندێکی ئاسنینی بەرزەوە و لە شێوەی نیمچە بازنەیی دانراودا نمایشەکە بەڕێوە دەچێت، بە جۆرێك کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە سەرکەوتوون بە هەڵواسراوی نمایش دەکرێن، بیرۆکەی ئەو جۆرە نمایشە لەلایەن کەسێکی بەریتانی بەناوی (جێری جۆدا)وەیە، فیستیڤاڵەکەش بە ناوی (جوودوود)ەی ئۆتۆمبێلە خێراکانە، هەموو ساڵێك لە شاری (ساسکس)ی بەریتانی دەکرێت، دواجار نمایشی بەرزکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ (٢٦) مەتر ئەنجام درا، کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری مەرسیدیس بێنز توانی ئەو بەرزاییە ببڕێت کە بۆی دیاری کراوە، شوێنی پێشبڕکێیەکە لە زەویەوە بەرەو ئاسمانە بە گۆشەی (٩٠) پلە یە، لەو فیستیڤاڵەدا (١٢٠) ئۆتۆمبێل بەشدار دەبن و کامەی زیاتر بەرز بێتەوە خەڵاتی فیستیڤاڵەکە وەردەگرێت.









# فیستیڤاڵی سەری ساڵ

ساڵانە بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە، چەندین بۆنە لە کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی ڕێك دەخرێن و، چەندین شوێن بۆ یادی سەری ساڵ ئامادە دەکرێن، تا خەڵك بە کۆبوونەوە و وێنەگرتنی یادگاری ئەو شەوە بەڕێ بکەن. ئەمساڵیش هاوشێوەی شارە گەورەکانی جیهان فیستیڤاڵی سەری ساڵ لە هەولێر، لە ئیمپایر ستەیت کراوەتەوە، کە لە (١٢-١٢ تا چەند ڕۆژێك دوای سەری ساڵ بەردەوام دەبێت، فیستیڤاڵەکە شەوانەیە، کە نزیکەی ٥٠ شۆپی بچووك و دووکانی خنجیلانە دانراون، لەگەڵ چەندین شوێن بۆ سێلفی و وێنەگرتن، ئەو شوێنانە تایبەت کراون بە خێزان، کە خواردن و خواردنەوە و جوانکاری و خشڵ و وێنەگرتن لەگەڵ بابانوئیل، شوێنەکیان ڕازاندۆتەوە، خەڵکیش لەگەڵ ئەندامانی خێزانیان سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، ساڵانی پێشوو چەندین شوێنی لەم جۆرە بۆ ئاهەنگی شەوی سەری ساڵ ئامادە دەکران، شەوی سەری ساڵ فیستیڤاڵەکە تایبەت دەکرا بە ئاهەنگگێڕان بۆ دوا ساتەکانی ساڵ، کە بە یاریی ئاگرین و میوزیکەوە کەژاوەی خەڵك لەو شوێنەدا دەگەشایەوە.





## کاریکاتێر

باس لە سەرکەوتنی مرۆڤەکان دەکات بەسەر ڤایرۆسەکاندا، لەو کاتەی ڤایرۆسەکە لە توورەییەکی زۆردایە و دەیەوێت کاریگەریی هەبێت بەسەر دەوروبەرەکەیەوە.

## نوکتە

کەسێك بە هاوڕێکەی دەڵێت: چۆن فێری مامەڵەکردن ببم، واتە ئەگەر شتێك بکرم بۆم دابشکێنین؟
هاوڕێکەشی دەڵێت: خاوەنەکەی چەندی گوت تۆ نیوەی پێ بدە!
کابرای مامەڵەچی دەچێتە دوکانێك، هەر شتێك داوا دەکات و، هەرچی پێ دەڵێن نیو پارەی پێ دەدات.
خاوەن دوکانەش تووڕە دەبێ و دەڵێت: کاکە بڕۆ با دوو شەقت لێ نەدەم!
کابراش دەڵێت: ئەی نابێ یەك شەق بێت!

## بۆ زانیاریت




# ئامێری وەرزشی بۆ ئەشکەنجەدانی بەندکراوان

لە بنەڕەتدا ئامێری وەرزشی لەلایەن ئەندازیارێك بەناوی ولیام کوبیت داهێنرا، ئەندازیارەکە هەستی بەوە کرد کە بەندکراوەکانی بەندیخانەی بۆری سانت ئیدمۆندز لە بەریتانیا هیچ شتێکی بەسوود ئەنجام نادەن و هەر دەخەوتن، بۆیە پێشنیاری کرد بیانخاتە کارەوە و هێزی جەستەیان بەکاربهێنێت، ئەو ئامێرە کە ولیام کوبیت دایهێنا، پێکهاتبوو لە چەند پارچە لاکێشەیەکی ستوونیی جێگیرکراو، لەسەر بازنەیەکی سوڕاوی هاوشێوەی تایە. ولیام داوای لە بەندکراوەکان کرد کە پێ بنێن بەسەر ئەو لاکێشە تەختانەدا وەك ئەوەی بەسەر پلیکانەدا «پەیژە» دەڕۆن. لە ماوەی یەك ڕۆژدا بەندکراوەکان بۆ زیاتر لە ٦ کاتژمێر کاریان کرد، واتا بەندکراوەکان ١,٥ بۆ ٤ کیلۆمەتر بەسەر چیادا هەڵگەران. ئەو ئامێرانە بەکاردەهێنران بۆ هەڵدانی ئاو، یان گۆڕینەوەی هەوای کانگاکان و تا سەدەی نۆزدەیەمیش بەکار دەهات، دواتر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەندازیاری میکانیکیی ولیام ستاوپ، لەسەر بیرۆکەی ولیام کوبیت، یەکەم ئامێری ڕێکردنی ماڵەوەی داهێنا و بە نرخێکی گونجاو و هەرزان خستییە بازاڕەوە.

## فیلم

## خۆشنەبوون - The Unforgivable




فیلمێکی دراما و چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە، باس لە ئافرەتێك دەکات بە ناوی (ڕۆت سلاتەر) کە کە تاوانی ئەنجام دابوو، دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد دەبێت، دەیەوێت بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی خۆی، و بگەڕێتەوە کۆمەڵگەکەی جاران، بەڵام کۆمەڵگە لە تاوانەکانی خۆش نابێت و دوچاری کێشە و گرفت دەبێتەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٢) خولەکە، فیلمەکە لە مانگی ١١ی ئەمساڵ بەرهەم هێنراوە، لە ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی نورا ڤینگسشت، لە نواندنی کچە ناوداری هۆلیوود ساندرا بۆلۆك، جۆن بێتای، ئیسایەنگ فرانسۆیس، ڤیۆلا دەیڤس.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بە تەواوی هەست بە ئاسودەیی دەکەیت بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەیت، دەرفەتەکان بەکار بهێنە بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی نوێ دروست بکەیت، لەلایەنی پیشەیەوە سوود لە بیرۆکەی کەسانی دیکە وەربگرە و تەواوی پلانەکانت بە ئەنجام بگەیەنە، لە شکست مەترسە، هەر شتێك کە زەحمەت دەردەکەوێت، توانای ئەوەت هەیە پێی بگەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەنگاوی جددی بۆ داهاتووت بنێ، مەهێڵە کەس دەستکاری ژیانت بکات، واز لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی نەرێنی بهێنە، ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە دڵخۆش بیت، هەروەها کار بکە بۆئەوەی سەرنجت لەسەر ئامانجەکانت زیاد بکەیت و ئەنجامی باشت هەبێت، چونکە خەریکە لە ڕێگە سەرەکییەکەت لا دەدەیت و خۆت بە کاری دیکەوە سەرقاڵ دەکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ وادەرناکەوێت بە هەر شتێك بگەیت کە دەتەوێت، بەڵام ڕێگە مەدە ئەمە کاریگەریت لەسەر دروست بکات، ئەگەر بە شێوەیەکی دڵسۆزانە بەردەوام بیت، جارێکی دیکە تامی سەرکەوتن دەکەیتەوە، سترێس مەترسیی بۆ سەر تەندروستیت هەیە، خۆتی لێ بەدوور بگرە، هاوسەنگییەك لە نێوان چالاکییەکانت و پشو وەرگرتنتدا ڕابگرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئەگەر لە ژیانی تایبەتیتدا بارودۆخەکەت پێ باش نەبوو، پێویستە بوەستیت و ڕووبەڕووی گرفتەکان ببیتەوە، هەروەها گرنگە چەند بڕیارێکی سەخت بدەیت بۆ ئەوەی کۆتایی بە گرفتەکان بهێنیت، هەندێك ئامۆگاریی گرنگ دەکرێیت لە لایەن کەسانی دیکەوە و پاڵپشتیت دەکەن،بە وردی گوێیان لێ بگرە و بزانە تا چەند لە بەرژەوەدیتدان.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەگەر دەتەوێت ڕوبەڕوی گرفتەکان ببیتەوە، پێویستە لە چەندین ڕووەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، پێش هەموو شتێك بیرکرنەوەت بگۆڕە و دواتریش گۆڕانکاری لە هەوڵەکانتدا بکە، چونکە پێویستت بە هەوڵی جددی تر و باشتر هەیە، پشوویەك وەربگرە و بۆ ماوەیەك لە بەرپرسیارێتییەکان دووربکەوەرەوە، تا لە بڕیاردانەدا دوودڵ نەبیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە لە ژیانی تایبەتیتدا بکەویتە دۆخێکی کەمێك سەختەوە، لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە چارەسەری گرفتەکان ئاسان نەبێت، بەڵام هەموو شتێك باش دەبێت ئەگەر خۆت نەشڵەژێنیت و بە ئاسانی لە گرفتەکان بڕوانیت، لە ڕووی تەندروستییەوە ئەمڕۆ تەندروستییەکی باشت هەیە و، پێویستە سوود لە وزە و تواناکانت وەر بگریت.


# پیشانگای خۆراک


زۆر جار لە پیشانگاکاندا هەندێك وێنە و پەیکەر و کەرەستە لەلایەن وێنەکێش و پەیکەرتاشەکانەوە دروست دەکرێن کە تەنیا بۆ نمایشە، بەڵام دواجار لە پیشانگاکاندا ئەو کەرەستانەی دانراون دەکرێت نۆش بکرێن. بیرۆکەی کارەکە لەلایەن وێنەگرێکەوە بە ناوی (ماگا سمیند) و ئامادەکاری خواردن (کیم مۆریە) لە وڵاتی فەڕەنسا هاتووەتە ئاراوە، کە سەیرترین پیشانگای پەیکەر و کەرەستەیان کردەوە، کە چەندین پەیکەر و وێنە و تابلۆیان ئامادە کردووە و، زۆربەشیان مانادار و گوزارشت لە بەرهەمێك دەکەن، دوای ئەوەی نمایش دەکرێن، لە کۆتایی پیشانگاکەدا میوانان و ئامادەبووان دەتوانن ئەو کەرەستە و تابلۆ نمایشکراوانە بکەن بە ژەمێکی شیرینی و خواردن و نۆشی بکەن.





## پەند و وتە

هێنری باربۆس، ڕۆماننووس و ئەندامی پارتی کۆمنیستی فەڕەنسا لە ساڵی ١٨٧٣ لە شاری سور سێن لە فەڕەنسا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٥ لە مۆسکۆی ڕووسیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بینینی شتەکان لەسەر وێنەی ڕاستەقینەی خۆی دەڵێت: کاتێك دەتەوێت گرنگی بە شتێك، یان کەسێك بدەیت، هەمیشە شتەکان بە جوانی و دروستی نابینیت، بەڵکو قەبارە و وێنایەکی گەورەتری بۆ دادەنێیت، هەروەها زۆر بە وردی سەیری دەوروبەر و شتەکانیش دەکەیت.



## یاری وێنە

ئەم وێنەیە بە جۆرێك گیراوە کە خانوویەکی خوار و لار دەرکەوتووە، کەچی خانووەکە هیچ کێشەیەکی نییە، تۆش هەوڵ بدە ڕاست و دروستیی وێنەگرتنەکە بزانیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەگەر لە هاوڕێکانت ناکۆکیت هەیە، دەتوانیت هەندێك کات تەرخان بکەیت بۆئەوەی لە دڵەوە وشەکانی ناختان بۆ یەکتری باس بکەن و بگەن بە ئەنجام، دەتەوێت کار لەسەر هەندێك پرۆژەی گرنگ بکەیت، لەبیرت بێت هەندێك کات پلانەکان بەو شێوەیە نین کە دەتەوێت، هەربۆیە پێویستت بە خۆڕاگری هەیە وەدەبێ کارەکانت بەپێی ڕیزبەند ئەنجام بدەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ژیانی تایبەتیتدا کەمێك هەست بە بێزاری دەکەیت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە ڕۆتینی کاری ڕۆژانەت زۆر دووبارە دەبێتەوە و بەردەوام بە یەك شێواز دەژیت، کەسانێکی زۆر دەبینیت و بیرۆکەی نوێیان لێ وەردەگریت، کە پاڵپشتیت دەکەن لە کاتی هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن، تۆش سوود لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیان وەربگرە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ژیانی تایبەتیت بە تەواوی دوریت لە کێشە و لە کۆتاییدا دەتوانیت پشوو وەربگریت و هەناسەیەك بە ئارامی هەڵبمژیت، بە شێوەیەکی باش مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت لەلایەن هاوڕێ و خۆشەویست و خێزانەکەتەوە، لە ڕووی پیشەییەوە ئێستا کاتی ئەوە نییە دەست بە پرۆژەی زۆر بکەیت، تەنیا یەك پرۆژە هەڵبژێرە و تەواوی سەرنجت لەلای ئەوەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە شتەکان زۆر باش بەڕێوە ناچن، ڕێگە مەدە ئەمە بتترسێنێت، ئەم قۆناغانە دێن و تێدەپەڕن، لە ژیانی تایبەتیتدا پێویستت بە جووڵەیەکی جیاواز و گۆڕانکاریی گەورە هەیە، خەریکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت کاڵ دەبنەوە، هەوڵ بدە دووبارە لەگەڵ دەوروبەرەکەت پەیوەندی دروستبکەیتەوە، بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سادەیی.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە وا هەست بکەیت کە شتەکان بە تەواوی جێی خۆیان نەگرتووە و پێویستت بە گۆڕانکاری هەیە، ئەم ماوەیە بیر لەوە مەکەرەوە ئەو گرفتانە چییە کە ڕووبەڕووت بووەتەوە، چونکە لە ئێستادا تەنیا پێویستت بەوەهەیە کە بیر لە شتە ئەرێنییەکان بکەیتەوە و دەرونت ئارام بکەیتەوە، دواتر دەتوانیت پلانی نوێت هەبێت

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لەگەڵ کەسانێکدا ناکۆکیت هەیە و، ڕەنگە لەگەڵ زۆر کەس ناکۆك بیت، دەکرێت ئەو گرژییەی پەیوەندییەکانت یارمەتیت بدات تا تێبگەیت لەوەی کێ بەراستی گرنگیت پێ دەدات، لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت بە باشی بەڕێوە ناچن، بەڵام نیگەران مەبە، چونکە هەر زوو هێزی بیرکردنەوەو بڕیاردانت کۆنترۆڵ دەکەیت و، چارەسەرت بۆ هەمو شتێك هەیە.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly Gulan January 3, 2022 Issue,No.1299

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626